
KURDISTAN


ژن، ژیان، ئازادی
WOMAN LIFE FREEDOM
بەشی: ٢٠
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی
By Hamed Sa

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ٢٠

**بەشێک لە وتــارو نوســراوە و وتــووێژو نووســەران ســەبارەت ڕاپەڕینــی(ژن، ژیــان، ئــازادی) لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.**

**منیش ئەم کۆکراوەیە لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.**
**سپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.**

**کۆی نامیلکەکە ١١٠ لاپەڕەو ٢١ی بابەتن.**

**ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.**

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**



# پێڕست:

١- ساتەوەختی گۆڕانی ئێران: کوردستان لە هێڵی پێشەوە ............ ئالان حەسەنییان وەرگێڕان: ژینۆ ڕۆژبەیان ..... ٥
٢- دیوی کۆمەڵایەتیی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی ئێران ...................................... ئاگری ئیسماعیل نژاد ..... ١١
٣- ژن لە جەستەوە بۆ ڕۆح ........................................................................ شاهۆ حوسێنی ..... ١٩
٤- داڵغەکانی دواڕۆژی ئازادی ..................... باوان کرماشانی ..... و لە فارسییەوە: کاروان مێراوی ..... ٢٧
٥- لە پەراوێزەوە بۆ دەق (ئەرکی مێژوویی نوخبەی سیاسیی کورد) ........................... ڕەزا دانشجوو ..... ٣٠
٦- د. عەباس وەلی: ئێمە ناچینە نێو هاوپەیمانییەک جیاوازییەکانمان بسڕێتەوە و شوناسی ئێمەی تێدا بزر ببێت
................................................................................ دیمانە: عەلی لەیلاخ ..... ٣٤
٧- شۆڕشی ژینا، بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش ................................................ بێهزاد خۆشحاڵی ..... ٤١
٨- چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو، ڕەوایە یان ناڕەوا؟ .... عەلی بداغی ..... ٤٦
٩- شۆڕشی ژینا، داڕووخانی کۆلۆنیاڵیزم ................................................... کەریم پەرویزی ..... ٥١
١٠- بۆ دانی وەکالەت، کەس ناچێتەوە نۆفل لۆشاتۆ!! ....................................... سمائل شەرەفی ..... ٥٧
١١- چۆن بزانین ئاخۆ ئێمە شاهیدی شۆڕشێکین لە ئێران؟ ..........................................................
...................................... واشینگتۆن پۆست - چارڵز کوزمەن - وەرگێڕان: کەماڵ حەسەن پوور ..... ٥٩
١٢- ڕەگە مێژووییەکانی "شۆڕشی ژینا" (ژن، ژیان، ئازادی) .............................. ئەردەڵان فەرەجی ..... ٦٣
١٣- شۆڕشی ژینا تەنیا سەرکەوتن دەناسێت ....................................................... شێخ جەماڵ ..... ٧١
١٤- کوردستان لە شۆڕشی ژینادا و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ئێران ..... فەریبا محەممەدی ... ٧٤
١٥- وتووێژی ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" لەگەڵ مستەفا قازیزادە ........ وتووێژ: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە ..... ٧٧
١٦- من گەمژە نیم! بریکاریشم پێویست نییە! ................................................ گۆران ئەمیری ..... ٨٢

١٧- لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامیەوە تا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی! ................................ هاشم ڕۆستەمی ..... ٨٤
١٨- لە شۆڕشی ژینادا هەڵوێستەیەک بۆ ڕامان و تێفکرینی مەعریفی ................................ سمایل شەرەفی ..... ٩٣
١٩- مستەفا مەولوودی: ڕاپەڕین و شۆڕش دژی کۆماری ئیسلامی کۆتایی نایەت هەتا ئەو ڕێژیمە دەڕوات و ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە ...................................................................... دیمانە: شەماڵ تەرغیبی ..... ٩٥
٢٠- سەردەمی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەت لەئێران! ........................................... عبدولڕەحمان گەورکی ..... ١٠٣
٢١- ئورووپا پێویستیی بە ستراتیژییەکی نوێ لە هەمبەر ئێران هەیە ...................... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠٧



# ساتەوەختی گۆڕانی ئێران: کوردستان لە هێڵی پێشەوە




**ئالان حەسەنییان وەرگێڕان: ژینۆ ڕۆژبەیان**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ڕۆڵێک لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئێراندا دەگێڕێت؟ و بۆچی ئەم ئاخێزانە گۆڕانکار دەبن بۆ ئێران؟ پێکهاتن، داواکاری و ئاراستەی ئەم نارەزایەتییەتییانە پیشانی دەدەن کە چۆن پەیوەندی نوێ و ڕوون لە گۆڕانی نێوان کورد و کۆمەڵگەی ئێرانییەکان بە گشتی فۆرمی بە جووڵانەوەی خۆپیشاندانەکان دەدات و دەتوانێت بە شێوازێک بەرەنگاریی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە کە تا ئێستا ڕووی نەداوە.

## دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ئێران

ئەگەر ساڵی ١٩٢٥، کە کاتی دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران بوو، وەک خاڵی دەستپێک دابنێین، دەکرێت بڵێین گرێبەستی کۆمەڵایەتیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ئێران بە ئێفلیجی و لەکارکەوتوویی لەدایک بوو. کۆمەڵگای ئێران هاوشیوەی کۆمەڵگاکانی دیکەی باقی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە هیچکات دیمۆکراسی و ئازادی ڕاستەقینەی ئەزموون نەکردووە. مۆدێرنیتە لەژێر دەسەڵاتی حاکمیەت بەسەریاندا سەپاوە، و شێوەیەکی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی ناسیۆنالیزم بە کۆمەڵگا فرە کەلتوری و فرە ئایینیەکەیاندا سەپاوە. وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ ئەم دۆخە، خەبات بۆ دیمۆکراسی، و گۆڕانی کۆمەڵایەتی - سیاسی بە بەردەوامی لەلایەن کۆمەڵگا و خەڵک لە ئێراندا دەبێتە ڕۆژەڤ.

ئێران وڵاتێکە کە خاوەن ئاخێز و شۆڕشی شکست خواردووی زۆرە، بۆ نموونە شۆڕشی دەستووری، شۆڕشی ١٩٧٩ و جووڵانەوەی سەوز. هەمووی ئەمانە دەکرێن لە ژێر ناوی (شکست خواردوو) جێگە بگرن، چونکە هیچیان نەیانتوانی خواستی خەڵک بۆ وەدیهێنانی دێمۆکراسی و حکومەتی یاسای بەدی بێنن کە بە زۆری لە ئەنجامی سەرکوتی دەوڵەت و لە پەراوێزخستنی هێزە پێشڕەوەکان بووە. هەرچەندە ئەمانە ئەزموونێکی بەنرخی خۆڕاگریان داوە بە گەلانی ئێران.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئارەزوویەکە کە یەک سەدەیە بەردەوامە و خەباتێکە بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی ئێران.
پێداچوونەوەیەک بەم ئاخێزەی ئێستا پێمان دەڵێ کە هێشتا زۆر زووە ئەم خۆپیشاندانانە بە سەرانسەری ناو ببەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەرفراوانن. خەڵک لە شار و پارێزگا گەورەکان وەک تاران، شیراز، ڕەشت، کرماشان، سەقز، ئەهواز، زاهێدان، زابۆل، سنە و زۆر شوێنی دیکە نزیکەی سێ هەفتەیە بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن.

## کاتالیزەر (کارلێکار)ی شۆڕشگێڕانە

بە پێی وتەی دێنیز و. ک. کۆنگ و پ.س. لیم هەموو ئاخێز و شۆڕشێک کارلێکاری هەیە. بۆ نموونە ئەو فرۆشیارەی سەر شەقامەکەی تونس، محمد بوئەزیزی، لە ١٠ دێسامبری ٢٠١٠ بوو بە کاتالیزەری شۆڕشی تونس و بەهاری عەرەبی. کوشتنی بێبەزەییانەی ژینا ئەمینی، کچێکی ٢٢ساڵەی کورد، لە لایەن هێزە ئەمنییە ئێرانییەکان لە ١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢ و دواتر خۆپیشاندانی کوردەکان بوو بە کاتالیزەری ئاخێزی ئێستای کوردستان و ئێران.

ژینا کاتێک لەگەڵ بنەماڵەکەی سەردانی تارانیان کردبوو لە لایەن پۆلیسی ڕەوشتەوە بە بیانووی ئەوەی سەرپۆشەکەی بە ناڕێکی دانابوو وەستێنرا. دواتر دەستبەسەر کرا و بردرایە ناوەندی چاکسازیی ئیسلامیی حکومی و لە کۆتاییدا لە نەخۆشخانە خەوێنرا، بە هۆکاری ئەوەی لە کاتی دەستبەسەرکرانیدا لە لایەن پۆلیسەوە سەری بە قورسی برینداری کرابوو. ژینا چووە ناو کۆما و چەند کاژێر دواتر بڵاو کرایەوە کە گیانی لەدەست داوە.

ڕۆژێک پاش کوژرانی ژینا، سەرەڕای هەڕەشەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەسەر بنەماڵەی ژینا و کۆمەڵگاکەی، هەزاران کەس لە ساتەوەختی ناشتنی تەرمەکەی لە شاری سەقز کۆ بوونەوە. لەسەر کێلی گۆڕەکەی ژینا نووسراوە: (ژینا گیان، تۆ نامری! ناوت دەبێت بە ڕەمز!) و هە زۆر زوو ناوی ژینا بوو بە هێما.

تێکەڵاوییەک لە پەژاری، تووڕەیی و ئارەزووی گۆڕان ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەوی کرد بە نمایشی خۆڕاگری. شینگێڕەکان

سروودی شۆڕشگێڕانەی کوردییان دەخوێندەوە و دروشمی دژی ڕژێمیان دەگوتەوە بۆ نموونە (مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر). ژنانی سەقز بە نیشانەی نارەزایەتی دژی کوشتنی ژینا و وەستانەوە دژی سیاسەتی ڕەگەزی سەرپۆشەکانیان لابرد. خۆپیشاندەران لە سەقز وێنەی ئایەتوڵلا عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای ئێرانیان دڕاند.

دواتر خۆپیشاندانەکانی دژە حکومەت گەیشتە دیواندەرە، شارێکی نزیکی سەقز. ڕۆژی دواتر خەڵک لە سنە، پایتەختی پارێزگاری کوردستان و لە پارێزگا کوردییەکانی دیکە وەک کرماشان و لۆڕستان و ئیلام بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان کرد. دوو مانگرتنی گشتی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوون، یەکیان ڕۆژی ١٩ی سێپتامبر و یەکی دیکەشیان ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبر کە هەر دووکیان لە لایەن هەر پێنج پارێزگا کوردییەکانی ئێرانەوە پاڵپشتیان لێکرا.

خۆپیشاندانەکان بە خێرایی گەیشتە زیاتر لە ٣٠ پارێزگا کە ڕووبەڕووی وڵامێکی بێبەزەییانەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بوونەوە و لانیکەم ٧٥ کەس کوژران و هەزارانی دیکەش بریندار و دەستبەسەر کران. سەرۆک کۆماری ئێران هەڕەشەی کرد کە ئەگەر خۆپیشاندەران دەست لە خۆپیشاندان هەڵنەگرن بە شێوەی (یەکلاییکەرەوە) ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

## ئاخێزی گۆڕانکار

هێشتا دیار نییە کە ئەم خۆپیشاندانانە بەرەو کوێ دەچن یان ڕێژیم چەندە لە سەرکوت کردنییان سەرکەوتوو دەبێت. هەرچەندە هەرچییەک لە داهاتوو ڕوو بدات ئەم ئاخێزە بوو بە ڕووداوێکی دیار کە پەیوەندیی دەوڵەت - کۆمەڵگای لە ئێران دووبارە پێناسە دەکاتەوە و (کۆماری ئیسلامی تا ناوکی دەهەژێنێت). پەیوەندی نێوان ناوەندی فارسی ئێران و پەراوێزە نافارسەکان نموونەیەکە لەم گۆڕانکارییانە.

## ناسیۆنالیزم و فرە ڕەنگی لە ئێران

ئێران وڵاتێکی فرە ڕەنگە کە پێکدێت لە فارسەکان، ئازەرییەکان، کوردەکان، بەلوچەکان، عەرەبەکان، تورکمانەکان و هتد. خەڵکی ئەو وڵاتە بە خەڵکی ناوەند و خەڵکی پەراوێز پۆلێنبەندی دەکرێن. تاقە بنەمای ئەم دابەشکارییە هەڵکەوتەی جوگرافی نییە بەڵکوو پێگەی سیاسی و مافی بڕیاردان، دەستڕاگەیشتن بە سەروەت و سامانەکانیش بنەمایەکی بەهێزی ئەم دابەشکارییەیە.

هەر وەک شارەزایانێک وەک موستەفا وەزیری و ڕەزا ئیبراهیمی پێشانی دەدەن، ناسیۆنالیزمی ئێرانی دابەشکەر و لە ناوەدرخەرە. بۆیە سەبارەت بە شوناس، ئێران لە بنەڕەتەوە کۆمەڵگایەکی پارچە کراوە. هەستی خۆمانی (ئێمە) و (ئەوی دی) زۆر بەهێزە. بەڵام دەوڵەت هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی و گوشارەوە ئەمە بشارێتەوە. برزوو ئیسماعیلی باس لەوە دەکات کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە گەوهەریدا زریقە و بریقەی باڵادەستی فارسەکانە. بە پێچەوانەوی ناسیۆنالیزمی تورکی کە بە شانازییەوە باس لە ڕەسەنایەتی تورکی و باڵادەستی دەکات، ناسیۆنالیزمی ئێرانی فێڵبازە. ئەوەیش تایبەتبوونی فارس کە زاڵبوونی خۆی لە ڕێگەی توندوتیژی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەدەست هێناوە دادەپۆشێت.

لە ئەنجامدا، هەڤگرتنی ناوخۆیی لە کۆمەڵگای ئێراندا بوونی نیە. ئەستەمە نموونەیەک ببینرێت کە چینی باڵادەست (فارس)ی کۆمەڵگای ئێرانی لەگەڵ خەباتی نەتەوە و کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکانی ئێران هەڤگرتن و هاوسۆزییان هەبێت. ئەم ڕێکخستنە هەرچەندە لە بنەڕەتدا ناجێگیرە بەڵام تا ئێستا بۆ دەوڵەت چۆتە سەر: کۆمەڵەکان و گروپە نەتەوەییەکانی ئێران بە شێوازێکی دوور لە یەک خەبات بۆ ئازادی دەکەن. ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر نەبوونی ڕۆحێکی هاوبەش و یەکگرتووی نەتەوەیی لە نێوان کۆمەڵە نەتەوەییەکانی ئێران.

## شێوازێکی نوێ لە هەڤگرتن؟

لەم بەستێنەدا ئەم خۆپیشاندانانە ئاماژە بە هەڵدانەوەی پەڕێکی نوێ، هەم لە بەشداریکردنی خەڵک لە ناوەند و پەراوێزی ئێران و هەم پەیوەندی نێوان ئەو ناوچانە، دەدەن.

ناوچەی ناوەندی ئێران بە تارانیشەوە لە دوای بزووتنەوەی سەوز کە لە ٢٠٠٩ تێکشکا خۆپیشاندانی چڕی دژی دەسەڵاتی ڕژێمی نەبووە - بەتایبەت بە بەراوەرد لەگەڵ ناوچە پەراوێزەکان وەک کوردستان، خوزستان، سیستان و بەلوچێستان.

ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ڕژێمی ئیسلامیدا کە کۆمەڵانی ناوەندی هەم هەڤگرتنیان لەگەڵ ناوچە پەراوێزەکان هەیە و هەم ڕێبەرایەتی ناوچە پەراوێزەکانیان قبوڵ کردووە. هەروا کە ئاماژەی پێکرا لە سەرەوە، خۆپیشاندانەکان لە ناوچە کوردستانیەکانەوە دەستی پێکرد و لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا بڵاو بوونەوە. خۆپیشاندەران لە سەرانسەری ئێران دروشمی هاوبەشیان هەیە بۆ نموونە (ژن، ژیان، ئازادی) کە دروشمێکی جوڵانەوەی کوردە بۆ یەکسانی ڕەگەزی و بووە بە دروشمێکی هاوبەش کە هەموو خۆپیشاندانەکانی ئێران بە یەکتر دەبەستێتەوە.

لە ڕوانینێکی کوردانەوە ئەوەی ئێمە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دەیبینین دانپێدانانێکە بە توانای کورد لە گۆڕانی دێمۆکراتیکدا. لە ڕوانینێکی بیردۆزییانە شارێکی مێترۆپۆل وەک تاران لەوانەیە چاوەڕوان بکرایە کە ببێتە ناوەڕاستی شۆڕش و پارێزگاکان و پەراوێزەکان شوێنکەوتووی جوڵانەوەی تاران بن. بەڵام ئەمجارەیان تاران شوێنکەوتووی کوردستانە. سەدەی ٢١ پڕە لە ئەزموونی چالاکی مەدەنی لە سەرانسەری کوردستان کە مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندانی سەر شەقام بە شێوەی بەربڵاو لە لایەن هێزە بەرهەڵستکارەکان بەکار دێن بەرانبەر بە سیاسەتە جیاوازیکارەکانی تاران بە نسبەت کورد. هەرچەندە ئازاری کورد وەک ئازاری خەڵکی خوزستان و سیستان و بەلوچستان لە لایەن زۆرینەی خەڵکی ئێرانەوە پشت گوێ خراوە و هیچ هەڤگرتنێکیشیان لەگەڵ نەکراوە - تا ئێستا.

بۆ ئەوەی تێبگەین کە ئەمە بۆچی گۆڕان دروست دەکات گرنگە تێبگەین کە بۆچی پێشتر ئەوە ڕووی نەداوە. دەوڵەتی ئێرانی بە نکۆڵی کردن لە بوونی کوردەکان (ئەویدیکە)یەکی شاراوەی دروستکردووە. خەبات و تێکۆشانیان بۆ مافە بنەڕەتییەکان و دێمۆکراسی نە تەنیا وەلا خراوە بەڵکو ناوی خەیانەتیشی لێنراوە. ئەم وەلا خستنە، نکۆڵی کردنە و بە تاوانکردنە واتای ئەوەیە غەیرە کوردەکان ئاگاداری هەوڵ و خۆڕاگری کوردەکان لە بەرانبەر دەسەڵات و سەرکوتی ئێران نین. کوردستان بە ڕاستی تەنها ناوچەی ناو ئێرانە کە گشتپرسی کۆماری ئیسلامی لە مارسی ١٩٧٩، ڕێک پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، بایکۆت کرد. لە دوای شۆڕشی گەلان کاتێک ڕژێمی ئیسلامی لە سەرکوت و بێدەنگ کردنی بەهەلستکارەکانی سەرکەوتوو بوو، خۆڕاگری و جێگیر بوونی گروپە بەهەڵستکارەکان لە ناوچە جیا جیاکانی ئێران ئەو ناوچەیەی بۆ هێزەکان کرد بە (قەڵای شۆڕش).

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تاران، مازەندەران، سیستان و بەلوچەستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پێمان دەڵێن کە ئەم خۆپیشاندانانە کە بە مەبەستی هەڤگرتن لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی کوردستان دەستییان پێکرد، جوڵانەوەیەکی بەرفراوانە بۆ گۆڕینی ڕژێم. کارێکی دیکەش کە لە لایەن چینێکی سەرکوتکراوی کۆمەڵگا زەقە ئەمەیە: لابردنی سەرپۆشی زۆرەملی لە لایەن ژنان کە چەقی هێمای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامییە. خۆپیشاندەران تەنها دژی یاساکانی پۆشین و (پۆلیسی ڕەوشت) نین بەڵکو هێماکانی سەرکوتکردن دەکەنە ئامانج کە بەشێکن لە خەبات دژ بە پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ، چەندین دەیە پاڵپشتی تیرۆر و سەرکوتکردنی ناوخۆ و وەلا خستنی کۆمەڵی غەیرە فارسەکان و غەیرە شیعەکان. ئەم ئاخێزە شۆڕشێکە دژی ڕەگەزپەرستی، ستەمی جێندەری و لەناو دەرخستنێک کە حکومەت بڵاوەی کردووەتەوە.

## بەربەستەکانی گۆڕان

خۆپیشاندانەکان سەرەڕای کاریگەری بێوێنەیان ڕووبەڕووی چەندین بەرەنگاری جددی دەبنەوە. خۆپیشاندانەکان هێشتا پرش و بڵاون و ڕژێم هێشتا توانای سەرکوتکردنی هەیە ئەگەر دۆخەکە لە یەک شار یان ناوچە ئاڵۆزتر بێت. ئەو چینانەی یەکلاییکەرن وەک بازارییەکان (بازرگانەکان و دوکانداران)، کرێکارەکانی پیشەسازییە گەورەکانی ئێران و کارمەندانی حکومی هێشتا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشدارییان نەکردووە.

لە ئەنجامدا، کەمینە نەتەوەییەکان و ژنان و قوتابییانی زانکۆ بۆ بەردەوامی خۆپیشاندانەکان شانیان داوەتە ژێر ئاستەنگی سەرکوتەکان. لە شنۆ (ئۆشنەڤیە) خۆپیشاندەرانی کورد توانییان یەک شەو بە تەواوی دەست بەسەر شارەکە بگرن. بەرپرسانی خۆجێیی و هێزە ئەمنییەکان بنەماڵەکانیان لە شارە کوردنشینەکان گواستۆتەوە یان بردوویانن بۆ پادگانەکانی ئەرتش. هەرچەندە کوردەکان لەوە دەترسن کە هەڤگرتن و یەکگرتوویی نەمێنێت کاتێک کە کوردەکان داوای مافی یەکسانی شارۆمەندی و مافی شوناسی نەتەوەیی جیای خۆیان بکەن.

ترس لە توندوتیژی چڕ و ناپێشبینی کراوی حکومەت لە کوردستان و ناوچە سەرکوتکراوەکانی دیکەی ئێران زۆرە. لە ٢٨ی سێپتامبر سوپای بەدناوی پاسداران هێرشێکی زۆر و چڕی کردە سەر بنکەکان و قوتابخانەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی مەدەنییەکانی حیزبە بەرهەلستکارەکانی لە کوردستانی عێراق، کۆمەڵە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادی کوردستان. لە ئەنجامدا زەرەرێکی زۆری ماددی و چەندین کوژراو و بریندری لێ کەوتەوە کە لەوانەش ژن و منداڵیان تێدا بوو. کۆمەڵگای کوردی ئەم هێرشانە وەک ترس و نائومێدی ئەبیینن. لە سیستان و بەلوچستان کە هێزە ئەمنییەکان چەندین دەیەیە خەڵکی بەلوچی سەرکوت کردووە کۆمەڵەی خۆجێیی هەوڵی بەرگری لە خۆیان داوە. ئاژانسی هەواڵگری تەسنیم کە سەر بە ڕژێمە هەواڵی مردنی عەلی موسەوی، فەرماندەی پاراستنی سوپای پاسدارانی لە سیستان و بەلوچستان ڕاگەیاند. لە ئەنجامی سەرکوتکردنی ڕژێم دەیان خەڵکی سیڤیل کوژران و بریندار بوون.

## دەرسەکانی ئەم خۆپیشاندانانە

سێ هەفتە لە خۆپیشاندانە بەردەوامەکان پێمان دەڵێ تەنانەت لە کۆمەڵگایەک وەک ئێران کە زۆر کەرت کەرت کراوە، ئاخێزی دژە ڕژێمی یەکگرتوو ئەگەری هەیە هەرچەندە ئەو هەستە کە بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی فەرمی بن یان نیە یان

زۆر لاوازە. سەبارەت بەم بابەتە خەباتی ڕەگەزی دینامێکێکی یەکگرتوویی گرنگە. بە هۆی پەراوێزخستووییەک کە کوردەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە و مێژووی خەباتیان پێشمەرجی سەرکەوتنی گۆڕانی بنەڕەتی لە ئێران دانپێدانانە بە کێشەکانی کورد. ئەم ڕاستییەکە کە خۆپیشاندەرانی کورد پێشەنگی ئەم جوڵانەوە بوون نیشانەیەکی گرنگە کە هەڤگرتن لە نێوان ئەم هێڵانە لە پێشکەوتندایە. بۆ بەرەو پێشچوونی هەوڵی ڕاگرتنی خەباتی دژ بە ڕژێمی ئیسلامی ئێران پێویستە ڕێز لە داخوازییەکانی گەلانی جیاواز بگیرێت نە وەک یەکپارچەیی بە زۆر ڕابگیرێن.

**گۆڤاری تیشک ژمارە ٦٤ ساڵی بیست و چوارەم هاوینی ٢٧٢٢**

---

## دیوی کۆمەڵایەتیی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی ئێران




**ئاگری ئیسماعیل نژاد**

لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا زنجیرەای ناڕەزایەتییەکانی نێو ئێران بوونە دیاردەیەکی ڕۆژانەی کۆمەڵگای ئەو وڵاتە؛ گرینگیی ناڕەزایەتییەکان هەم لەسەر بەرینی و هەم لە ڕێژەی ناڕەزایەتییەکاندایە،. لە باسی بەرینیدا دەتوانین دوو باسی جوغرافیا و داخوازی، لەبەرچاو بگرین؛ لە باسی جوغرافیا ئێستا دەکرێت بڵێین ناڕەزایەتییەکان هەموو جوغرافیای

ئێرانی تەنیوەتەوە و لەسەر داخوازییش دەکرێت بڵێین بنەمای داخوازییەکان لە دەوری ماف مرۆڤ، بە لەبەرچاوگرتنی چوار ڕەهەندی مافی ئابووری، مافی کۆمەڵایەتی، مافی فەرهەنگی و مافی سیاسیدا دەسووڕێتەوە. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین نارەزایەتییەکان لە بەرانبەر دەسەڵاتێکدایە کە مافی سەروەریی تاکی نەک پێشێل کردووە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا باوەری پێی نییە. بەڕوونی باوەرمەند بە مافی سەروەریی تاک لە بەرانبەر مافی سەروەریی بان سروشتی بەرانبەری یەک ڕاوەستاون.

لە ڕواڵەتی گشتیدا وا دیارە کە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی هەموو نارەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکات، یان لانیکەمی بەرانبەری بێ منەت بێ، بەڵام لە کردەوەدا دەبێت، بڵێن نارەزایەتییەکان سەرکوت کراون بۆیە بوون بە دیاردەیەکی ژێرزەمینی و بە هۆکاری ترس لە توندوتیژیی کۆماری ئیسلامی لە پانتایی گشتییەوە، خزاونە توێی نادیاری کۆمەڵگاوە. ئەوەی نارەزایەتییەکان لە توێی نادیاری کۆمەڵگادا پەنگیان خواردۆتەوە، یەکەم مانای ئەوەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی کۆماری ئیسلامی بنکۆڵ کراوە. کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی کوردستان پێگەی کۆمەڵایەتیی هەبووە و لە ڕاستییدا کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەی ڕەواییی دەسەڵاتی دینی لە ئێراندا دامەزراوە و ئەو دەسەڵاتدارییە، دامەزراوەکانی (١) کۆنترین دامەزراوەی کۆمەڵگای ئێرانن.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە دامەزراوە دینییەکان بکەین؛ دامەزراوە دینییەکان لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا توانیبوویان ڕەوایی بۆچۆنی دینی لەسەر دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگادا جێگیر بکەن. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ناوەندانە سەرچاوەی دەسەڵاتیان بۆ بان سروشت دەگەڕاندووە، بەڵام چون دەسەڵاتی سەرزەوی هیچ ئاواتێکی مرۆڤەکانی ژێردەسەڵاتی نەدەهێنا دی، ئەوە وای کردبوو کە دەسەڵاتی دینی پێگەی لە نێوجەماوەر دا هەبێت، بە هۆکاری ئەوەی هەم تاقی نەکرابووەوە و واشیمانە دەکرا بتوانێ ئاواتەکانی مرۆڤەکان بێنێتە دی، هەمیش پێگەی کۆمەڵایەتیی هەبوو واتە توانیبووی بەشێک لە کۆمەڵگا لەگەڵ خۆی بخات.

ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی لە ساڵی ١٣٥٧دا ڕوانینی دینی بۆ دەسەڵاتی سیاسی زۆر بەخێرایی بتوانێ لایەنگری زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و باقی خوێندەوەکانیتر سەرەتا پەراوێز و دواتر سەرکوت بکات.

بەپێی ئەوەی لە مێژووی چەند سەدەی ڕابردوودا، ئالوگۆڕی دەسەڵات لە جوغرافیای ئێران بە ڕێگای توندوتیژی و هێزی ڕەق بووە، ئەوە وای کردووە کە دامەزراوەی دینی کۆنترین و جێگای باوەڕترین دامەزراوی ئێران هەتا پێش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی بێت؛ چون باقی دامەزراوەکانیتر لە کاتی ئالوگۆڕی سیاسیدا ئاراستەی کار و کردەوەیان بە تەواوی

دەگۆڕدرا و ئەوەش وای کردووە پێگەی گشتیی جەماوەریان لەکیس بدەن و هەتا کاتێک جێگای باوەر بن کە دەسەڵات سەقامگیرە نە کاتێک کە دەسەڵات ناسەقامگیرە!

ئەگەر بمانەوێ ڕوونتر باسی ئەو بابەتە بکەین، بە گۆڕینی دەسەڵاتداری لە ئێران هەموو دامەزراوەکانی دەسەڵات چ دامەزراوەیەکی مۆدێرن بوبێتن و چ دامەزراوەیەکی پێش مۆدێرن تووشی جۆرێک قڵپبوونەوە و سەرلەنوێ دامەزرانەوە هاتوون، بۆ وێنە وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی یەکێ لە سیاسەتەکانی کە پێوشوێنی دەگرت، دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا بوو، بەڵام پێش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بلۆکی ڕۆژئاوادا دەهاتە ئەژمار، یان لەسەردەمی سەرۆکوەزیرانی محەمەد موسدیقدا لەنێوان ١٣٣٠ هەتا ١٣٣٢ دەوڵەت وەرەقی قەرز دەفرۆشێ پاش کوتایی ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ دەوڵەتی نوێ بەبیانووی ئەوەی ئەو کەسانەی وەرەقی قەرزیان کڕیووە قازانجیان بە موسەدیق گەیاندووە، قەرزەکان لە ئەستۆ ناگرێ و بەو شێوەیە قەرزێک کە بە دەوڵەت دراوە دەفەوتێت[i].

لە مێژووی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودی ئێراندا نموونەی هاوشێوەی ئەو دوو نموونەیە لە ڕادەبەدەرن، ئەگەر گۆڕینی لەناکاوی سیاسەتی دامەزراوەکانی دەسەڵات لە پاڵ گەندەڵییەکی پێکهاتەمەند دابنێین بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراوەی دەسەڵات بۆ خەڵکی ئێران زۆر کەم جێگای باوەڕ بوون، بەڵام لە شانی ئەوانە دامەزراوەی دینی کە سیاسەتێکی یەکپارچەی گرتبووەوە و لە بەشێکی زۆر لە مێژوودا بەشێک لە ئەرکەکانی دامەزراوەی دەسەڵاتداریی لە ئەستۆ گرتووە، بۆ وێنە پێگەی دامەزراوە دینییەکان لە سەنەد نووسین و حوکمدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی خەڵک ڕەواییان لە دامەزراوەی دەسەڵاتی سیاسی زیاتر بووە.

بەو پێیە دەتوانین بڵێین لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا دامەزراوەی دەسەڵاتی سیاسی قەڵپبووەوە بەڵام دامەزراوەی دەسەڵاتی دینی جێگای گرتەوە واتە دەسەڵاتی دینی هەموو دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگای پاوان کرد، ئەو پاوانکردنە وای کردبوو کە دەسەڵاتی سیاسیی نوێ، ڕەوایی خۆی لە دەسەڵاتی دینیی کۆن کە جێگای باوەڕی خەڵک بوو وەربگرێت، بۆیەش دەکرێت بڵێن کۆماری ئیسلامی کاتی دامەزرانی، پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێو ئێران بەدەر لە کوردستانی سوننی و یارسان هەبووە. ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە ڕەوتی مێژووی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی سەریان هەڵداوە و گەندەڵییەکی پێکهاتەمەند کە دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامیی گرتۆتەوە وای کردووە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تەواو بنکۆڵ بێت و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە کیس بدات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بابەتێک بکەین، دەسەڵاتی سیاسی کە هێماکەی دەوڵەتە، لە سەردەمی پاش سەردەمی ڕۆشنگەری

بەرو ئەو ئاقارە ڕۆیشت کە ڕەوایی دەوڵەت بۆ توانایی لە وەدی هاتنی خواستی شارۆمەندان بگەڕێتەوە، واتە دەوڵەتێک کە بناغەی لەسەر مافی سەروەریی مرۆڤ دامەزراوە، ڕەواییەکەی بۆ کارکردەکەی دەگەڕێتەوە و ئەگەر کارکردەکەی لە پێناو ئەو تاکە نەبێت، ئەوە ڕەوایی خۆی لە کیس دەدا، بەڵام دەسەڵاتی دینی ڕەوایی خۆی لە ئامانجە بان سروشتییەکانەوە وەردەگرێت، بۆ وێنە لەدەسەڵاتداریی ئیسلامیدا، خوڵقاندنی بەستێنێک لەکۆمەڵگا بۆ ژیانی پاش مەرگ یەکێ لە ئامانجەکانیەتی و ڕەوایی خۆشی لەو ئامانجە وەردەگرێت، نەک لەوەی چەندە توانیویەتی مافی تاکەکانی کۆمەڵگا بێنێتە دی. بۆیەش لێرەدا ڕەوایی دەسەڵاتی دینی، باسی مافی زۆرینە دێنێتە بەرباس واتە کارکردی خۆی بۆ دابین کردنی مافی زۆرینە دەگەڕێنێتەوە نەک پاراستنی مافی کەمینە، چون لە بنەڕەتدا ئامانجە بان سروشتییەکان وا دەکات بەرانبەر بە مافی کەمینە بێمنەت بێت.

ئەگەر ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە بکەینە بنەما دەکرێت نارەزایەتییەکان بەوشێوەیە پۆلێنبەندی بکەین:

یەکەم:

ناڕەزایەتیی مووچەتەوەر یان ئابووری تەوەر: لەو بەشەدا دەکرێت ئاماژە بە ناڕەزایەتیی خانەنشینەکان، کەمی مووچەی کادری دەرمان، نارەزایەتیی کرێکارەکان لەسەر نەدانی مووچەکەیان بۆ ماوەی چەند مانگ و... بکرێت. لێرەدا لەگەڵ دوو دیاردە بەرەوڕووین، چین و توێژێک کە ژیانی ئابوورییان بە تەواوی تووشی قەیران هاتووە و دەسەڵاتی سیاسی بە سەرچاوەی ئەو قەیرانە دەزانن، دواتر چین و توێژێک کە دەسکەوتەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانیی خۆیاندا نییە و هۆکاری ئەو شکستەش بۆ دەسەڵات دەگەڕێننەوە.

دووهەم:

ناڕەزایەتی بەرانبەر بە کردەوەی دامەزراوەکان: وەک ڕوونکردنەوە لێرە دامەزراوەکان دانراوە و مەبەست کۆی ئەو ڕێکخراوانەیە کە بواری ئابووری، دەسەڵاتداری، فەرهەنگی، وەرزشی و... بەڕێوە دەبەن. ئەو جۆرە ناڕەزایەتییە سێ تایبەتمندیی تایبەت بەخۆیان هەیە:

ئا: دیاردەی نارەزایەتیی تاکەکەسی لەو جۆرە نارەزایەتییەدا زۆرە

بێ: دیاردەی سیلیبریتی تەوەری تێدا بەرچاوە

سێ: بەدەر لە چین، توێژ و ئیتنیکێکی تایبەتە

لەسەر ئەو بەشە لە نارەزایەتی دەکرێت ئاماژە بە نارەزایەتیی پاش ڕووخانی بینای مێترۆپۆل، نارەزایەتیی ئەکتێرەکان لەسەر ڕێگرتن لە کارکردنیان، نارەزایەتی لەسەر ئەو کەسانەی کە بانکەکان پووڵیان لێ خواردوون و... بکەین.

## سێهەم: نارەزایەتیی مافتەوەر

ئەو جۆرە نارەزایەتییە زیاتر بنەمای دەسەڵاتداری و چوارچێوەی یاسایی کۆماری ئیسلامی دەکاتە ئامانج و خوازیاری دابین بوونی مافی ئیتنیکی، ئایینی، مافی مرۆڤ و مافی ژیانە. لەو بوارەدا دەکرێت ئاماژە بە نارەزایەتییەکانی کوردستان لەسەر کوژرانی کۆڵبەران، کوژرانی ژینا ئەمینی،... بکرێت.
ئەگەر بمانەوێ بە پێی ئەو دابەشکارییە، هۆکاری نارەزایەتییەکان دەستنیشان بکەین دەکرێت بڵێین سێ بنەما هۆکاری نارەزایەتییەکانی ئێرانن:

## یەکەم:

ئەو هەڵاواردنانەی کە دەرهاویشتەی قانوونن جا قانوون دەتوانێ دەستووری وڵات بێت یان قانوونی تایبەت بێت.

بۆ وێنە بەپێی قانوون بەکارهێنانی زمانی جیاواز لە فارسی بۆ کاروباری ئیداری قەدەغەیە. یان تەنیا کەسێکی باوەڕمەند بە شیعەی دوازدە ئیمامی دەتوانێ خۆی بۆ پالاوتنی سەرۆککۆماری هەڵبژێرێ، بەکارهێنانی حیجاب کردەوەیەکی ناقانوونییە؛ بەو شێوەیە دەکرێ ئاماژە بە دەیان نمونەی تر بکەین.

## دووهەم: ئەو هەڵاواردنانەی کە دەرهاویشتەی ئیدئۆلۆژین

بەرچاوترین دیاردەی ئەو بەشە سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامییە کە بە پێی ئیدلۆژی هەناردەکردنی ویلایەتی فەقێ دامەزراوە و هیچ قازانجی گشتیی خەڵکی ئێرانی لەبەرچاو نییە.

هەر لەو پەیوەندییەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە سەرچاوە نافەرمییەکان باسی ئەوە دەکەن، پتر لە ٦٠%ی ئابووریی ئێران لە ژێر دەستی چوار کۆمپانی "ستاد اجرایی فرمان امام"، "آستان قدس رضوی"، "بنیاد مستضعفین" و "قرارگاە

خـاتم"دایە، ئەوەش مانـای ئەوەیە ئـابووری بە گشـتی هەم لە کەرتـی دەوڵەتـی و هەم لە کەرتـی تایبەتـدا بـووەتە ئابوورییەکی بەرتیلکارانە و ڕوونە کە ئابووریی بەرتیلکارانەش دەتوانێ هەم لە ئاستی ئاسۆیی و هەم لە ئاستی ئەستوونی کۆمەڵگا تووشی هەڵاواردن بکات.

لەو بەشەدا دەکرێت ئامـاژە بەوە بکەیـن کـە هەڵاواردنـی ئیـدئۆلۆژیک بەسـتێنی گشـتی لە بـاقیی بۆچوون و خوێنـدنەوەکان دەگرێت، بۆ وێنە لە تاران لەگەڵ ئەوەی کە پێدەچێت زیاتر لە ٢ ملوێن موسڵمانی سوننی تێدا بژی، بەڵام ئەو موسڵمانانە ڕێگای ئەوەیان نییە مزگەوتی خۆیـان هەبێت، یـان سەرکوتی بەردەوامی دەروێشەکانی گونابـاد و سەرکوتی سیستەماتیکی باوەڕمەندان بە ئایینی یارسان.

وەکـوو خـاڵێکیتر دەکرێت ئامـاژە بە بودجەبەنـدیی سـاڵانەی دامەزراوە ئیـدلۆژییەکان بکرێت. ئەو بـودجەیە هەم بە پێـی هەڵاوسانی ڕاستی دابین دەکرێت و هەم هەموو بودجەکە دەدرێتە دەست دامەزراوە ئیـدلۆژییەکان ئەوە لە کاتێکدایە بـە هـۆی کورتهێنـانی بودجـەی گشـتی لە دەسـاڵی ڕابـردوودا بـودجەی ئـاوەدانکردنەوە لە زۆرسـاڵدا تەرخـان ناکرێت، لەو شێوازە بودجەبەنـدییەدایە کە دیـاردەی وا سەرهەڵدەدات کە بـودجەی "سـازمان خدمات حـوزە علمیـه" زیـاتر لە بـودجەی سـازمانی پاراستنی ژینگەی ئێران بێت. لە کاتێکدا کە قەیرانی ژینگە، گەورەترین قەیرانی ئێستای نێوخۆی ئێرانە[ii]!

## سێهەم: ئەو هەڵاواردنانەی کە دەرهاویشتەی گەندەڵیی پێکهاتەمەندن

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەبـوونی گەنـدەڵیی پێکهاتەمەنـدە. ئەو گەنـدەڵییە بـە هـۆی ئەوەی هەمـوو چینەکـانی نێـو دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامیی گرتـۆتەوە، دەکرێت بڵێین گەنـدەڵییەکی بەریـن و ڕێگەپێـدراوە و ئەوەش وای کردووە گەندەڵیی پێکهاتەمەنـد ببێتە ماکەیەک بـۆ هەڵاواردنـی زیـاتری چین و توێژەکـانی کۆمەڵگـای ژێردەسـەڵاتی ئێـران واتە سەرەڕای هەڵاواردنی قانوونی و ئیدئۆلۆژیک، هەبوونی گەندەڵیی پێکهاتەمەندیش خۆی ماکەیە بۆ هەڵاواردنی زیـاتری کۆمەڵگـای ئێـران و ڕوونە گەنـدەڵیی پێکهاتەمەنـد، کۆمەڵگـا لە ئاسـتی ئاسـۆیی و ئەسـتوونیدا تووشـی زەرەرمەنـدبوون و تەنانەت هەڵاواردن دەکات.

لێرەدایە کە ئێمە لە ئاستی ئێرانـدا دیـاردەی کۆمەڵگـای دۆڕاومـان هەیە. کۆمەڵگـای دۆڕاو واتە کۆمەڵگـایەک کە زۆرینـەی خەڵـکەکەی بە هۆکـاری ئیـدئۆلۆژیک، قـانوونی یـان گەنـدەڵی، تووشـی خەسـار هاتبێـت. لەئاسـتی ئێرانـدا چ چینـی کۆمەڵایەتی، چ زایەند(ڕەگەز) چ ئایین و چ ئێتنیک بکەیەنە پێوەر بە هەر چوار پێوەر زۆرینەی خەڵکی ئێران لە بوون و

مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زەرەمەند بوون و هەن.

لە کۆمەڵگا دۆڕاوەکاندا، ئێمە تووشی دیاردەیەکیتریش دێین، ئەویش هەڵاواردنی پلەییە. بەو مانایە کە بەشێک لە کۆمەڵگا زیاتر لە بەشەکەیتر تووشی هەڵاواردن بووە، بۆ وێنە ژنی کوردی سوننی کە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا بێت، زیاتر لە ژنی فارسی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند تووشی هەڵاواردن بووە. ئەوە وای کردووە کە کۆمەڵگای ئێران هەڵاواردنی چەند توێیی[٢] تێدا بێت. خاڵی گرینگی هەڵاواردنی چەند توێیی لە ئێران ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران دەکەونە نێو جەغزی هەڵاواردنی چەند توێییەوە.

لە بەرانبەر هەڵاواردنی چەند توێیی کە زۆرینەی کۆمەڵگای ئێرانی گرتووەتەوە، لە ئێران دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر هەیە. دەسەڵاتێک کە نە تەنیا هەوڵی لادانی ئەو هەڵاواردنە جۆراوجۆرە نادات بەڵکوو دەرتانی گفتوگۆ، دامەزراندنی ڕێکخراوە بۆ لادانی هەڵاواردن و گۆڕینی قانوون و گوشار هێنانی قانوونی بۆسەر دامەزراوەی دەسەڵاتی سیاسی نادات.

ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتێرە هاوکات بە دانانی قانوونی جۆراوجۆر لە ژووری خەوی خەڵکەوە هەتا پانتای گشتی دیاری دەکات، کە ئەوەش خۆی دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەڵاواردنی چەند توێیی لە زەینی تاکەکاندا ڕوونتر بێت.

دەسەڵاتی تۆتالیتێر و کۆمەڵگای دۆڕاو کە تووشی هەڵاواردنی چەند توێیی بووە، وای کردووە کە دۆخی ئێران هەمیشە لە دۆخی لەناکاودا بێت و جارێک بە گران بوونی بێنزین و جارێک بە کوژرانی کیژێک، نارەزایەتیی کۆمەڵگا لە توێی نادیاریدا سەردەردێنێ و دێتە سەرشەقام.

خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بەهۆکاری تۆتالیتێر بوونی و بەهۆکاری چەند توێ بوونی هەڵاواردنەکان، توانایی ئەوەی نییە، هەڵاواردن بنەبڕ بکات؛ بەڵکوو تەنیا بە هۆی هێزی ڕەق جارێکیتر نارەزایەتییەکان دەباتەوە توێی شاراوەی کۆمەڵگا، ئەوە وای کردووە لەگەڵ هەر نارەزایەتییەکدا ئاستی توندوتیژی دەچێتە سەرێ! بۆ وێنە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٩٨ تەنیا خۆپیشاندەران کوژران، بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی ١٤٠١ خۆپیشاندەر و سەرکوتکەر، کوژراو و برینداریان هەبوو.

ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی توانایی لادانی هەڵاواردنەکانی نییە، بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی سیاسی توانایی ئەوەی نییە، پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی سارێژ بکاتەوە و ڕوونە نزیکترین مانای ئەو قسەیەش ئەوەیە، دەسەڵاتی سیاسی لە پاش هەر

خۆپیشاندانێک زیاتر پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە کیس دەدا و زیاتر ناچار دەبێت، پاڵ وە هێزی سەرکوتەوە بدات، کە ئەوەش بە مانای ئەوەیە گەندەڵیی پێکهاتەمەند لە نێو ڕێژیمدا زیاتر دەکات، بۆ وێنە لاوترین وەزیری ئێران بۆ ئەوە کرا بە وەزیر چون لە ساڵی ٨٨ لە سەرکوتی خەڵکدا دەستی هەبوو و حەسەن ڕەعیەت[iii] بۆ ئەوەی لە ساڵی ٨٨ دا دەستی لە سەرکوتی خەڵکدا هەبوو توانی دەستی بگاتە ڕانتی حکوومەتی.

کۆمەڵگایەک کە لە قۆناغی دۆخی لەناکاودایە و دەرەتانی دەربڕینی هیچ خواستێکی خۆی نییە، ئەو کۆمەڵگایە درەنگ یان زوو دەتەقێتەوە و تووشی شۆڕش دێت. هەرچەند دەسەڵاتی سیاسی بەرانبەری توندوتیژتر بێت، ئەو شۆرشە هێندەش خوێناویتر دەبێت.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین بە پێی خۆپیشاندانی خەرمانان و ڕەزبەری ١٤٠١ چین و بەشەکانی نێوکۆمەڵگای دۆڕاوی ئێران جۆرێک چوونە تەنیشتی یەک؛ بۆیەش دەبینین کە کۆمەڵگای فارس بەرانبەر بە پڕۆپاگەندەی ڕێژیم لەسەر "تجزیەطلب" بوونی کورد هەستیاریی پێشوو نیشان نادات، یان هاوکات باکوور و باشووری تاران کە هەر کامەی سەر بە چینێکی ئابووریی تایبەتن، لە زنجیرە خۆپیشاندانێکدا بەشداری دەکەن. ئەوەی کۆمەڵگای دۆڕاوەکان پاڵی وێک داوە یان بڵێین بەرانبەر بە یەک دژایەتیی وەلا ناوە، دەتوانێ ئاماژە بەوە بکات کە کاتی تەقینەوەکە زۆر نزیک بووەتەوە!

[1] مەبەست(Organisation)

Intersectionality[2]

https://bit.ly/3LtBjsd[i]

https://lmy.de/DJaN2[ii]

https://bit.ly/3CMoC9f[iii]

گۆڤاری تیشک ژمارە ٦٤ ساڵی بیست و چوارەم هاوینی ٢٧٢٢

# ژن لە جەستەوە بۆ ڕۆح

**(دەرکەوتەناسیی بزاڤی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران)**




**شاهۆ حوسێنی**

**پێشەکی:**

**بێگومان کۆماری ئیسلامی وەک پێکهاتەیەکی سیاسیی هەڵقوڵاو و بەرهەمهاتووی شێوازێک و فۆرمێک خوێندنەوەی فۆندامێنتاڵ لە ئایینە کە دەشێ وەک ئایدۆلۆژی پێناسە بکرێت، واتە ئایین لە فۆرمێک دەستووری نەزمدەر بە ژیانی تاک و کۆمەڵگا دەکرێتە ژێرخانی هزری و ئایدۆلۆژیکی ڕووخانی سیاسەت، ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی تر جوغرافیای ئایین لە ئاستی مەدەنیڕا دەگوازرێتەوە ئاستی سیاسی و فۆرم دەداتە دەسەڵاتی سیاسی و پاساوکەری حاکمییەت و هێژمۆن دەبێت. ئەم دەسەڵاتە لە ڕێی باوەڕ بە حەقیقەتێکی موتڵەق و بان زەوینی، فۆرم دەبەخشێت بە هەموو دیاردەکانی تاکی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، کردەوەیی، زەینی و ڕواڵەتی تاک و کۆمەڵگا، مانا دەبەخشێت بە تاک و کۆمەڵگا و لەڕێی شەرعییەتی بانزەوینی، تاک و کۆمەڵگا ناچار بە ملکەچبوون، گوێڕایەڵبوون و ڕەچاوکردنی بێ ئەملاوئەولای دەستوور و یاساکانی دەکات.**

## مرۆڤ لە ئاییندا

یەکەم دیاردەی مرۆڤ لە ئاییندا دەرکەوتنی وەک مەخلووق، داهێنراو و بەرهەمهاتووە. ئەم دەرکەوتنە یەکەم لێکەوتەی دابەزاندنی پێگە و ئاستی بوونی مرۆڤە لە هەمبەر بوونێکی داهێنەر، بکەر و بەرهەمهێنەر بەناوی خوا. دووهەم دیاردەی مرۆڤ لەپاش مەخلووق و داهێنراو ئەوەیە کە دەستوور و یاسا و ڕیسای بۆ داهێنراوە و پێویستە گوێڕایەڵ، ملکەچ و دەروەستی ئەو خالەقە بێت کە ئەوی بەرهەم هێناوە. سێهەم دیاردە بەندە بوونی مرۆڤە لەڕێی گوێڕایەڵی و دەروەست بوونی بە دەستوور و ڕیساکانی خوا. چوارەم دیاردە جەستە بوونی مرۆڤە، واتە مرۆڤ تەنیا وەک جەستەیەک پێناسە دەکرێت، جەستەیەکی گوناهکار، گوناه دیاردەیەکی جەستەیی مرۆڤە کە دەستپێکەکەی خواردن لە داری نەهی لێکراوە و بەم هۆکارەشەوە فڕێ دراوەتە سەر زەوی، هەر بۆیەش پێویستە دایم لە عەزاب و نزا و پاڕانەوەدا بێت بۆ پاک بوونەوە و گەڕانەوە بۆ ئەو بەهەشتە خەیاڵی و مەوعوودەی کە بەڵێنی پێ دراوە و هەموو بەڵێنەکانیش لە خواردن و خواردنەوە و عەیش و نۆش هەر جەستەیین. لەڕاستیدا جەستە سەرەتای ئاسوودەیی و هەمیش قەیرانە بۆ مرۆڤ، جەستە لە بەهەشتدا لە خۆشی و ڕابواردندا بووە و هەمیش بەهۆی هەڵەیەکی جەستەیی دەکەوێتە عەزابێکی جەستەییەوە، واتە تۆڵەی هەڵەی جەستەیی هەم دیسان هەر لە جەستە دەکرێتەوە. لە دەقی ئایینیدا هیچ دیاردەیەک جگە لە جەستە بۆ مرۆڤ فەرز نەکراوە و عیبادەتەکانیش هەر جەستەیین. مرۆڤ بوونیکی دەروەست بە یەکە؛ بوونێکی بان زەوینییە کە هیچ سەربەخۆییەک و ئیرادەیەکی لەخۆوە نییە، هەرچی دەیکات هەر بە ئیرادە و ئەمری ئەوە و هەرچی ڕوو دەدات هەر بە ئەمری ئەو و قەزایەکە لەلایەن ئەوەوە. مرۆڤ وەک جەستە بەگشتی بوونیکی تاوانبارە و پێویستە لە گوناه پاک بکرێتەوە و ئەم پاک کردنەوەیەش لەڕێی تۆڵە ئەستاندنەوە بە شێوەی تەعزیب، نەهی و نەفیی جەستەیە.

## مرۆڤ لە دەسەڵاتی ئایینیدا

ئایینی سیاسی وەک فۆڕمێک خوێندنەوەی ڕادیکاڵ لە بەرامبەر ئیسلامی نەریتیدا بە مەبەستی جێ خستنی ڕوانگە ئایینییەکان لەڕێی دەسەڵات و کەڵک وەرگرتن لە هێزی حکوومی دەرکەوت. ئەم خوێندنەوەیە دژکردەوەیەک بوو بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە دژی ڕەوتی چەپ، سێکۆلاریزم و شێوەی مۆدێرنیتەی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ. شێوەمۆدێرنیتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ڕوانگەیەکی جەستە تەوەر و ڕواڵەت تەوەری دژبەری ڕوانگەی جەستە تەوەر و ڕواڵەت تەوەری ئایینی بوو. واتە لەگەڵ ئەوەدا بە هیچ شێوەیەک هیچ پەیوەندییەک و نیسبەتێکی لەگەڵ کاکڵ و ڕوانگەی مۆدێرنیتە بە نیسبەت مرۆڤ وەک بکەری ئاسکار، بوونێکی سەربەخۆی داهێنەر و خۆمانابەخشی خاوەن

عەقڵێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵام بە تەواوی ڕوانگەیەکی ڕواڵەت تەوەرە بوو بەرانبەر جەستەی مرۆڤ و کەڵکی کەرەسەیی وەرگرتن لە جەستەی مرۆڤ. لەوەها دۆخێکدا ئایین بە هەموو هێزەوە وەک دژکردەوەیەک بەرانبەر ئەم ڕەوتە دەردەکەوێت، لە میسر ئیخوان وەک بزاڤێکی سیاسی - ئایینی دەردەکەوێت و لەئێران شیعەی ویلایەتی فەقیهی دەردەکەوێت. وێکچوونی گشتیی ئەم ڕەوتانە وەک دژبەری شێوە مۆدێرنیتەی حاکم لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە ئایینی کردنی جەستەی مرۆڤ بوو لە ڕێی جێ خستن و هێژمۆن کردنی ڕوانگە ئایینییەکان لەمەڕ مرۆڤ.

## ژن لە ئاییندا

ئەزموونی ژنان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ئەگەرچی بەهۆی جیاوازیی کلتووری دەکرا جیاواز بێت، بەڵام تایبەتمەندیی ئیسلامی وەک کلتووری هێژمۆن و هاوبەش، دیاردەیەکی هاوبەش بوو کە توانی ژیان و ئەزموونی ژنان لەو کۆمەڵگا جیاوازانەدا بخاتە ژێر کارتێکەریی خۆی، بە جۆرێک کە دەقی ئایینی وەک ڕوانگە و ڕوانینێکی بان کۆمەڵگایی شووناسێکی هاوبەشی بە ژنان بەخشی، واتە کلتووری ئایینی توانی بە سەر جیاوازیی بەربڵاوی کلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگەکاندا پردێک لێ بدات. لەم ناوەدا زۆرترین کارتێکەری لە سەر جێگە و پێگەی ژن لەلایەن قورئان وەک دەقی پیرۆز و بان زەوینی، حەدیس و گێڕانەوەکانی پێوەندیدار بەو، کردار و کردەوەکانی پێغەمبەر و یاردیدەدەرانی، ئیجماعی عولەمای ئیسلامی، قیاس، نەریتی و عورفی ئایینی بوە.

ژن لە دەقی ئایینیدا بە هەموو ڕوانگەکانەوە چەند تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت: یەکەم ئەوە کە ڕوانگەکان لەمەر ژن کورت دەکرێنەوە و قەتیس دەکرێنەوە لەناو جەستەدا، واتە بە جەستەکردنی ژن لە هەنگاوی یەکەمدایە لەڕێی بە ئایینی کردنی مرۆڤ، دووهەم ئەوە کە جەستەیەکی گوناهکار و تاوانبارە، سێهەم ئەوە کە سەرچاوەی تاوانە، چوارەم ئەوە کە پاڵنەری تاوانە لە ڕێی ئیغوای جەستەیی. جەستەی ژن وەک دیاردەیەکی ورووژێنەر بۆ پیاو و کەرەسەیەک بۆ سەلماندنی پیاوەتیی پیاو لە ئیسلامدا گرینگایەتییەکی تایبەتی هەیە، بەجۆرێ کە بوونی ژن بە شێوەیەکی گشتی قەتیس کراوەتەوە لەناو ئەو تایبەتمەندییە جەستەییەدا. ئیبنی عەرەبی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سێکس کردەیەکی موتەعالییە کە دەتوانێ بکەرانی لە خوا نزیکتر بکاتەوە. زەماوەند لە ئیسلامدا بڕیارێکی ئایینییە کە بە پێی شەریعەت، شەرعییەت دەدات بە پێوەندیی سێکسی و قەتیس کردنەوە ژن لەناو بازنەی پیاوسالاری و جەستەدا. دەوری جەستەی ژن لە سەلماندنی پیاوەتی و خزمەت بە ئارەزوو و حەزی جەستەییی پیاوانەش لە ئاییندا گرینگایەتییەکی تایبەتی هەیە. ڕوقەیە واریس، نووسەری موسوڵمانی بەریتانی لە پەڕتووکی ڕێنوێنییەکانی زەماوەندی موسوڵمانانەدا دەنووسێت: لەناو موسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام، هێزی سێکسیی ژن و توانای ڕازی کردنی پیاوان یەکێک لە بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکان بووە بۆ ژن، ئەو بەسەرهاتێکیش

دەگێڕێتەوە کە عایشەی کچی تەڵحە لەگەڵ عومەری کوڕی عوبەیدوڵڵا زەماوەندی کردووە و لە شەوی زەماوەندا حەوت جار نزیکایەتییان کردووە، کاتی بەیانی عایشە بە عومەری گوتووە: تۆ پیاوێکی کامڵی.

لە دەقی ئایینیدا هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، ژن وەک جەستە هەم سەرچاوەی تاوانە و هەم پاڵنەری تاوانە؛ ئەمەش سەرچاوەکەی جەستەیە، هەر بۆیەش بە چوار شێوە پێویستە لەگەڵ ئەم جەستەیە دژکردەوە بنوێندرێت: یەکەم لە ڕێی زەماوەند و بەستنەوەی ژن بە جەستەیەکی ترەوە، دووهەم قەتیس کردنەوەی ژن لەناو چوارچێوەی ماڵدا، سێهەم لە ڕێی نەفی کردنی جەستەی ژن وەک سەرچاوەی تاوان و چوارەم لە ڕێی نەهی جەستەی ژن لەڕێی داپۆشین و حیجاب.

## ژن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و بۆ ژنان بە تایبەتی کارەساتبار بوو. بەهۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی، سەرخانی ئایدۆلۆژیی حکوومەتی ئیسلامی (وەک ژێرخان) بوو بە مەبەستی جێخستن، پەرە و هێژمۆن کردنی یاساگەلی ئایینی و بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا. ڕوانگەکان لە کۆماری ئیسلامی و پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگدانەوەی ڕوانگە ئیسلامییەکان بوون. ژن لە کۆماری ئیسلامیدا گرینگترین و سەرەکیترین ئەرکی زا و زێ و منداڵبوون و ماڵدارییە، درێژەی قەتیسکردنی ژن لە جەستەدا و بە ئایینیکردنی جستەی ژن لەم حکوومەتەشدا وەک بنەمای ڕوانین لەمەڕ ژن، پەرەی ئەستاند. هەر ئەمەش بوو بە سەرچاوەی هەڵاواردنی جێندەری لە ئێران. بە پێی داتاکانی مەجمەعی جیهانیی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٩ ئێران لەڕووی هاڵاواردنی جێندەری لەنێوان ١٣٤ وڵاتدا پێگەی ١٢٨ی هەبووە، هەروەها لە نوێترین بەراوردی ئەم ڕیکخراوەیەدا ئێران لە ڕووی کەلێنی جێندەری لەنێوان ١٥٦ وڵاتدا، پێگەی ١٥٠ی هەیە. بە کورتی دەشێ بگوترێ کە کۆماری ئیسلامی، ڕێگا و شوێنی پێشینیانی ئایینیی خۆی ڕەچاو کرد بۆ داماڵین و داپڵۆساندنی ژنان لە کۆمەڵگا وەک جەستەیەکی کە هەم سەرچاوەی تاوانە و هەمیش پاڵنەری تاوانە. کۆماری ئیسلامی نەفی و نەهی ژنی وەک جەستە بەهۆی هێزی حکوومەت بە یاسایی کردووە. نەفیی ژنان لە ساڵی ١٣٥٨ڕا دەستی پێ کرد، بەجۆرێ کە بە پێی داتاکان تا ساڵی ١٣٦٢ ڕێژی لەکارلادانی ژنان گەیشتە ٣٥ لەسەد، واتە نەفیی ژنان لە کۆمەڵگا لە ڕێی پێشگرتن بە دەرکەوتنی ژن وەک تاکێکی ئەکتیڤ و دەورگێڕ لە کۆمەڵگا. هەروەها نەهی کردنی ژن لە ڕێی داپۆشین و حیجاب یاسایی کرا، بۆ وێنە بە پێی یاسای سزادانی ئیسلامی، ئەو ژنانەی کە چوارچێوەی شەرعیی پاراستنی حیجاب لەبەرچاو ناگرن و ناپارێزن، لەلایەن دادگا و دادوەرەوە دەشێ بە حەفتا لێدانی قەمچی یان شێست ڕۆژ زیندان سزا بدرێن.

## ژن لە جەستەوە بۆ ڕۆح

ڕۆح لە فەلسەفەدا بە گشتی و لە فەلسەفەی هێگلدا بە پێچەوانەی ئایین دیاردەیەکی بان زەوینی و بارمتە نییە کە بەخشرابێت و وەربگیرێتەوە، بەڵکوو دیاردەیەکی بان جەستەیی و مرۆییە. ڕۆح لە فەلسەفەی هێگلدا ئاماژە بە دوو دیاردەیە: یەکەم دیاردە ئاماژە بە ڕەوتێکە کە گنخان، ڕاوەستان و سکوونی بۆ نییە بەڵکوو گەڕیانێکی دائیمی و سەیرورەتە لە حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی تر. دووهەم دیاردە ئاماژە بە دەرکەوتەیەکە کە بەرهەمهێنی ئەم سەیرورەتەیە کە ئەویش ئەندێشە، فام و تێگەیشتووییە. لەڕاستیدا ڕۆح سوبژەیەکی سەربەخۆ و ڕەخسیوە لە واقعییەتێکی بۆ دیاری کراو و فۆڕمێکی لەپێشدا بۆ داڕێژراو لەلایەن ئەویترە. بە کورتی دەشێ بگوترێ ڕۆح تێگەیشتن، ئاگایی و فامە، چون بەباوەڕی هێگل، جیهان، خوا و سروشت، بوونێکن لەناو جەغزی تێگەیشتن و ئاگاییی منی مرۆڤدا. ئەم بۆچوونە لەمەر ڕۆح و لەمەر مرۆڤ لە ڕاستیدا درێژەی سوبژێکتیسمی دێکارتییە، دێکارت سوبژکتیویسم لە تاکدا بەجێ دێڵێت و هێگل بە داهێنانی چەمکی ڕۆحی نەتەوەیی(Volksgeist)، سوبژێکتیویسم دەگوازێتەوە فۆڕمێکی بان تاکی. فێمێنیستەکان ڕۆح دەگوازنەوە بۆ ناو بازنەی جێندەری و بەکەڵک وەرگرتن لە سوبژێکتیویسم، کێشە و قەیرانی جێندەری تێئۆریزە دەکەن و مۆدێرنیتە دەوڵەمەندتر دەکەن. لەڕاستیدا ڕۆحی جێندەری واتە سووژەیەکی سەربەخۆ، خۆپێناسەکەر و ناسکار کە مانا دەبەخشێت بە خۆی و جیهانی ڕواڵەتی وەک جێندەرێکی ئەویتری نێر.

دیارە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیرا بە گشتی دەچنە بازنەی سیاسی، سینفی و ئابورییەوە. لە بازنەی سیاسیدا یان وەک کورد خەباتیان کردووە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی، یان وەک حیزب و ڕێکخراوەکانی تر خەباتیان کردووە بۆ بەشدار بوون لە دەسەڵات. لە بازنەی سینفیدا خواستەکان دیاردەی سینفییان لەخۆگرتووە وەک ناڕەزایەتیی مامۆستایان، پەرەستاران، شۆفیر پاسەکان و.... لە بازنەی ئابوورییشدا خواستەکان ئابووری بوون، بۆ وێنە ناڕەزایەتی بە دژی گرانی، ئاوسان و دزرانی پارەی پاشەکەوتی خەڵک لە بانکەکان و مۆئەسسەساتی ئابووری. بەڵام ئەمجارە و لە ڕاپەڕینی نوێی ڕۆژهەڵات و دواییش ئێراندا، دیاردەیەکی تر بە دیاردەکانی بەرخۆدان و ڕاسان بە دژ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیادکرا، ئەویش خەباتی جێندەری بوو کە بە دژی حیجاب وەک هێما و سیمبۆلی ژنی ئۆبژە، دەستەمۆ، داهێنراو، گوێڕایەڵ و موستەحیل لەناو ئەو فۆڕمەدا کە ئایین بۆی داڕشتووە سەری هەڵدا. دیارە یەکەم دەرکەوتنی خەباتی ژنان مانگێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕەشەممەی ساڵی ٥٧ بوو کە سازمانی نەتەوەیی پەرەستاران، یەکێتیی ژنانی دادوەر و جەمعییەتی ژنانی خەباتکار وەک دژکردەوەیەک بە لێدوانەکانی خومەینی لەمەر زەروورەتی پاراستنی حیجاب لەلایەن ژنان لە ئیدارات، ڕاگەیاندراوێکیان بڵاو کردەوە بۆ گردبوونەوە بە دژی

ئەم لێدوانە و بە دروشمی بەرابەری بەرابەری نە چارشێو و نە ڕووسەری کەوتنە بەر هێرشی لایەنگرانی توندئاژۆی خومەینی و هێرشیان کرایە سەر. ئیتر ئەمە کۆتا دەرکەوتنی بزاڤی ژنان بوو لە ئێران تا کارەساتی شەهید بوونی ژینا.

لەڕاستیدا ژینا وەک شەهیدی ڕوانگەیەکی نەریتی و پاشکەوتوو لەمەر ژن، وەک جەستەیەکی تاوانبار و پاڵنەری تاوان، کە بە تاوانی نەبوونی حیجاب دەکەوێتە ژێر ڕکێفی لێدان و ئەشکەنجە و لە ئاکامدا گیان دەسپێرێت، دەبێتە هێمای هەستانەوە و بەرخۆدانی ژنی کورد و لەپاشان ژنی ئێرانی بەگشتی بۆ دەرچوون لەم ڕوانگە نەریتییە و دەرکەوتن وەک بوونێکی ڕەخسیو و ئازاد. ئەمجارە قەڵش و کەلێنی جێندەری وەک قەڵشێکی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤ دەبێت و لەسەر لێواری ئەم کەلێنە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پەرە دەستێنێت.

ژینا دەلاقە و ڕەوتێک بوو کە لە ڕێی ئەوڕا ژنی کورد و ئێران بە زەروورەتی ئازادیی خۆی و بەکردە گەیاندنی ئازادیی خۆی ئاگا دەبێت. لێرەدا ئازادی چەمکێکی تەواو فەلسەفییە بە مانای ڕەخسیو لە ژێر ڕکێفی ئەویتر، ئازاد لە خۆبنیادنان و دەرخستن، چونکە ئازادی ئامانجێکە کە لەودا ژن دەتوانێ بوونی خۆی مسۆگەر بکات. ژن بە ژینا، حەرەکەت لە جەستەوە و دەرچوون لە جەستەوە دەست پێ دەکات بۆ گەیشتن بە ڕۆح؛ ڕۆح بە مانای گەیشتن بە ئازادی لە ڕێی تێگەیشتن لە خۆ و بنیادنانی سەربەخۆیانەی خۆدێکی نوێ. ژن بە لادانی حیجاب و سووتاندنی حیجاب لەم شۆڕشەدا وەک دوو هێما و سیمبۆلی ژنی دەستەمۆ و داهێنراو، حەرەکەت بەرەو ئازادیی دەست پێ کرد.

گرینگترین تایبەتمەندیی شۆڕشی ژن بۆ ئازادی لەم ڕاپەڕینە تازەیەدا ئەوەیە کە ئەگەر شۆڕشەکانی تر شۆڕش بە دژی لێکەوتەکانی سەرخانی وەک سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووریی ئایدۆلۆژیی ئایینیی کۆماری ئیسلامی وەک ژێر خان بوون، ئەوا شۆڕشی ژنان ڕێک شۆڕشێک بە دژی ژێرخانی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییە، ئەوان حەول دەدەن لەڕێی ڕووخاندن و بەربەرەکانی لەگەڵ ژێرخانی ئایدۆلۆژیکی و پاشەکشە کردن بەو ژێرخانە، ئاڵوگۆڕ بەسەر سەرخانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووریدا بێنن.

لەڕاستیدا ئەم خەباتە خەباتێک بە دژی گێڕانەوەی مۆنۆلۆگانەی حاکمییەت لەمەڕ هەموو دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا و بە مانای تێکشکان، دارمان و تێکترمانی هەموو ئەو بینا خەیاڵی و ئایدۆلۆژیکییانەیە کە بە دوور لە واقعییەتەکانی ناو کۆمەڵگا، کۆماری ئیسلامی لەڕێی هێزی ئایدۆلۆژیک و نیزامی حەولی بنیادنان، مسۆگەرکردن و پەرەپێدانیان دەدات. دەشێ بگوترێ کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکە بە دژی ئەساس و بنەمای ئیسلامی، فەقاهەتی و ویلایەتی فەقیهی وەک خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیکی لە ئیسلام بە مەبەستی پەرەی شەریعەت لەڕێی حکوومەت و دەسەڵات. ئەگەرچی ئەساس و بنەمای شەریعەتی

ئیسلامی لەسەر جیاوازیی ژن و پیاو و هێژمۆنی پیاو واتە پیاوسالاری دامەزراوە، بەڵام لە ئیسلامی فەقاهەتیدا بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە زۆر، توندوتیژی و یاساکانی کەیفەریی ژنسڕینەوە، دژایەتیی ژن و پێشگرتن بە دەرکەوتنی ئازادانە و سەربەخۆیانەی ژن، دیاردەیەکی دزێو و کارەساتبارە.

بێگومان ئەمڕۆکە کوردستان بەهۆی مێژوویەکی دوور و درێژ لە خەبات بەدژی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی، ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ ئازادی، دێمۆکراسی و بەرابەرییە. عەقڵی سیاسی لە کوردستان و کردەوەی سیاسی لە کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بە هەموو هێزەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەژێر گوشاری سەرکوتدا بووە، بەڵام پەرە ئەستاندوو و پێشڕەوە. ئەوەیە کە کوردستان لە شۆڕشی نوێی ژنان بە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستانەی ئاخوندیسم، هەم هەناردەکەری شۆڕشە، هەم هەناردەکەری دروشمە و هەم پاڵنەر و هیوابەخشی شۆڕش بە دژی کۆماری ئیسلامییە. خەباتی چەکداریی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی، ئەگەر ڕۆژگارێک وەک حەرەکەتێکی جیایی خوازانە، نامۆدێڕن و بەرگر بە خەباتی مەدەنی پێناسە دەکرا، ئەمڕۆکە بەشێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵک چاویان بڕیوەتە خەباتی ئەم بەشی کوردستان و چاوەڕێن چەخماخەی ئازادیی ئێران و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانرا لێبدرێت. ئەوان بە سەرسوڕمانەوە باسی حەماسەت و ئازادبوونی شنۆ دەکەن، باسی خەباتی کورد، ئازایەتی و بوێریی کورد دەکەن. ژنی کورد زێدە لە چل ساڵە لە بەرەی پێشەوەی بەرەنگاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدایە و بۆ دوو باڵی خەبات بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی و خەبات بۆ دابینکردنی مافی بەرابەر لەگەڵ پیاو، پێشەنگی ژنانی ئێرانە. ژن لە کوردستان زۆر دەمێکە دەرچوون لە جەستەی دەست پێ کردووە و بەرەو ڕۆحێکی نەتەوەیی و جێندەری وەڕێ کەوتوە. بۆ ژنی کورد بەرابەریی نەتەوەیی و جێندەری، نە تەنیا دژبەر و لە بەرابەر یەکدا نین، بەڵکوو هاوتەریب لەگەڵ یەکترن و بەبێ بەرابەریی نەتەوەیی بۆ ژنی کورد مافی جێندەری و بەرابەریی جێندەری مانایەک نادات.

سەربەخۆ بوون و ئازادی بۆ ژنی کورد لەخۆگری دوو دیاردەیە: یەکەم بوونی ئازادانەی وەک کورد بە مانای ئازاد لە خۆ دەرخستن و پێناسەکردن وەک نەتەوەیەک و دووهەم بوونی وەک ژن بە مانای ئازاد لە خۆدەرخستن و خۆپێناسەکردن وەک ژنێک لەناو جەغزی نەتەوەیەک و کلتوورێکی نەتەوەییدا کە جیاوازە لە فارس، تورک، عەرەب و بەگشتی هەر ئەویترێکی کورد. ژنی کورد بە دوو هۆکار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە و هێرش: یەکەم کورد بوونی بە مانای جیاواز بوون لەو بوونە مانایی و ڕواڵەتییەی کە فارس هەیەتی، دووهەم بەهۆی ژن بوونی بە مانای جەستەیەکی جیاواز لەو جەستەیەی پیاوی ئایینیی ناو بازنەی دەسەڵات پێناسەی دەکات. هەر ئەمەشە کە کورد بوون و ژن بوون بۆ ژنی کورد دەکاتە چوارچێوەیەک بۆ خۆداڕشتن؛ واتە ژنێکی سەربەخۆی خوداڕێژەری سەر بەنەتەوەیەکی سەربەخۆی خۆداڕێژەر. ئەمە بەو مانایە دێت کە ژنی کورد دوو جار لە سەربەخۆییدا دەور دەگێڕێت، جارێک وەک بوونێکی سوبژێکتیڤ وەک ژن،

جـارێکیش وەک بـوونێکی نـاو بـازنەی کۆگشـتییەک بە نـاوی نەتەوە کە هاوتەریـب لەگەڵ پیـاو وەک بـوونێکی سـەربەخۆ بنیـادنەری نەتەوەن و ئەم بـوونە جیـاوازە سـەربەخۆیانەش نەتەنیـا بەسـتێن و هۆکارێـک نـین بـۆ لەبەریەک ڕەوانـدنەوەی فۆرماسـیۆنی نەتەوەیـی کە ئەساسـەن جیاوازییەکـان و دژبەرەکـان لە ڕێـی قەبـووڵی شـەرعییەتی جیـاواز بـوون و ڕێـز لە جیاوازییەکان، مەجالی قەوام و پەرەی فۆرماسیۆنی نەتەوەیی دەرەخسێنن.

بەم هۆکارانەشە کە گرینگـایەتیی خەبـاتی ئەمجـارەی ژنـان وەهـای کـردووە کە وەک یەک شـۆڕش و تەواوکەری شۆڕشـەکانی پێشـووتر پێناسە بکرێت، هەم کۆمەڵگـای مەدەنیـی جیهـانی پشـتیوانیی لـێ دەکـات و ئەم پشـتیوانییەش ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستاندندایە و هەمیش ترس و دڵەڕاوکێی زۆری خسـتووەتە حـاکمییەتی کۆمـاری ئیسلامی و وەک هەڕەشـەیەکی جیـددی پێناسەی دەکەن. هەر چەند حاکمییەت بە دوو شێوە حەولی لەناوبردنی دەدات: بنـاژۆخوازەکان حەول دەدەن بە ئینکـاری ئەم بزاڤە سەرکوتی بکەن و شێوە ڕێفۆرمخوازەکان حەول دەدەن لەڕێی دابەزانـدن و تەقلیلـدانی بە چەنـد خواسـت و داوکـارییەکی ڕواڵەتی وەک لابردنی گەشتی ئیرشاد و حیجابی زۆرە ملی بە لاڕێیدا ببەن.

**گۆڤاری تیشک ژمارە ٦٤ ساڵی بیست و چوارەم هاوینی ٢٧٢٢**

# داڵغەکانی دواڕۆژی ئازادی



باوان کرماشانی - و لە فارسییەوە: کاروان مێراوی

شۆڕشی ژینا ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کردووە کە کۆمەڵگەی کوردستان هەم لە بواری ڕێکخستن و هەمژی لە بواری ئاستی تێگەیشتوویی و وشیاریی سیاسییەوە لە ناوچەکانی تری ئێران زۆر لەپێشترە، ئەمەش یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کوردستانی لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا کردۆتەوە. دەبێت ئەوەش بوترێت کە کوردستان خاوەنی ڕابردوویەکی پڕئەزموونی چالاکیی بەربڵاو و گشتگیری سیاسی و هەروەها خاوەنی ویژمانی بەهێزی خۆیەتی کە گرینگترین هۆکاری ئەمەش بۆ هەبوونی حیزبە مێژوویی و ڕیشەدارە جەماوەرییەکان دەگەڕێتەوە.

ئەزموونی دەیان ساڵ کاری ڕێکخراوەیی، ڕێکخستن و بوونی حیزبە جیاوازەکان، بوو بەهۆی ئەوەی کە کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز لە بەرانبەر ڕێژیمی داگیرکەری ئێراندا بەرگری لە خەبات و شوناسخوازیی خۆی بکات. زۆر بەڕوونی و ساناییی لە شەقامەکانی کوردستان و لە دروشمەکانی خەڵکدا کاریگەریی دیسکۆرس و ویژمانی حیزبەکان، بەتایبەت لە دروشمی "هەموو خاکی ڕۆژهەڵات، بۆتە قەڵای دێموکرات... قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە و..." کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیار و بەرچاوە.

کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆکاری ژینگە سیاسییەکەی و خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی حیزبە سیاسییەکانی بۆ ئازادی و ڕزگاری، زۆر بە باشی خوو و تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆر دەناسێت و بە پێی ئەو شارەزاییەی کە لەسەر ڕێژیمی داگیرکەری ئێران هەیەتی، پلان و بەرنامەی داهاتووی خۆی دادەڕێژێت کە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە و چارەنووسسازە و هەروەها دەبێتە هۆی جیاوازیی پێگەی کوردستان لە هەرێم و ناوچەکانی تری ئێراندا.

لەلایەکی دیکەوە بە پێی ئەوەی کە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ناو جوغرافیای سیاسیی ئێران چارەنووسیان گرێدراوی یەکترە، دەبینین کە بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگەی ئێران (بەتایبەت دانیشتووانی شارەکانی ناوەند) بەهۆی ژینگەی ناسیاسی، نەبوونی ئەزموونی ڕێکخستن، نەبوونی پاشخانی کاری ڕێکخراوەیی و هەروەها نەبوونی ژێرخانی سیاسی و چالاکیی ئامانجدار، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر میکانیزمی خەبات و شێوازەکانی بەرەوڕووبوونەوەی ماشینی سەرکوتکردنی دیکتاتۆر نییە و بەگشتی هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕەوتی یەکپارچەخوازی نییە و هەموو کێشەکان لە مانەوەی حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیدا دەبینن. بۆیە لە بەشێکی گەورەی جوغرافیای سیاسیی ئێران و هەروەها لەنێو چینە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا تێگەیشتنێکی ورد و دروست لە کێشە و نەهامەتییەکانی ژیانی کەمینەکان (لە هەموو ڕەهەندەکانەوە) نییە. بۆ نموونە؛ تەنانەت لە بەشی توێژی بلیمەت و ئێلیتی ئەم کۆمەڵگەیەشدا ڕێژەیەکی زۆریان هێشتا جۆرەکانی زوڵم و ستەمی سیستەماتیکی وەک: ڕەگەزپەرەستی، بەفەرمینەناسینی مافی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران، پرسەکانی ژنان، کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان، کەمینە ڕەگەزییەکان، کەمینە ئایینییەکان و هەموو ئەو شتانەی کە لە بزووتنەوە ئازادیخوازە پێشڕەوکاندا دەبینین، ناناسن و هەنووکەش نازانن چین.

زۆرینەی ئەوان تەنیا بوونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئاخوندی بە دوژمن دەزانن، نەک لەو ڕوانگە ستەمکارانەی پیاوسالاریی ناوەندگەرای شیعەی فارسیی ئێرانشارییەوە کە زۆر جار سنوورەکانی فاشیزمیش تێپەڕ دەکات و دەیان ساڵە خوێنی نەتەوەکانی تر و خەڵکانی ئەو وڵاتە دەکەنە شووشەوە. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو جۆرە وێناکردنە دەتوانێت لە خودی ڕێژیمی ئیسلامییش مەترسیدار بێت و لە درێژەی ئەو ڕێگەیەدا جارێکی تر ئێمە بخەنەوە باوەشی ملهۆڕییەتێکی دیکە و بەرەو کوشتارگەی دیکتاتۆریەتێکی دیکە بمانبەن. هەڵبەت کە ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ دەبەنگیدا یەکسان پێناسەیان بکەین، بێگومان دەبێت بە چەکی زانست و وشیارییەوە بچینە گۆڕەپانی خەبات بە دژی دەبەنگی، نەک تەنیا دژایەتیکردنی! هەرچەندە ئەم بەشە گەورەیەی کۆمەڵگە ئەو پەرچەکردارە بە سیاسی دەزانن، بەڵام ئێمە ناتوانین سیاسیبوون تەنیا بۆ دژایەتیکردنی ڕێژیمێک دابەزێنین. سیاسیبوون پێویستی بە زانستی سیاسی، داخوازیی مافویستانە، ئاراستە و هەڵوێستگریی سیاسی لەسەر پرسەکان هەیە.

ئێریک فروم، لە کتێبی "دەربازبوون لە ئـازادی"دا دەڵـێ: زۆرینەی ئەو کەسانەی بە دوای ئازادیـدا دەگەڕێن، لەڕاستیدا بە دوای "ئازادی لە" دەگەڕێن، واتە کەسێک یان ناوەندێک ژیانی بۆ ئەوان دژوار کردووە و ئەوانیش بە دوای ئـازادی لە دەستی ئەو کەسە یان ئەو ناوەندە دەگەڕێن. ئێمە هەنـووکە و لەم کـاتە هەستیارە مێـژووییەدا لە بەر درگاکـانی ئـازادیداین و بە کرانەوەی ئەو درگاگەلە، بەرپرسیارەتیی قورس و دژوار دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەکمان. کاتێک ئەو درگـایە بکرێتەوە، ئـێمە لەگەڵ ئـازادییەکی بێسـنوور بەرەوڕوو دەبیـنەوە کە ئەگەر هەمـوو بنەمـا و ئەنـدامانی کـۆمەڵگە لە بەرانـبەر ئەو دەستکەوتەدا خۆیان بە بەرپرسیار نەزانن، زۆر مەترسیدار دەبێت و لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا ئەو ڕێژە زۆرەی کۆمەڵگەی ئێران کە سنووری ئازادی تەنیا لە نەمان و ڕووخـانی ڕێژیمی ئێراندا بەرتەسک دەکەنەوە، دەتـوانن ئەو بەرپرسیارەتییە قورسە بە دروستی و ڕێکوپێکی بگرنە ئەستۆ و بیگەیەننە ئامانج؟ چونکە هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییە قورس و گەورەیە، جیا لە چارەنووسی خۆیان، کاریگەریی لەسەر چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەش لە چوارچێوەی جوگرافیـای سیاسی ئێراندا هەیە.

ئێریک فروم ئەم ئازادییە بە "ئازادی بۆ" پێناسە دەکات. "ئـازادی بـۆ"، دیـاری دەکـات کە ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگە بە هیچ شێوەیەک لەسەر بەرپرسیارەتییەکانی ئەو ئازادییە زانیارییان نییە و نازانن کە بۆچی ئازادییان دەوێت. لێرەدایە کە دەبێت بپرسین ئـایا ئەو بەشـەی کـۆمەڵگەی ئێران بە بیستنی دەنگی سەرکوتکراوەکان کە لە مـاوەی دەیـان سـاڵی ڕابـردوودا کپ کراوە، چە پەرچەکردارێکیـان دەبێت؟ ئەو بەشـەی کـۆمەڵگە یـان بە ڕوونتر باسی بکەیـن، زۆرینەی ئەو کـۆمەڵگەیە تـا چ ڕادەیەک ویست و داخوازیی فرەپێکهاتەیی و لەڕاستیدا ڕەنگاڵەبوونیان پێ قەبووڵ دەکرێت؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بە بـاوەڕی نووسەری ئەم بابەتە، لە بـازەیەکی کـاتیی هەسـتیار و مێژوویـی هەنـووکەدا دەبێـت لە ئێسـتەوە بەجیـددی بیـر لە "ئـازادی بـۆ" بکەیـنەوە، لەبەر ئەوەی کە بەرنامەڕێژییەکی نووسراوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێت، چونکە بێگومـان لە ڕەوتی هەر شۆڕشێکدا دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، لە خودی شۆڕشەکە گرینگترن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٣

## لە پەراوێزەوە بۆ دەق (ئەرکی مێژوویی نوخبەی سیاسیی کورد)




ڕەزا دانشجوو

شۆڕشی ژینا لە حاڵێکدا خەریکە دەچێتە مانگی چوارەمی خۆیەوە کە ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی خەڵکی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کردووە بە ناوەندی سەرنجی شۆڕشگێڕان و میدیاکان. ئەم ڕۆڵە بەنرخ و ناوازەیە دەتوانرێت بە لایەنی کەمەوە لە دوو لایەنی جیاوازدا شرۆڤە و پۆلێن بکرێت.

### کوردستان وەک بزوێنەری شۆڕشی ژینا

کوردستان دەستپێشخەری شۆڕشی ژینا بوو. پریشکی شۆڕش لێرەدا لێ درا و لە ڕاستیدا شۆڕش لێرە لەدایک بوو. ڕۆژهەڵات بە هەڵبژاردنی دروشمی وشیارانە و مرۆڤدۆستانە لەسەر بنەمای واقیعەکانی کۆمەڵگە، توانی نەک هەر نەتەوەکانی تری ئێرانی، بەڵکوو کۆمەڵگەی جیهانییش پەلکێشی شۆڕشەکە بکات، تا ئەو ئاستەی ئێستا دروشمەکانی شۆڕشی ژینا وەکوو مانیفێستێکی ئازادی نەک تەنها لە وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو لە وڵاتانی زۆر دوور لە جوغرافیای شۆڕشی ژینا پەیڕەو دەکرێت.

کوردستان تەنیا دەستپێشخەری شۆڕشی ژینا نەبووە و نییە، لە چەند کاتی جیاوازدا کە شەپۆلی بزووتنەوەی شۆڕش بەرەو

خوارەوە و لاوازی بوو، شارەکانی کوردستان توانییان بە دەرکەوتنێکی شۆڕشگێڕانە شەپۆلێکی نوێ دروست بکەن و خوێنی نوێ بڕێژنە نێو دەمارەکانی شۆڕش. تا ئێستا لانیکەم چەند جار ئەم جۆرە دەرکەوتنە لە کوردستان بیندراوە.

## کوردستان وەک ڕێکخەری شۆڕشی ژینا

کوردستان چ لە قۆناغی بزووتنەوەی شەقام وچ لە کاتی مانگرتندا، ڕێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بووە. فۆرم و شێوازی ئامادەبوونی خەڵکی کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاکتیکی شەڕکردن بە تەواوی وشیارانە و لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە هەلومەرجی هەنووکەیی بووە و هەیە. لە ڕاستیدا تێکەڵکردنی نارەزایەتی و مانگرتن، شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە زانکۆکان، هێنانی نارەزایەتی بۆ قوتابخانەکان و بەستنەوەی بە شەقامەوە، ڕێکخستنێکی زۆر هاوئاهەنگ و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نیشان دەدات.

## ئەرکی مێژوویی نوخبەی سیاسیی کورد

سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی هەر کۆمەڵگەیەک، وەک چینێکی خوێندەوار و ئاگادار لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرینگ و سەرەکی لە ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵگەدا بگێڕن. لە ڕاستیدا ئەم چینە کە ئاگاداری پرس و ڕێسا سیاسییەکانن دەتوانن لە ڕێگەی پشکنین و شیکردنەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگە وهاوکات دۆزینەوەی چەندایەتی و چۆنیەتی کەموکورتییەکان ڕێگەچارەی کردەیی و ئەکادیمی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان کۆمەڵگە بدۆزنەوە. ئەم لێکنزیکبوونەوە و هەماهەنگییەی نێوان نوخبەکان و جەستەی هەر کۆمەڵگەیەک گرنگترین مەرجە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەو کۆمەڵگەیە، دیارە ئەم هەماهەنگییە لە بارودۆخی تایبەت و وەرچەرخانی مێژووییدا زۆر پێویستتر دەبێت.

بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا لەسەر تێوەگلانی نوخبە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەدی کراوە، هیچ پەیوەندییەکی بە بەئاگاهاتنەوەی کوردستانەوە نییە. دەنگی سیاسەتمەدار و نوخبەی کورد لە پەراوێزی ڕاستییەکان و ڕووداوەکاندا بووە، لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵات مەیدانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی و دروستکەری دروشمی شوناسی شۆڕشگێڕانە بووە، نوخبەی کورد زیاتر لە پێگەی بەرگریکردن لە واقیعەکانی هەنووکەیی بووە نەک بەرەوپێشبردنی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵات. ئەم پرسە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ڕەوتی دیکە گۆڕەپان بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی بیر و بیرۆکەکانیان ئامادە ببینن و ئەم بۆشاییە وەک دەرفەتێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاربهێنن.

جیهێشتنی شەقام بۆ سەرکردەکانی شەقام و خەڵکی ئامادەبوو لەسەر گۆڕەپانەکە بەدڵنیاییەوە سیاسەتێکی دروست و لۆژیکییە، چونکە؛

**یەکەم**: لە کاتی پێویستیدا دەرفەتی وەڵامدانەوەیەکی لۆژیکی و گونجاو بۆ شۆڕشگێڕان دابین دەکات.
**دووەم**: ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم بەهۆی بەربڵاوی ناوەندی دەسەڵاتی بڕیاردان و نەناسراوبوونی زۆر سەخت و دژوار دەکات. بەڵام ئەو خاڵەی لەم نێوەندەدا بەتەواوی فەرامۆش کراوە، پێویستی دابینکردنی نەخشەڕێگا و پلانێکی ڕوونە بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا کە بێگومان لە ئەستۆی نوخبە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە. بەڵام بەداخەوە نوخبەکان هەر وەک گوترا، یان بێدەنگ بوون یان لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا سەرقاڵی بابەتگەلێکی بێبایەخ بوون.

ڕاستییەکی تاڵە مێژووییە کە ڕووناکبیران و نوخبە سیاسییەکانی کورد، بە هۆکاری تەواو بێبایەخ، هەمیشە وزەی خۆیان تەنیا لەسەر بەرگریکردن لە ڕەوتی ئازادیخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە بەرامبەر ڕەوتێکی خۆبەناونیشانی ناوەندگەرا چڕ کردووەتەوە و هەرگیز نەیانتوانیوە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی پێشکەوتوو خاوەن پلانی تایبەت و هەڵگری بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵات مامەڵە لەگەڵ لایەنی بەرانبەر بکەن.

پرسیار ئەوەیە، تا کەی بزووتنەوەی سیاسیی کۆمەڵایەتیی کوردستان وەک تۆمەتبارێک لە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی وەهمگەرا ڕۆڵ دەگێڕێت؟ تێڕوانینێک کە لە بنەڕەتدا ڕوون نییە کە بەدوای چیدا دەگەڕێت و چی دەوێت، تێڕوانینێکی وەهمی کە هیچ شتێک لە ڕابردوو هەڵناگرێت و هیچ پلانێکی بۆ داهاتووش نییە. ئەم بزووتنەوە وەهمییە کەی و چۆن ئەم شوێنە خەیاڵییەی بەدەست هێنا؟ ئایا خۆنواندن ئەم ڕەوتە وەهمییە، لانیکەم لە میدیاکاندا، بەهۆی لاوازی ئەدای سیاسییەکانی کوردەوە نییە؟ ئایا ئەم میدیا و کاناڵانەی کە هەمیشە پرسیاری یەکەمیان لە چالاک، نوخبە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد پرسی جوداخوازییە، هەرگیز پرسیارێکی وایان لە بزووتنەوەی پێچەوانە کردووە، یان تا ئێستا هیچ پرسیارێکیان لەم بزووتنەوەی وەهمییە سەبارەت بە دیکتاتۆرییەت، پاشایەتی، شوێنیزم، ئاسیمیلاسیۆن و هتد کردووە؟ ئایا ئەمە جۆرە مامەڵە کردن میدیا لەگەڵ سیاسیی کورد بەهۆی شێوەی هەڵسوکەوتی هەمیشە دیفاعیی لایەنی کورد نییە؟ ڕاستی بۆ ئێمە ناپرسین؟ بۆچی تەحەدای ئەم ڕەوتە تەواو درۆ و ناڕاستە ناکەین؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕووناکبیران و نوخبە سیاسییەکانی کورد فرێکانسی دەنگی خۆیان لەگەڵ فرێکانسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا ڕێک بخەن و ببنە پێشەنگی شۆڕشی ژینا نەک تەنها شوێنکەوتوو؟ ئایا کاتی وەی نەهاتووە بە گۆڕانکارییەکی

بنەڕەتی لە تـاکتیکی ڕووبەڕووبـوونەوە دا لە پێگەیەکی بەرگرییەوە بـۆ پێگەیەکی پێشکەوتوو و چـالاک بچین؟ فیـدرالیزم وەشـانێکی پێشکەوتوویە بـۆ گەڕانـدنەوەی مـافی نەتەوەکـانی ئێـران و گەڕانـدنەوەی شکۆمەندی ئێرانـی کـۆن. کاتێـک کـورد پلانێکی وا بەهێزی بۆ ئایندەی ئێران هەیە، بۆچی ئەم پلانە نە ڕیکلامی بۆ دەکرێت و نە پەرەی پێ دەدرێت؟ ئایا دەکرێت بنەمـا پێشکەوتنخوازەکانی دەوڵەتـداری لە پەراوێـزدا بـن و کـوڕی دیکتـاتۆرێکی پێشـوو یـان هەنـدێک ئەکـتەر و... باسـی حوکمڕانی بکەن؟ ئەمە داوایەکی گشتییە لە هەموو نوخبە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی کـورد لە شێوەی حیـزب یـان تـاک یـان بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری، تکـایە گێـڕەرەوەی داخـوازییە ڕەواکـانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بـن، تکـایە لە پەراوێـزەوە وەرن بـۆ دەق، تکایە دەنگی بیری سیاسی و پێشکەوتنخوازانەی خەڵکی کوردستان بن، تکـایە وەک خەڵکی ڕۆژهەڵات دەنگتـان بەرز و بێسانسۆر بێت. بـا وەک "ژن، ژیـان، ئـازادی"، وەک "کوردسـتان گۆڕسـتانی فاشیسـتان"، وەک خەڵکی ڕۆژهەڵات، شۆڕشگێڕ و بێسنوور و لە هێڵی پێشەوەی خەبـاتدا بین.

هێندێک جار باشترین بەرگری هێرشبردنە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٣ی جانێویەری ٢٠٢٣

## د. عەباس وەلی: ئێمە ناچینە نێو هاوپەیمانییەک جیاوازییەکانمان بسڕێتەوە و شۆناسی ئێمەی تێدا بزر ببێت



**هەڤپەیڤین: عەلی لەیلاخ**

**ئاماژە**: شۆڕشی ژینا لە چوار مانگ بەردەوامیی خۆی نیزیک دەبێتەوە. قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو شۆڕشە تێپەڕیوە و لە ئیستادا پرسی ڕۆژەڤ هاوپەیمانی و دروستکردنی ئالترناتیڤ بەدژی کۆماری ئیسلامییە. سەنگ و قورسایی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ئێراندا چەندەیە؟ پرسی شوناسی نەتەوەیی لە هاوپەیمانییەکاندا چۆن دەبێت؟ دێموکراسی لە ئێران چۆن بیچم دەگرێ و سەقامگیر دەبێت. "کوردستان مێدیا" بۆ وەڵامدانەوە بەو پرس و پرسیارانە و چەند بابەتێکی تر وتووێژێکی لەگەڵ پڕۆفیسۆر دوکتور عەباس وەلی پێکهێناوە:

**عەلی لەیلاخ**: دوکتور با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین کە مێژووی هەوڵدان بۆ دێموکراسی و دەسەڵاتی یاسا لە ئێران بۆ زیاتر لە سەت ساڵ دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی مەشرووتەوە هەتا ئێستا. بەڵام دێموکراسی لەو وڵاتە جێگیر نەبووە. لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە لەمپەرەکانی بەردەم دێموکراسی لە ئێران چین و کامانەن؟

**د. عەباس وەلی**: ئەگەر مەبەستت ئێران وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆیی سیاسی بێ، لە ئێران چەندین جار هەوڵ دراوە

دێموکراسی وەکوو نەهادێک دابمەزرێنن. وەلی ئەو نەهادە هیچ کات خۆی نەگرتووە. یانی مەسەلەن ئەگەر تەماشای شۆڕشی مەشرووتە ١٩٠٥ بکەین، لەو دەوریدا هەوڵ دراوە کە دەسەڵاتی حاکم کە شا بووە کەم کەنەوە و خەڵک بخەنە نێو پرۆسەی سیاسی و دامەزراوەی بۆ دروست بکەن، بەڵام نەیگرتووە.

لە ساڵی ١٩٠٦ کە یاسایی بنەڕەتی پەسەند کراوە، لە ساڵی ١٩١٢ ئیستبدادی سەغیرمان هەبووە، لە پەراوێزەوە بەختیارییەکان و ئازەرییەکان هاتوون تارانیان گرتووە و دیسان دایانمەزراندۆتەوە. بەڵام لە دواییدا شەڕی یەکەمی جیهانی هاتووەتە پێش و پاشان لە ١٩٢٦ ڕەزاشا دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە. لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩٢٦ تا ڕادەیەک لە ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نییە و فەرهەنگێک کە پێویست بوو دابمەزرێ و بنیات و بنەماکانی یاسادانان و کولتووری دێموکراسیی لەسەر دابندرێت، ئەو فەرهەنگە دروست نەکرا. ڕەزاشا بۆخۆیشی هەوڵی دەدا هەموو دەستکەوتەکانی دێموکراسی لەنێو بەری و یاسای بنەڕەتیی هەڵپەسارد و دیکتاتۆرییەتی جێگیر کرد و ئامانجی لەو دیکتاتۆرییە، نوێکردنەوە و مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران لە سەرەوە بوو. بژاردەیەکی خوێندوار کە دەبوو ببن بە بنەمای فەرهەنگێکی دێموکراسی، چوونە ژێر حوکم و سووڵتەی ڕەزا شا. بەمجۆرە فەرهەنگێکی دێموکراتیک هیچ کات دروست نەکرا و کە دروستیش نەکرا دەبینین ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و ئیدی هاتن و ئەوانەش هەوڵیان دا بنەمایەکی ئیدیۆلۆژیک دابمەزرێنن و بە پێی ئەوە، سیستمێکی فکری و سیاسی بێنە پێشێ کە ئەو سیستمە هەر لەسەر بنەمایەکی ئیستبدادی کە داندرابوو، دامەزرا. مەبەستم ئەوەیە ئێران چەندین جاری هەوڵی بۆ دێموکراسی داوە و ئەو کارانە کراون، بەڵام هیچکاتێک ئەو فەرهەنگە دێموکراتیکە نەبووە. ئەگەر تەماشا بکەین لە ئێران هەر کات دەوڵەت کز بووە یان کەوتووەتە پەراوێزەوە، فەرهەنگێکی دێموکراسی گەشەی کردووە. وەکوو خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ کە ڕەزاشا لەسەر وەلانرا یان ساڵانی ١٣٢٥ - ١٣٢٦ کە حکوومەتی ئێران زۆر لاواز بوو، ئێمە لەو سەروبەندەدا دەبینین کە دێموکراسی گەشەی کردووە. هەروەها لە سەردەمی موسدیق و پاشان لە دەورەیەکی زۆر کورت بەهۆی ئیسلاحاتی ئەرزی و ئەوانە و لە دوایەش ماوەیەکی کورتی پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی. بەڵام تەواوی ئەو ڕووداوانە کە پێش هات، فەرهەنگی دێموکراتیکیان لەسەر دانەمەزرا.

دانەمەزرانی فەرهەنگی دێموکراتیک لە ئێران هۆکاری زۆرە. بەڵام هۆکاری بنەڕەتی ئەوە بووە کە ئێران هیچ کاتێک ئێلیتێکی دێموکراتیک یا گرووپێک، یان بڵێین چینێکی دێموکراتیک، چینێکی نوخبەی دێموکراتیک لە ئێران، هیچکات نەبوون کە نەیانەوێ نەچنە ژێر سوڵتەی دەسەڵاتی سیاسی و نەبن بە ئامرازی دەسەڵاتی سیاسی. گەلانی ئێران هەمیشە تینووی دێموکراسی بوون، بەڵام هیچ کاتێک ڕێبەرایەتیی ئەو ئێلیتەیان نەبوو کە بتوانن ئەو فەرهەنگە دێموکراتیکە لە ئێراندا دروست بکەن. مەسەلەن ئێوە سەیر بکەن ئاڵمانی مۆدێرن کە لە ساڵی ١٨٧٠ دامەزرا بە دەست بیسمارکەوە بوو.

دێموکراسی لەژێر سوڵتەی گشتیدا هاتووتە پێش، وەلی سەقامی نەگرتووە. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئاڵمان ڕووخاوە، دێموکراسی وایمارِ زۆر سیستمێکی باش بووە و دامەزراوە، بەڵام هێزی نەبووە. پاشان هیتلێر هاتووەتە سەر کار و پاش شەڕی دوویەم لە ئاڵمان، ئیلیتێکی دێموکراتیک کە ئەزموونی فاشیزمی هەبووە، نەچووە لە سەرەوە ئیقتدارێکی غەیرە دێموکراتیک و دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا دروست بکا. بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە حکوومەتێکی فیدراڵ بنیات بنێ، بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە ئیلیتێکی دێموکراتیک بێنی و ئەوانە لە دەسەڵاتدا کار بکەن و ئەو فەرهەنگە دێموکراتیکە کە لەوێ هەیە، بەڕاستی مێژوویەکی وا دووروردرێژیشی نییە ئەساسەن، غەیری ئەو ١٤ ساڵە کە کۆماری وایمارِ هەبووە لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٣٣ ئاڵمان ئەزموونی دێموکراسی تا پاش شەڕی دوویەمی جیهانیی نەبووە.

عەینی ئەوە دەتوانین لەبارەی ژاپۆندا بڵێین. ژاپۆن پاش ١٩٤٥ ئەو کارەی کرد. ئەو دوو وڵاتە ئەم بژاردەیەیان هەبووە، ئەو بژاردەیە کە زانیویەتی دەسەڵاتی ناوەندگەرا، زەبرووزەنگ و مۆدێرنیزەکردنی لە سەرەوە ڕا بە زۆر و بە زەبروزەنگ وڵام ناداتەوە. ئەوانە ئەم دەسەڵاتە دێموکراتیکەیان داناوە، بەڵام لە ئێران ئێمە بەداخەوە هیچکاتێک ئەو بژاردەیەمان نەبوو کە ئەو فکرە بکاتەوە و نەچییەتە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتەوە.

**عەلی لەیلاخ:** پاش پتر لە ١١٧ ڕۆژ لە شۆڕشی ژینا ئەو دەرفەتە خوڵقا کە گەلانی ئێران و بژاردەکانی ئێران، حیزبەکانی ئێرانی بتوانن پێکەوە قسە بکەن. بەڵام وەک هەمووان دەیبینین ترسێک هەیە لە هێزە سیاسییەکانی کوردی، لە حاڵێکدا بەڕێزتان باشتر دەزانن یەکێک لە بنەماکانی دێموکراسی، حیزبەکانن. ئەو ترسە چۆن دەبینین، ئایا ئەوە یەکێک لە خەسارەکانی دێموکراسی لە ئێران نییە؟ هۆکار چییە؟

**د. عەباس وەلی:** بەڵێ دروستە. لە نەزەر هەبوون و کارکردی حیزبە سیاسییەکانەوە، کوردستان مێژوویەکی ڕەنگینتر و پڕ شانازیی هەیە. هەم بەردەوامیی ئەو حیزبانە، هەم پێوەندیی ئەو حیزبانە لەگەڵ چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستان. دیارە ئەوە، سەرێ و خوارێی هەبووە، بەڵام هەر بەردەوام بووە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەو حیزبانە کارەکانیان جۆرێک بووە یان جۆرێک نەبووە کە نابێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ؛ نا ئەوەش نییە. لە هەر فەرهەنگێکی ڕەخنە نەبێ، ئەو فەرهەنگە بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا. بۆیە من لێرە دەڵێم حیزبی کوردی یا کوردستان، فەرهەنگێکی حیزبایەتی ٨٠ تا ٨٥ ساڵ، ئەوە زۆر شتێکی گرینگە و ئەوە جیاوازیی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران، دەردەخا و جیای دەکاتەوە.

لە ئێران هیچ کاتێک دۆخەکە بەو شێوەیە نەبووە. دروستە لە ئێران هاوکات لەگەل کوردستان، فەرهەنگی حیزبی دەستی پێ کردووە، یا پێشتریش هەڵبەت حیزب هەبووە لە ئێران. بەڵام ئەو حیزبانە هیچ کاتێک نەیانتوانیوە بەردەوام بن،

فەرهەنگەکە پساوە و دیومانە کاتی دەسەڵاتی غەیرە دێموکراتیک و دژی دێموکراتیک، هاتووەتە سەر کار، یەکەم کارێک کە کردوویانە حیزبەکانیان داخستووە. بۆچی حیزبەکانیان داخستووە؟ هەر ئەو جۆری من پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، دێموکراسی لە ئەسەڵدا یانی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ. دێموکراسیی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگەی زۆر زۆر چکۆڵە دەست دەدا کە لەبەر هەموو شتێکی خەڵک بچن بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕەئیی خۆیان دەرببڕن و کۆمەڵگە بەو شێوەیە ئیدارە بکرێ. وەلی کاتێک کە کۆمەڵگە گەورە و جەماوەری زۆر دەبێ، ئێمە پێویستمان بەو دامەزراوە دێموکراتیکانە هەیە. ئەو دامەزراوە دێموکراتیکانە کە نوێنەرایەتیی خەڵک بکەن لە پڕۆسەی سیاسیدا. ئەوە هۆکاری بوونی حیزبە.

لە کوردستان دیارە حیزب یا ڕێکخراوی سیاسی بەشێوەی مۆدێڕن، ئەو جۆرەی کە من دەیبینم یانی لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف، حیزب دێموکراتی کوردستان هاتووە و لە دوایەش بەشێکی زۆر لە ژیانی غەیرە قانوونی ڕاگەیەندراوە، لە تاراوگەدا بووە. کاتێک کە شۆڕشی گەلانی ئێران بووە گەڕاوەتە نێوخۆ. بە لاوازی گەڕاوەتەوە بەڵام توانیویەتی پەرەبگرێ، سەقام بگری و دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێتەوە. دواتر کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هاتووە و لە پاشان حیزبەکانی دیکەش. ئەوەی کە لێرە هەیە ئەو حیزبانە لە کوردستان، لە چوارچێوەیەکی ئێتنیکی یان نەتەوەییدا بوون و دیارە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکییان کردووە. ئەو چالاکییانە هیچ کاتێک نەیتوانیوە و ناشتوانێ تەنیا تایبەت بە ڕۆژهەڵات بێ، لەبەر ئەوەی کاتێک ئەو حیزبانە بەرنامەی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەرنامەی خودموختاری بووە، فێدراڵیزم بووە، بەهەرحال جۆرێک ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوی حاکمییەتی ئێراندا بووە، ئەوە دیوارە ئێتنیکییە بەجۆرێک کە ماوە، لەگەڵ تاران، ئازەربایجان و بەشەکانی دیکەی ئێران، هەڵسووکەوتیان بێ و بچنە نێو هاوکێشەکان و بچنە نێو وتووێژی سیاسی و سیاسەتکاری هەبێ.

حیزبەکان لە کوردستان ئەگەرچی لە چوارچێوی ئەو دیوارە ئێتنیکییە و بازنەی نەتەوایەتیدا دامەزراون، بەڵام هەمیشە کاریان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەرەوە بووە. لێرە نوکتەیەکی ئەساسی هەیە دەمەوێ باس بکەم. ٢ - ٣ ساڵ لەوەپێش بوو باسی ئەوەم کرد کە ئێستا کوردەکان گەیشتوونەتە جێگایەک کە دەبێ دیواری ئێتنیکی و دیواری نەتەوەیی تێپەڕێنن. سیاسەتەکەیان لەوەی دەر بکەن و بچنە ئەو بەری. ئەوە دروستە چ بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ ئەوە بکەن. وەلی کوردەکان ئەوەیان کردووە تەنیا لە چوارچێوی پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا. ئەوەی کە من دەمگوت دەبێ دیواری نەتەوەیی یا ئێتنیکی تێپەر کەن، تەنیا ئەوە نییە تۆ لەگەڵ حکوومەتێک بێی پێوەندی بگری و لەگەڵی بچییە نێو مامەڵە و سەوداوە. بەڵکوو لەگەڵ جەماوەرەکانی دیکە، لەگەڵ گەلەکانی دیکەی ئێران بچنە نێو تەعاموولەوە. چون ئەو یەکیەتی و یەکرێزییەی کە پێویستە لە پێش حکوومەت ڕاوەستی، ئەوە دەبێ لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بێ.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئەوە جەخت دەکەمەوە هێزە کوردییەکان، چ حیزبەکان بن چ ئی دیکە، نابێ ئیزن بدەن کە

لە دەرەوەی دیوارەکانی ئەو جوغرافیا و سنووورە جوغرافییایەی کە بە شۆناسی نەتەوەیی کوردی دامەزراون، نابێ بێڵن لە دەرەوە ئەم دیوارە بشکێن یا دەوریان لێ بدەن. چون ئێمە ئەزموونمان هەبووە و جارێکی لە شۆڕشی پێشتر لە ساڵی ١٣٥٧، حیزبی توودە، فیدایی و چەپەکان، ئەو دیوارە ئیتنیکییەیان دەور لێ دا و هاتنە نێو ژوورەوەی کۆمەڵگەی کوردییەوە، دەرەنجامەکەشی نە بۆ ئێمە باش بوو نە بۆ خودی ئەوان. جا بۆیە ئێمە ئەوجارە لەو دەرفەتە کەلک وەرگرین بۆخۆمان، ئەو دیوارەی تێپەڕ بکەین، بەڵام ئێمە نابێ ئیجازە بدەین لە دەرەوە ڕا، ئەو دیوارە تێپەڕ بکەن و بێ ئیجازەی ئێمە بێنە ژووریّ و لەوێ سیاسەت بکەن لە مەیدانێکدا کە ئەو مەیدانە، ئەساسەن هی ئێمەیە.

**عەلی لەیلاخ**: **لەو شۆڕشی ژینا کە شۆڕشێکی فرەزمان و فرەدەنگە، هەوڵ دەدرێ شۆناسێکی هاوبەش دروست بکرێ، ئێوە چۆن لەو شۆناسە هاوبەشە دەڕوانن؟ ئێوە کە باسی پرسی کورد و چوارچێوە و دیوارەکانی ئەو پرسە دەکەن، ئایا ئەو شوناسە هاوبەشە نابێتە هۆی سڕینەوە دەنگی ئێمە لە باری سیاسییەوە، مەترسی نییە بۆ چوونە نێو ئەو شێوە هاوپەیمانییە کە تۆ لەنێو شوناسێکی هاوبەشدا هەڕەشە توانەوەت لەسەر بێت؟**

**د. عەبباس وەلی**: نا. ئەو شۆناسە بەو جۆری کە هاتووەتە پێشێ، زۆر زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەرەی دێموکراتیکی دژی دیکتاتۆری لە ساڵی ١٣٥٧ دروستی کرا. ئەوکات وەحدەتی کەلەمە بوو. مەسەلەن ئەوە بوو کە کەریم سەنجابی و دوکتور شایەگان و... هەستان چوونە پاریس و چۆکیان دادا لە پێش خومەینی و تەسلیمی هاتنەوەی بوون و هەموو شتێکیان قبووڵ کرد، نا مەبەست ئەوە نییە. ئێستا ئەوە کە هاتووەتە پێشێ، ئێمە جۆرێک ئیئتلاف ناکەین کە جیاوازییەکانمان لەبیر خۆمان بەرینەوە و ولایان بنێین و بچینە ژێر چەتری بەرەیەکی دژی دیکتاتۆری کە شۆناسی ئێمەی تێدا نابووت ببێ، یان ناسنامەی ئێمە لەودا بزر ببێت، نا ئەوە نییە. ئەوەی ئێستا لە ئێراندا هەیە، ئێمە لە هەلومەرجێک داین کە ئەو بەشەی دروست بووە، ئەوە لەسەر بنەمایەکی یەکگرتن لە عەینی ئۆتۆنۆمیدایە. یەکگرتن لێرەدا بە مانای جۆرێک هاوپەیمانی بەکار دەبەم. لێرە تەواوی ئەو هێزانە کە لەوێن ماهییەتی نەتەوەییان هەیە وەکوو کوردەکان، وەکوو بەلووچەکان، وەکوو ئازەرییەکان، وەکوو تورکەمەن و عەرەبەکان. یان ژنەکان کە ماهییەتی جینسییەتی هەیە، یا دەگرباشانی جینسی کە ئەوانیش جۆرێکی دیکە یا تەنانەت پرسگەلی دینی شیعە، سوونی و بەهایی و... ئەوانە لەوێ دەتوانن جیاوازیی خۆیان بپارێزن و تەنانەت تا ئێستا پاراستوشیانە. ئێمە دەبینین لەو دواییانەدا ئەو کەسانە هەن کە لەژێر چەتری ئەو شۆناسی هاوبەشەدا چالاکی دەکەن، بەڵام دەیانەوێ ئەوانی دیکە بێنە ژێر چەتری خۆیان و شۆناسی جیاوازی ئەوان بسڕنەوە. مەسەلەن سەڵتەنەتخوازەکان. سەڵتەنەتخوازەکان ئەو کارە دەکەن و بەشێوەیەکی زۆر ناحەزیش ئەو کارە دەکەن. مەسەلەن ڕۆشنبیرانی سەڵتەنەتخواز، کەسێکی وەکوو ئەمیر تاهیری، تەنانەت ئەو ویستوویەتی مەسەلەی ژن، ژیان، ئازادی بگەڕێنێتەوە بۆ دەورەی مەشرووتە. ئەوە تەنیا دزی نییە، بێشەرمی نییە، بەڵکوو ئەوە تاکتیکێکی

سیاسیی زۆر پیسە کە ئەوانە بەکاری دەبن.

لەو قۆناغی ئێستادا کوردەکان بە نیسبەت هێزە سیاسییەکانی دیکە یەکریزییان زۆرترە و گۆڕانکارییەک ئەگەر لە ئێراندا بکرێ، ئەگەر کوردەکان و هێزەکانی کوردییەکان، چاک کایە بکەن، ئەگەر سیاسەتی خۆیان بە شێوەیەکی چالاک و کاریگەر ڕێک بخەن، بە باوەڕی من دەتوانن وەزنی سیاسییان وەک وەزنی ڕاستیی ئەوان لە چوارچێوی ئێراندا زۆرتر ببێت.

**عەلی لەیلاخ**: دوکتور، مەترسییەکانی سەر شۆڕش ژینا دەبینین و بەشێکیشی باس کرا، چ بکرێ لە پرسی ئالتەرناتیڤسازیدا کورد سەری بێ‌کڵاو نەمینێتەوە. ئایا دەکرێ هەموو شتێک جارێ تەنیا فیدای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکرێت؟

**د. عەباس وەلی**: نا. بە باوەڕی کورد لەچاو گەلەکانی دیکەی ئێران قوربانیی زۆرتریان داوە و، ئەگەرچی ئەو کارانەی کە ئێستا حکوومەت دەیکا یانی ژمارەی کوژراوەکان، ئەو کەسانەی کە ئێعدام دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن یا لەو ٢٠ هەزار کەسەی کە لە زیندان دان، بەشی زۆری ئەوانە غەیری کوردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کوردستان بەپێی حەشیمەت و ئامار زیاتر لە بەشی خۆی قوربانی و تێچووی داوە، بەڵام ئەوەش نابێ بێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە کوردەکان پاشەکشە بکەن. باشە ئێمە کاری خۆمان کردووە و چاوەڕوانین، نا ئەوە وا نییە. ئەوە پرۆسەیەکە دەبێ بچێتە پێشێ و نابێ بکووژێتەوە. ڕەنگە ئێستا هێندێک کەس بڵێن من لە دەرەوی وڵاتم، دانیشتووم و جێگام خۆشە، من باسی مەسەلەیەکی سیاسی دەکەم، باسی مەسەلەیەکی تاکەکەسی ناکەم. مەسەلەکە ئاوایە و ئەو مەسەلەیە لە کوردستان بە هەر شێوەیەکی کە پێویستە دەبێ بەردەوام بێ و دەبێ ئەو جموجۆڵە زیندوو بمێنێ. بەڵام چۆن؟ ئاشکرایە لە داهاتوویەکی میان ماوەشدا، ئەو حکوومەتە ناتوانێ بەو شێوەیە بەردەوام بێ. ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێ، پاشەکشەکردن بۆ کوردان لە ئێستادا دروست نییە و سیاسەتی چالاک دەبێ لە چەندین بەرەدا هەبێ. مەسەلەی نافەرمانیی مەدەنی دەبێ هەبێ، مەسەلەی ئەو خۆپیشاندانە دەبێ هەبێ، مەسەلەی تێکهەڵچوون لەگەڵ دەسەڵات دەبێ هەبێ و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە فەرهەنگی خۆڕاگری هەم دەبێ قووڵتر بکرێ و هەم دەبێ بەربەرینتر بێت. ئەوە فەرهەنگی خۆڕاگریی کورد لەگەڵ ئێران و لەگەڵ گەلەکانی دیکەی ئێران و ڕاپەڕینی ئەوان، ئەو پێوەندییە پێک دێنێ. ئەو پێوەندییە لە هەلومەرجی ئێستادا بەڕێکخراو و بە شێوی سیاسی، ئیدئۆلۆژیک کە لەسەر هێڵێکی تایبەتی بڕوا نییە، بەڵام ئەو پێوەندییە ئەوەیە کە ئەو، فەرهەنگی خۆڕاگرییە دەبێ توندوتۆڵ و بەرفراون بکرێ. ئەوە کوردستان هەمیشە لە ناوەندی ئەو شۆڕشەدا ڕادەگرێ. نابێ کوردستان کارێک بکا ئەو جێگای کە ئێستا بەدەستی هێناوە و لەڕاستیدا ئەگەر سەرنج بدەین چالاکیی کوردستان و بەلووچستان لەو شۆڕشەدا، ڕۆڵی ناوەند و پەراوێزی گۆڕیوە.

کوردستان دەبێ ئەو ئیمتیازی کە بە دەستی هێناوە ڕای بگرێ و ئەوە زۆر گرینگە، هەروەتر بەلووچستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی کلیدی لێرەدا هەستانی تاران و ئەو بەشانەی ئێرانە کە بەڕواڵەت وەکوو ناوەند ناسراون. ئەوکات ئەگەر کوردستان پاشەکشە بکا و ئەو وەزعە لەوێ بێتە پێشێ، تەنانەت ئێستا ئەگەر ئەو جموجۆلە تووشی بۆشاییەک و بێدەنگییەک هاتووە، بەڵام ئەگەر تەقینەوەیەکی گەورەتر لە داهاتوویکی زۆر نیزیکدا ڕوو بدات، بێشک لەوێیە. بۆیە کوردستان پێگەی ئێستای لە شۆڕشی ژینادا لە دەست بدات. ئەوە بە باوەڕی من ئەساسییە، گرینگە و هەروەتر دەبێ ئەو قورساییە کە لە چواچێوی ئەو شۆڕشەدا بەدەستی هێناوە، ئەو وەزنە لە واقعییەتدا کوردان و جوغرافیای کوردان، بەنیسبەت جەماوەر و هێزی ئابووری ئەوانە و، ئەو قورساییە کە بە دەستی هێناوە نابێ لە دەستی بدا و تەنیا و تەنیا قووڵترکردنی ئەو فەرهەنگی خۆڕاگرییەیە کە ئەمە دەستەبەر دەکا. بەدوای ئەوەدا دەبێ شەبکە و ڕایەڵکەسازی لە شارەکاندا هەبێ هەمووان لە ئاستی سەرانسەری و دەرەوەی وڵات لە ئەرکەکانیان بەردەوام بن.

**عەلی لەیلاخ**: زۆر سپاس دوکتور کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**د. عەباس وەلی**: سپاس بۆ ئێوەش بۆ بانگهێشتی من

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٢ی جانیوێری ٢٠٢٣

# شۆڕشی ژینا، بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش




**بێهزاد خۆشحاڵی**

نەوەی z کە لە مێژووی نزیکدا بە هەمەچەشنترین نەوە ناسراون و پێیان دەگوترێت نەوەی ڕەسەنی دیجیتاڵی، نەوەیەکن لە بازنەی تەمەنی لە دوایین دەیەی سەدەی بیستەمەوە تا نێوەڕاستی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم، کە ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان هەیە:

دیدگای سیاسی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە، ئاسوودەن لەگەڵ تەکنەلۆژیا، چالاکن لە سۆشیال میدیا، سەرنجیان لەسەر دارایی کەسی هەیە، زۆر پراگماتیکن، زۆر کارگێڕن، تایبەتمەندیی دیجیتاڵییان هەیە و فرە ئەرکن. هەروەها ڕاهاتوون بەخێرایی لە نێوان بەرنامەکاندا بجووڵێن و ڕەنگە ڕوانگەیەکی هاوشێوە لە پرۆژەکانی کارەکانیاندا بگرنەبەر.

لەگەڵ زیادبوونی پەیوەندییە جیهانییەکان، نەوەی نوێ گۆڕانکاریی قووڵی چۆنایەتیی بەخۆیەوە بینیوە. بە دەرککردن بە پێویستیی دیالۆگ و کردار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و باشترکردنی جیهان لەم ڕوانگەوە ڕێگا دەکەن و گرنگییەکی بنەڕەتیی هەیە بۆ ژیانیان، بە سەیرکردنی پێناسەی جیهانی ناسنامەی تاکەکەسی خۆیان پێناسە دەکەن، خۆیان لەگەڵ

ستانداردی زێڕینی جیهانی دەگۆنجێنن، و لە چاویلکەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکانەوە ئەوان سەیری جیهان دەکەن.

## بەراوردێک

سەبارەت بە نەسڵی یەکەم و دووهەمی شۆڕش کە نموونەکانی وەکوو شۆڕشی ئینگلترا، فەڕانسە، ڕووسیە و چین ناو دەبرێن، ئەم تایبەتمەندییانە هەژمار دەکرێن:

ئێدغامی ڕێبەری، ئایدیۆلۆژی، پرۆسەگەلی بەفەرمی ناسین، پێکهاتەی چینایەتی، گۆڕانکاریی خێرا لە دەوڵەتان.

لە نەسڵی سێهەمیشدا، خەسارهەڵگری پێکهاتەیی، حکوومەتی داڕماو، هەڵبژاردنی عەقڵانی، بێسامانیێ نێوان سێکوچکەی حکوومەت، ئێلیت و چینی خواروو، دواجار خۆپیشاندان و مانگرتن، وەکوو گرینگترین تایبەتمەندییەکان ناسراون.

لە نەسڵی سێهەمی شۆڕشەکان، بڕێکی بەرچاو لەم شۆڕشانە بەرەوە دیکتاتۆری پۆپۆلیستی، بەسیجی خەڵکی، ئایدیۆلۆژیسم و سیاسەتی ناکۆکی ڕۆیشت وەک نموونەگەلی ئێران و نیکاراگوای.

دوای نەمانی کۆمۆنیزم و فاشیزم و هەنووکە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش دوایین هەناسەکانی ئەدات، نیوەرۆکی ئایدیۆلۆژیکبوونی شۆڕشەکان، چیدیکە نابینرێت بەڵام ڕواڵەتێکی هاوبەش دەبینرێت کە ئەم تایبەتمەندیگەلەی هەیە کە کەم و زۆر هاوشێوەی شۆڕشەکانی نەسڵەکانی پێشووترن:

هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، هاوار بۆ نەزمێکی نوێی دادوەرانە، ڕاپەڕینی جەماوەری، هەنگاوی نادامەزراوەیی وەک خۆپیشاندانی بەرین، ناڕەزایی دەربڕین، مانگرتن و توندوتیژی.

لێرەدا ئەچینە نێو شۆڕشی ژینا و تایبەتمەندییەکانی کە پیشاندەری دەسپێکی نەسڵی نوێی شۆڕشە.

جێگای ئاماژەیە کە بۆ لێکدانەوەی شۆڕش، پێویستە "هۆکار" و "پرۆسە" و "ئەنجامەکان" خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لەم وتارەدا بە پشتبەستن بە هۆکار و پرۆسە، لێکدانەوەی خۆم پێشکەش ئەکەم و بێگومان، دواتر دەتوانرێت بە سەرنج خستنە سەر ئەنجامی شۆڕش، خوێندەکانم گۆڕانکاری تێدا درووست بێت.

## بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش

**یەک**: شۆڕشی ژینا هەم ئاخێزگەی پێکهاتەی ئابووریی هەیە هەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەم پێکهاتەی سیاسی

**دوو**: ڕێبەر یان ڕێبەرانی نییە کە وەک هێما ئاماژەیان پێ بدرێ.

**سێ**: دارمان لە ناوەند دەستی پێ نەکردووە.

**چوار**: خەریکە ڕوو لە ناوێتەبوون و تێکەڵە و تەرکیب دەڕوات.

**پێنج**: ئایدیۆلۆژیک نییە. مەبەست لە ئایدیۆلۆژیکبوون لێرەدا ئەوەیە کە ئایاکوو ئایدیۆلۆژی وەک ڕۆڵی مامان بۆ لەدایکبوونی خولیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت؟ یان ئایدیۆلۆژی، پاڵنەر و ڕێنما و ڕێنوێنی ڕەها بێت؟ یان شەڕی ئایدیۆلۆژییەکان لە چەشنی "حەمامی خوێنی ستۆکهۆڵم" یان شەڕی ڕاست و چەپ یان هۆکاری کردەوەی سیاسی لە قۆناغێکی مێژووییدا بێت، وڵام "نا" یە. بە گشتی دەتوانین بێژین ئایدیۆلۆژیا خاڵی سەرەکی فۆرماسیۆنی سیاسی و فەرهەنگی شۆرشی ژینا نییە.

**شەش**: وەکوو "نەخۆشیی ئابووری"، لە بەستێنی بازرگانیی بێسامانی نێونەتەوەیی ئێران گەشەی سەندووە، و نەبوونی تەعدیلکردنی داهاتەکان و گەندەڵی کاریگەری بووە.

**حەوت**: عەقڵییەتی شەبەکەیی سوارە لە سەری و شەبەکە وەک هۆشی دەسکرد، ڕێنوێنیی دەکات.

**هەشت**: خۆڕسک نییە، بەڵکوو شەبەکەڕسکە.

**نۆ**: بەسیجی نافەرمی درووست بووە لە ڕێگای سازماندانی گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**دە**: پێوەندی شەبەکە و سازمان و شوناس و ڕەگەز تێیدا تۆکمەیە. سازمانی خوێندکار و مەکتەب و کرێکارو ڕەگەزی ژنان و جەوانان لە قاڵبی ڕەگەی فێمێنیستی، خواستی حقووقی مەدەنی و خواستی ڕادیکاڵی جەوانان، بەرچاوە.

**یانزدە**: کردەوەی کۆی یاریچییەکانی شۆڕش لە سەر ئەساسی "شوناسی ناڕەزایی" (گشتی و تایبەت) دەبینرێت.

**دوانزدە**: دوو فاکتەری "تووڕەیی" و "خواستی گۆڕانکاری"، سەرەتا "هۆگری سۆزداری" درووست کرد و دواتر "هەستی شوناسی دژبەر" بە هۆکاری بەرچەسپ لێدان لەلایەن دەسەڵات، بەهێزتر بوو.

**سیانزدە**: لە چوارچێوەی فەرهەنگی داسەپاو یان فەرهەنگی غاڵبدا نەبوو بەڵکوو فەرهەنگی پەراوێزو دوورخراوە خۆی سەپاند.

**چواردە**: تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا، لە حاڵەتی سلبی تێپەڕی و ڕواڵەتی ئیجابی لە خۆ گرت و تەنانەت شوناسی مەفهوومی پەیدا کرد.

**پانزدە**: باوک سالار نەبوو.

**شانزده**: کاریزمای نییە.

**حەڤدە**: ڕێبەریی شەبەکە، کاریگەریی ئاڵۆزی دانا

**هەژدە**: نە ڕێبەریی ئەرکتەوەری هەیە نە ڕێبەریی جەماوەری. مەبەست لە ڕێبەریی ئەرکتەوەر، ڕێبەرێکە کە ئێستراتژی کارا دیاری بکات، خشتەی زەمەنی دابنێت، ڕێوەبەری قۆناغ بکات و ئامانجی تایبەت دیاری بکات. هەروەها مەبەست لە ڕێبەری جەماوەری، ڕێبەرێکە کە ئیلهامبەخش بێت، هەستی شوناس ببەخشێت، هێز و وزە بدات بە خەڵک، ئاسۆی عیداڵەت پێشکەش بکات و پێناسەی نەزمی نوێ بکات.

**نۆزدە**: عەقڵییەتی شەبەکە، گرووپی بچووک بەڵام فیداکاریی درووست کرد.

**بیست**: "ڕێبەریی پرد" درووست بوو کە ئێستا هەم ئامانج و هەم ئەرکە سازمانییەکان تا ئاستی تاکەکان دیاری دەکات.

**بیست و یەک**: مۆئەلەفەی بەهێزی ڕەگەز و تەمەنی تێدایە.

**بیست و دوو**: چیدیکە سەرکوت نەک تەنیا لەمپەرو بەربەست نییە بەڵکوو وروژێنەرو هەڵخرێنەرە.

**بیست و سێ**: "گوشاری لە ناکاو"ی تێدایە بە هۆکاری دوانەی "ئیمتیاز" و "سەرکوت" کە ئەبێتە "بەرگریی گشتیی چالاکانە."

**بیست و چوار**: ڕێژیمێکی بەهێز کە ڕووبەڕووی ئۆپۆزیسیۆنێکی لاوازە یان ئیمتیاز ئەدات یان سەرکوت ئەکات. لێرەدا چونکی عەقڵییەتی شەبەکە و دواتر شەقام لە ئۆپۆزیسۆن تێپەڕیوە، ئەم تاکتیکە چیدیکە وڵامدەر نییە.

**بیست و پەنج**: ڕژیم چووەتە قۆناغێک کە "دەرکی سووژە"کان ناکات ئیتر لەبەر ئەوەی کە "پاڵنەرەکان" گۆڕدراون، "پابەندییەکان" نەماون و "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"ی کۆن تێک چووە.

**بیست و شەش**: چیدیکە ئۆپۆزیسیۆن، "یەکەی بنەڕەتی"ی بڕیاردەر نییە و شۆڕش خەریکە لە پێشانگەیەتی پارچەیی بەرەو پێشەنگایەتیی یەکپارچەیی شەقام، هەنگاو هەڵدەگرێت.

**بیست و حەوت**: مارپێچی خێراو غافڵگیرکەر درووست بووە.

## ئەنجام

شۆڕشی ژینا ناتوانرێت بە ڕگرێسیۆنی هێڵکاری ئانالیز بکرێت بەڵکوو پێویستی بە پەیکەربەندی فرە پاڕامێترەی سەربەخۆیە یان پێوەندیی پیچیدەی فرە پاڕامێتر یان ئەو مۆدێلەی کە پێی دەگوترێ "قاڵبی پانێل."

بەم هۆکارانەیە کە پێویستە چەمکێکی نوێ بۆ شۆڕشی ژینا، مەفهوومسازیی بکرێت و جارێکان، هەر بە شێوازی "پرۆسە تەوەر"، خوێندنەوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان بکرێت.

لە کۆتاییدا ئەتوانم بێژم شۆڕشی ژینا نیشانەگەلی  نەسلێکی نوێی شۆڕشی پێوە دیارە کە پێویستە دواتر لە ئاستی شوناس و چەمک و مەعریفە و ڕەگەز و شەبەکە و ڕێبەری، لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

**بڕوانە بۆ:**


**Jack A Goldstone, Toward a Fourth Generation of Revolutionary Theory, 2001**
**Stanford Encyclopedia of Philosophy, Revolution, 2017**
**what is Z generation, bamboohr, 2019**


ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤ = ٢٢ی جانێویری ٢٠٢٣

# چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو، ڕەوایە یان ناڕەوا؟



**ئیریکا چنووت/ و: عەلی بداغی**

**ئاماژە: ئەو دەقە وەرگێڕانی لاپەڕەکانی ٥٧-٥٨ و هەروەها ٧٨ هەتا ٨٠ی کتێبی "خۆڕاگریی مەدەنی: ئەوەی هەمووان دەبێ بیزانن"، نووسینی ئیریکا چنووت، مامۆستای مافی مرۆڤ و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارواردە. ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاو بۆتەوە.**

**ئەم بابەتە دەیەوێ وەڵامی دوو پرسی گرینگ بداتەوە کە ئاخۆ چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو، ڕەوایە یان ناڕەوا؟ هەروەها ئایا زیانگەیاندن بە سامان و شوێنە دەوڵەتییەکان بەشێکە لە "بەرگریی مەدەنی" ؟**

*******

**ئاخۆ ئینساف و ڕەوایە چاوەڕوانیمان لە خەڵکی چەوساوە و بندەستە هەبێ لە خەبات و ململانێی خۆیان لەدژی ستەم، سەرکوت و زۆرداریدا تەنیا خۆڕاگریی مەدەنییان هەبێت و خۆ لە هەر توندوتیژییەک بەدوور بگرن؟ وەڵام "نا"یە.**

**گاندی لە ڕۆژنامەی "هاریجان"دا نووسیی: "لەگەڵ ئەوەدا پەنابردنە بەر توندوتیژی بە ڕەوا نازانم، بەڵام کاتێک ئەو**

توندوتیژییە بۆ بەرگری لە خۆت، یـان بـۆ داکۆکی لە خەڵکی بێئەنـوا و دامـاوان بێت گەلێ باشترە لە خۆبەدەستەوەدانی ترسنۆکانە و پتر کردەوەیەکی بوێرانەشە... هەر کەسێک دەبێ لە خۆی ڕا بڕوانێ و کەسی دی نە دەتوانێ و نە بۆی هەیە ڕێوشوێنی بۆ دیـاری بکـات."(١) جـا بـۆیە ئینسـاف نییە ئەو کەسانەی دژی ستەم و سەرکوت و چەوسانەوە خەبـات دەکەن، لێمـان بـوێن ڕێبـازی خەبـاتی خۆیـان بەپێی نەخشەڕێی داڕێـژراوی کەس و لایەنەکـانی دی دیـاری بکەن، تەنـانەت ئەگەر کەسـانێکیش پێیـان وابـێ ئەو شـێواز و مێتـۆدانەی ئەو خەڵـکە بـۆ خەباتەکەیـان گرتوویـانەتە بەر، لەوانەیە ئاکـام و دەرەنجامی پێچەوانەشی لێ بکەوێتەوە.

هەروەک چۆن "ویلمێت براون"، چالاکی مافەکانی ژنانی ڕەشپێست نووسیویەتی:

"هەتـا ئەوکـاتەی کە مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس، هـاوپەیمانـانی جێی متمـانە و کەرەستەکانی خۆڕزگـارکردن بە خەڵکی ڕەشپێست بەڕەوا نابیندرێ، ئێمە چارمان نییە پشت بە تەنیا هێزی خۆمان بە مەبەستی دەستەبەری هێزی زیـاتر ببەسـتین و تواناکانی خۆمان بۆ ڕووخاندنی هێزەکانی دژبەرمـان دابنێین. لەو بەستێنەدا توندوتیژییەکانی ئێمە لەپێنـاو بەرگری و پاراستنی خۆمانە؛ کەچی خەڵکانی سپیپێست کە خاوەنی هێزی زیاتر لە ئێمەن، نسحەت و ئامۆژگـاریمـان دەکەن کە خۆ لە توندوتیژی بەدوور بگرین، ئەوان خۆیان لە پلەوپایەکی پاساوهەڵنەگر دادەنێن و ئیزن بە خۆیـان دەدەن جـۆری چەکەکـانی ئێمەش لەدژی خۆیـانمان بۆ هەڵبژێرن."(٢)

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕەواییەتی ئەخلاقی لەلایەک و دەرەنجامی سیاسی لەلایەکی دیکە لەو بەستێنەدا دەکەونە ملبەملێی یەکتری. زۆر لە خاوەنڕایانی خۆڕاگریی مەدەنی لێکدانەوە و شرۆڤەکانیان بەتـاڵە لە پرس و بایەخە ڕەوشتییەکان و تەنیـا لەسەر دەستەبەری ئاکام و دەرەنجام هەڵوێستە دەکەن و گوێ لەو بابەتە دەخەوێنن. کەم نین ئەوانەش لەسەر چارەنووسی کەسانی بندەستە و ژێرچەپۆکە و ئەوە کە چ شێوازێکی خەبات بگرنە بەر، بڕیار نادەن و ئەو بابەتە بۆ ئەوان -خەڵکەکە- دێڵـنەوە. بەڵام چ ئەو خاوەنڕایـانە و چ ئەوانیـدی کەسـانێکن لە دەرەوی ئەو جەغـزە. لەنێـو بزووتنەوەکانـدا لەوانەیە چالاکان و خەڵکەکە لەسەر ئەوە ئاخۆ "خۆڕاگریی مەدەنی" بەکەلک و ئاکامتەوەرە یان نـا، یـان ئەوە چ لایەنێک یـان کـام ناوەندی بڕیاردەر ماف یان ئیزنی دیاریکردنی شێوازەکانی خەبات بۆ ئەوانیانی هەبێ کێشە و نـاکۆکیی زۆریـان هەبێت. زۆر جـاریش ئەو بـاس و بـابەتە هەسـتیارانە لەوانەیە بـووبێتە هـۆی دابـڕان و کەوتـنەوەی کەلـێن و سەرلێشـێواوی لە بـزووتنەوەکەدا کە سنووورداربوونی ئەو جـۆرە چالاکییـانەی لـێ دەکەوێـتەوە کە هاوپەیمانییەکـان دەتـوانن لەسـەریان ڕێـک بکەون.

بۆ میناک، کریس ڕاسدێیل کە هەم تیۆریسیەن و هەم ئەکتیڤیستە، ڕەوتی بزووتنەوەیەکی دژیچەکداریی بریتانیای لە شەڕی جیهانیی یەکەمەوە بەولاوە تاوتوێ کردووە. ئەو لە توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوت لایەنگرانی سەرسەختی ئاشتی دەستیان لەگەڵ ئەوانە نەداوەتێ کە حاشایان لە کردەوەی توندوتیژ لە پێناو بەرگریی ڕەوا لە خۆیان نەکردووە. ئەوان لایان وابوو کە شێوازی توندوتیژ هەم بێڕەوشتییە و هەم ئاکامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە."(٣) لە بەرانبەر ئەواندا، ئەوانەش کە بژێرەکانی خەباتی توندوتیژیشیان وەلا نەدەنا، وایان دانەنابوو کە دەبێ توندوتیژیی ڕەها و بێسنوور بگرنە بەر، بەڵام لایان وابوو کە لایەنگرانی ئاشتیخوازی و غەوارەکان بۆیان نییە و ئەو مافەیان نادرێتێ بڕیار بدەن کەسانی ڕاپەڕیوی خۆڕاگر، لە بەردەم سەرکوت و زەبروزەنگی خوێناویی هێزی بەرانبەریاندا چی بکەن و چ نەکەن! بەتایبەت کاتێک کە هێز و دەسەڵاتی ڕەقی ڕکەبەریان لەسەر بنەمای پاوانخوازی لە بەستێنی توندوتیژیدا سوور و مکووڕ بێت.

باس و خواسی لەو چەشنە زۆر جار هێڵی ناکۆکی و دابڕانی لێ دەکەوێتە کە لەوانەیە بەردەوامیی پێکەوەبوون و درێژەدان بە خەباتەکەش بۆ هاوپەیمانەکان دژوار بکات. هێڵی دابڕانەکە لەسەر ئەوە نییە کە کردەوەی ڕاستەوخۆی دژەسەربازی دەبێ ناتوندوتیژ بێت، چونکی زۆرایەتیی بەرە و هاوپەیمانییەکە هاوڕان کە چەندی بکرێ با ئاوها بێت. دابڕان و ناکۆکییەکە لەسەر ئەوەیە کە کێ مافی دیاریکردن یان سەپاندنی بڕیارێکی بە سەر کەس و لایەنێکدا هەیە کە لە بەرانبەر کەس و لایەنی زۆر بەهێزتر و نارەوادا ململانێ و کێبرکێی هەیە. ئەو زنجیرە باس و دردۆنگییانە داڕێژەری ڕوانگەی ئێیلا بەیکێر (Ella Baker)یەکێک لە ڕەمزە دیارەکانی خۆڕاگریی مەدەنییە کە لە دەیەی ١٩٦٠دا گوتی: "خەڵکێکی ژێرچەپۆکە کە لەژێر پۆستاڵدا پێخوست کراون، ئەوانن دەبێ بڕیار بدەن چ شێوازێکی خەبات دەگرنە بەر بۆوەی خۆیان لە نیری سەرکوت و ژێردەستەیی ڕزگار بکەن."(٤)

ئەوانەی تەتەڵەی بزووتنەوەکان دەکەن نابێ پێشوەختە لایەنگرییان کردبێ و دەبێ قەزاوەتکردن لەسەر ئەو بابەتە کە جووڵانەوەکان چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر و ئەو ڕێکارانە ڕەوان یان ڕێگەپێنەدراو، بە هەڵپەسێراوی بێڵنەوە. بەتایبەت کاتێک کە سەیرکەران هیچ ستەم و زەبروزەنگێکیان لەسەر نەبێت لە بزووتنەوەیەکدا کە لەهەمبەر ئەوان ە. وەک چۆن "بیل سودێرلەند"، چالاکی ئاشتیخوازی پانئەفریقایی زۆرجار گوتوویەتی: "لەسەر ئێمە نییە بە خەڵک بڵێین کە خۆیان چلۆن ڕزگار بکەن. ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە نیری دیلیی حکوومەتەکانمان لە سەر ملی ئەوان هەڵبگرین".

گرینگترین کار کە چاودێران دەبێ بیکەن ئەوەیە فێر بن کە چۆن بە شێوازێکی دڵنیا هاوپشت و پشتیوانی جووڵانەوە کان بن، سەرچاوە و کەرستەی پێویست بخەنە بەردەستیان، و دەرفەتگەلی ئەوتۆ بخوڵقێنن هەتا یارمەتیداری سەربەستی و خۆڕزگاکردنی خەڵک بن. لەبری ئەو پرسیارە خەڵکێک کە عەوداڵی ڕزگاری و دادپەروەرین بۆچی پەنا بۆ توندوتیژی

دەبەن و، لەجیات وروژاندنی ئەو پرسیارە کە ئاخۆ ئەم بڕیارە ژیرانەیە یان نا؛ ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن لە خۆیان بپرسن کە ئەوان دەتوانن چ شێوازگەلێکی ناتوندوتیژ بۆ پشتیوانی لە خەڵکێک بگرنە بەر کە لەهەمبەر ستەم و سەرکوتدا عەوداڵی دادپەروەرین.

### ئایا زیانگەیاندن بە سامان و شوێنەکان دەچێتە خانەی "بەرگریی مەدەنی"یەوە؟

لەو بارەوە بۆچوونەکان جیاوازن. زۆربەی شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن خەباتی ناتوندوتیژ لەلایەن خەڵکی ناچەکدارەوە دەکرێ و لەودا کەس زیانی پێ ناگا و هەڕەشەی لەسەر نابێت. یەدا زیان گەیاندن بە سامان و دارایی ئەگەر ورد و پلانمەند بکرێ و هەڵگری پەیامێکی ڕوون بێت، دەتوانێ بە شێوازێکی ناتوندوتیژ بۆ کارشکێنی لە کاروباردا دابندرێت. بەڵام ئەگەر بێتوو ئەو کارە هەروا لەگۆترە، بەبێ ئامانج و هەڵنەسەنگێندراو دەستی بۆ ببرێ، یان پەیامێکی لێڵ و ناڕوون بگەیەنێت بەو مانایە کەلەوانەیە بکەرانی کارەکە مەبەستیان زیانگەیاندن بە کەسێک بووبێت، لە وەها دۆخێکدا بگرە زۆر کەس خەسارگەیاندن بە سامان و شوێنەکان بە دۆخی ناڕوونی "توندوتیژی خوڵقێن" لێک بدەنەوە، جا با بە شێوەیەکی توندوتیژیش نەکرابێت. لەو پێوەندییەدا میناکێکی بەناوبانگ هەیە کە مێژووەکەی بۆ دێسامبری ١٧٧٣ دەگەڕێتەوە.

ئەوکات نیزیک بە ٦٠ ئەمریکایی نارازی و لایەنگری سەربەخۆیی کە شێوەی خۆیان وەک سوورپێستەکانی "موهاوک" لێ کردبوو، لە بەندەری بۆستوون چوونە سەر سێ پاپۆڕی بازرگانیی بریتانیا و ٣٤٢ سندووق چایان لەنێو دەریا کرد. ئەوان هەموو هەوڵیکیان ئەوە بوو شتێک لەخۆڕا نەشکێنن، تەنانەت وەک باس دەکەن لە کاتی شکاندنی دەرکی عەمبارێکدا قفڵێکی ئاسنی شکابوو، کە دواتر چوون قفڵێکی نوێیان بۆ هێنا. ئەو کارە زیانی گیانیی لە کەس نەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی ڕوونی بۆ بەرپرسانی داگیرکەری بریتانیا هەبوو کە خەڵکی کۆلۆنیکراو -داگیرکراو- دەتوانن زیانی ئابووریان لێ بدەن و بەرژەوندییەکانیان بخەنە مەترسییەوە. وەک باس دەکەن هەر ئەو شەوە زیاتر لە ١٠ هەزار لیرە (زیاتر لە ١/٥ میلیۆن پۆندی ئێستا)یان زیان و خەسار بە بریتانیا دا. ئەوانەی دەستیان لەو کارەدا هەبوو لەلایەن شۆڕشگێرەکانی دیکەوە وەک نیشتمانپەروەر ناسران و پەسنێکی زۆر دران. تەنانەت ڕێبەرانی لایەنگری سەربەخۆیی کە داوای جیابوونەوە لە بریتانیا لەسەر بنەمای سازان و وتووێژ و بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاویان دەکرد، لە مەحکوومکردنی ئەو کارە خۆیان پاراست.

دوو سەدە دواتر، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەیەکانی ١٩٦٠دا بەشێکی زۆر لە دژبەرانی شەڕی ڤیتنام

کارتەکانی ئامادە بە خزمەتی سەربازیی خۆیانیان – کە بە دارایی و سامانی فیدڕاڵ دادەنرا- سووتاند. چالاکانی دژەشەڕی دیکەش هەبوون کە بۆ پێشگرتن یان کۆتاییهێنان بە شەڕەکان هەوڵیان دەدا چەک و تەقەمەنییەکان بفەوتێنن. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا فەوتاندن و زیانگەیاندن بە داراییەکان بەبێ ئەوەی زیانی گیانی بە کەس بگات، ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراویان لە پشت بوو، هەروەها هەڵگری پەیامێکی ڕوون بۆ بەردەنگی تایبەت بوون. بەڵام زیانگەیاندن بە شوێن و داراییەکان کاتێک بەبێ ئامانج و لێکدانەوە بێت، وەک ئاگرتێبەردانی بیناکان، یان شکاندنی شووشە ئوتومبیلەکان بەتایبەت کاتێک نائانقەست زیان بەر کەسانێک (بۆ نموونە کەسانی ڕێبوار) دەکەوێت، دەتوانێ هەڵگری پەیامی ئاڵۆز و ناڕوون بێت.

شکاندنی شووشە و پەنجەرەکان، سووتاندنی ئوتومبیل و ڕووخاندنی بینا و خانووەکان لەلایەن خەڵکەوە بەر رەخنەی گشتی دەکەوێت. ئەوجۆرە کار و کردەوانە لەلای زۆر کەس پتر تەعبیر لە ئاڵۆزی و پشێوی دەکەن هەتا دوورەدیمەنی پێکهێنانی نیزامێکی دادپەروەرانەتر. هەروەها بەستێنی مێژوویی و کولتووریی هەر کۆمەڵگەیەکیش دەتوانێ شوێن لەسەر کاردانەوە و لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر ئەوجۆرە کردەوانە دابنێت. بۆ میناک، لەو وڵاتانەی تازەبەتازە لە شەڕ یان کۆمەڵکوژییەکان قوتار بوون و تێکدانی سامان و شوێنە گشتییەکان بەشێک بووە لەو مێژووە، دیسانەکە دەستبردن بۆ سووتاندن و ڕووخاندن بگرە پتر لەوەی هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندی ڕابکشێت، زیانی ڕوحی و دەروونیی گشتیی لێ بکەوێتەوە.

زۆر لە شایەتحاڵ و چاودێران لەمەڕ پەیامەکانی ئەو کردەوانە سەریان لێ دەشێوێ. لەوانەیە بەلای چاودێرانەوە ئاوا لێک بدرێتەوە کە ئاخۆ خۆپێشاندەران تەنیا ڕق و تووڕەیی خۆیان دادەمرکێنن، یان لە سەنگەری نافەرمانی و بەرهەڵستکاری لە بەرانبەر بەرپرسانی پاوانخواز و سەرەڕۆ دان؟ ئاخۆ بە کەمتەرخەمی و لاپرەسەنی خەریکن کاروکاسبییە ناوچەییەکان تێدا دەبەن، یان دەیانەوێ وەک تۆڵە و بە مەبەست هەندێ لەو کاروکاسبییە تایبەتانە بەئامانج بگرن؟ بڵێی مەبەستیان گەیاندنی پەیامێکی بەربڵاوتر لەمەڕ زەروورەتی تێدابردنی سەرمایەداری و نەهێشتنی نابەرانبەرییە ئابوورییەکان لە سۆنگەی ئەوەوەیە؟ ئەگەر ئەوان قۆڵیان لە نەهێشتن و ڕووخاندنی سەرمایەداری هەڵماڵیوە، دانانی چ شتێکی دیکەیان لەبری ئەو مەبەستە؟ لەو کۆمەڵگە نوێیەدا کام گرووپی مرۆیی جێیان دەبێتەوە و کامانە دەبێ وەلا بندرێن و بسڕدرێنەوە؟ ئەو چەشنە پرسیارانە بڵێی نەڵێی و، وشیارانە و ناوشیارانە زەینی زۆر کەس لەوانە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات کە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا تێکدان و شێواندنی شوێنە گشتییەکان بە چاوی خۆیان دەبینن؛ تەنانەت ئەگەر ئەو زیانگەیاندنانە لە فۆڕمە زانستییەکەیدا بە جووڵەیەکی توندوتیژیش دانەنرێن. ئەمە دەبێتە هۆی بیرهێنانەوەیەکی گرینگ: ئەوە کە کردەوەیەک لەژێر ناوی بێبەریبوون لە توندوتیژی پۆلێن دەکرێ، مەرج نییە وەک تاکتیک یان شێوازێکی

خەبات ژیرانە بێت، کە دیارە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

❊❊❊

**Gandhi, Harijan, October 27, 1946, pp. 369–70.**
**Brown, Wilmette. 1984. Black Women and the Peace Movement Bristol: Falling Wall Press, pp. 22–23.**
**Rossdale, Chris. 2019. Resisting Militarism: Direct Action and the Politics of Subversion Edinburgh: Edinburgh University Press.**
**Quoted in Hoyte, Harry. 2016, June 30. “Ella Baker and the Politics of Hope—Lessons from the Civil Rights Movement.” Huffington Post,**
**https:// www.huffpost.com/entry/ella-baker-and-the-politi_b_7702936.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٤ی جانیۆری ٢٠٢٣

---

# شۆڕشی ژینا، داڕووخانی کۆلۆنیالیزم



کەریم پەرویزی

لە ڤیدیۆیەکدا کە لە سۆشیاڵمیدیا لەم ڕۆژانەی سەرەتای زستانی ٢٧٢٢ی کوردیدا بڵاو بۆتەوە، موژگان کاوسی، چالاک و نووسەری کورد خەریکی تەموورەژەنینە. تەموورە ئامێرێکی مووسیقاژەنینە کە تایبەتە بە کورد و لەنێو کوردستاندا کەسانی

بەناوبانگی مۆسیقاژەن وەکوو شەهرام نازری بە ئێران و جیهانیـان ناسـاندووە و هـەم بـۆ ڕێورەسمە ئایینیـەکان و خوێنـدن و بەڕێوەبردنی سروودی مەزهەبی و هەم بۆ سروودی حەماسی بەکار دێ.

بەڵام ئەوەی لەو ڤیدیۆیەدا زۆر گرینگە، خودی ئاهەنگەکە نییە، بەڵکوو هێماکانی نێو ڤیدیۆکەیە کە لەیەکەم نیگـادا دەر ناکەوێ و تۆزێ وردبوونەوە، تویژاڵەکان هەڵ دەدداتەوە و دیوە شاراوەکان زیاتر و ڕوونتر دەردەخا.

ڤیدیۆی تەموورەژەنینی موژگان کاوسی لە ڕۆژانێکدا بڵاو بۆتەوە کە دەزگای بێدادی ویلایەتی فەقیهی، تاوانی فەساد لەسەر ئەرزی خستۆتە پاڵ موژگان! لەم ڤیدیۆیەدا ژنێک دەر دەکەوێ! ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بەدەست ژنانەوە هەراسانە و زیـاتر لـە چوار دەیەیـە کـە دەیـەوێ ژن لـە ماڵـەوە بشـارێتەوە و گـەر هاتـەدەر لـەژێر چـادری ڕەشـدا داپۆشراو بێ. ئەم ژنە سوورپۆشە بە هەوریەوە کە لەم ڤیدیۆیەدا تەموورە ئەژەنێ، کوردە! کوردێـک کـە لـە دەسـەڵاتی حـاکم لە تاراندا وەکوو غەیرە چاوی لێ دەکرێ و ترسێکی فراوانی لێ هەیە و بەردەوام لـە دۆخـی هەراسـانی و ئەمنییەتیـدا چـاو لە کورد و کوردستان دەکا و پێی وایە کە گەر ڕۆژێک ڕێژیم مەترسیی ڕووخانی لەسەر بێ لـە درگـای کوردسـتانەوە دوژمنـان دێنە ژوورەوە!

لەم ڤیدیۆیەدا جیا لە ژنە کورد، تاکێکی یارسانە تەمووره دەژەنێ، کە لە باری ئایینیەوە ڕێژیم ئینکاری ئایینەکەیان دەکـا و تەنانەت بۆ فۆرم پڕکردنەوە بۆ بەشداری لە هەر شتێکی ڕەسمی لە ئێراندا هیچ جێگایەک بۆ یارسـان و پێڕەوانـی ئـایینی یاری نییە و ئەوان دەبێ خۆیان وەکوو شیعە بناسێنن بە حکوومەت! ئایینی یاری لە ڕوانگەی ویلایەتی فەقیهەوە هەر بـوونی نییە تاکوو لە فۆرمی ناونووسیشدا جێی بکاتەوە!

ژنـە کـوردی یارسـان لـەم ڤیدیۆیـەدا خـەریکی ژەنینـی تەموورەیـە و ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامی ئامێرەکـانی مۆسیقا و ژەنینـی مۆسیقا لە لایەن ژنەوە بە حەرام دەزانێ!

پێشتر و پێش لە شۆرشی ژینا، موژگان کاوسی چەند جاری دیکە دەسبەسەر کرابوو و تـاوانی بانگەشە دژی نیزامی خرابـووە پاڵ، بەڵام لەم قۆناخەدا دوای دووبارە دەسبەسەرکردنەوەی ژنە چالاکێکی کورد کە لە تـاڵشی دوور لە نیشـتمانی کوردسـتان و لە شوێنی دوورخرانەوەی کوردەکان لە سەردەمی سەفەوی و دواتر قاجاریدا هاتۆتە دونیا، تـاوانی توندتر دەخەنـە پـاڵ: ناوی فەساد لەسەر ئەرز! دیـارە کـە کوردبـوون و ژنبـوون و باسکردن لـە مـافی تـاک و ناسنامەی نەتـەوەییت لـە چـاوی ئـەم ڕێژیمەوە فەسادە لەسەر زەوی و ئێستە کە دۆخی شۆڕش گەرمتر بووە، ڕێژیمیش هارتر لەجاران حوکم دەدا.

ئەم کورتە ڤیدیۆیە حیکایەتێکی قووڵی پێیە بۆ گوتن، حیکایەتی نەتەوەیەک کە لە بندەستیدا ڕاگیراوە و بە هێزی نیزامیی پاڵپشتیکراو لەلایەن بیانییەکانەوە، خاکەکەی داگیر کراوە و هروژم بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی هێنراوە و لە ڕێگەی ئەم هرووژمەوە دەچێتە نێو ناخی هروژمبەر کە دەزگایەکی پان و بەرینی ئینکار و سەرکوت و حاشالێکردن و تواندنەوەیە لە ئێراندا کە دەیەوێ هەر ڕەنگ و سیمایەکی غەیرو ئەویتر بسڕێتەوە و ئوممەتی واحیدەی بە یەک زمان و یەک ئاڵاوە دروست بکا و بە چەواشەکاریش بڵێ کە ئەمە هەر هەمیشە وابووە و هەر وادەبێ!

دۆخێک کە لە ئێراندا زاڵە تەنیا دۆخی دەسەڵاتێکی سیاسیی سەرەڕۆ نییە کە دەیەوێ بە زۆرداری حوکم بکا. گەر تەنیا پرسەکە سیاسی بوایە و پرسی دەسەڵات و هێز بوایە، ڕەنگە دوای چەند دەیە سەرکوت و سەرکوتکاری، نەوەیەکی دیکە لەدایک بوایە و ملی بە زۆرەملێییەکانی دەسەڵات نەدایە و منداڵێک لە سەر شەقام هاواری بکردایە کە پاشا ڕووتە و ئیتر وەهمی هەتاهەتایی بوونی دەسەڵات دادەڕووخا و سیاسەت دەگۆڕدرا و سیما سیاسییەکانیش دەگۆڕدران.

بەڵام لە ئێراندا بە گۆڕینی سیاسەت و سیما سیاسییەکانیش لە سەردەمی مەشرووتەوە تاکوو ئێستا هەر دووبارە و دووبارە تۆتالیتاریزم دەژیێتەوەو سەر هەڵدەداتەوە.

مەشرووتەخوازان سەر دەکەون، دوایە حەمەعەلیشا کوودتا دەکا، دووبارە ڕادەپەڕنەوە بەدژی حەمەعەلی شا، ئەم جار سەید زیا کوودتا دەکا؛ هێشتا سەید زیا جێ نەکەوتوە ڕەزای می پەنج کوودتا دەکا. مەشرووتەخوازان سەرکوت دەکرێن و ڕەزا میرپەنج دەبێ بە ڕەزا شا! ڕەزا شا وەدەر دەنرێ و دوایە سەردەمی میلیکردن و موسەدق دێ کەچی کودتا دەکرێ و حەمەڕەزا شا دێتەوە! ڕاپەڕین دژی حەمەڕەزا شا دەکرێ کەچی خومەینی دەستی بەسەردا دەگرێ! لەنێو خودی ڕێژیمدا باڵێک بەناوی ئیسڵاحخواز پەیدا دەبن هەوڵی گۆڕینی سیاسەت دەدەن، بەڵام خامنەیی دەبێ بە نوێنەری خودا لەسەر ئەرز و هەموو کونجێکی وڵات دەتەنێ! دیارە کە لە ئێراندا پرسەکە سیاسەت و گۆڕینی سیاسییەکان نییە، بەڵکوو شتێکی دیکە لە ئارادایە کە دەبێ ئەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەو شتە چییە؟

لە شۆڕشی ژینادا، کە بە شەهیدکردنی کچەکوردێک لە پێتەختی وڵات دەستی پێ کرد، وەکوو گەردەلوولێک بە سەر شاخ و پێدەشت و چۆم و دۆڵ و شار و ناوچەی ئێراندا هەڵی کرد و زۆر شتی ئەم دیو و ئەو دیو کرد. هەتا چەند ڕۆژ پێش لەوە لە ناوەندی ئێران باسکردن لە کورد و بەلووچ و عەرەب و تورک و ... وەکوو پەراوێزی هەواڵێکی زۆر دوورەدەست بوو. بەڵام لەناکاو کوردستان بوو بە پێشەنگی خەبات و شۆڕش لە ئێران و تەنانەت لە تارانەوە بە حەسرەت و تامەزرۆییەوە چاو لە کورد و کوردستان دەکەن!

**چی گۆڕاوە و چی بەرەو گۆڕان دەچێ؟!**

هەرجۆر ستەم و ستەمکاری و بێدادییەک، ڕەنگە بۆ ماوەی کاتی بەرژەوەندی و قازانجێک بۆ ستەمەکار و لایەنگرەکانی دابین بکا، بەڵا لە درێژماوەدا هەر ئەو ستەمە دەبێتە زنجیرێ و پێوەنێک کە ستەمکار و هاوپیاڵەکانی دەبەستێتەوە و دەیانکێشتە نێو زەلکاو. ستەم گەر فراوانتر بێ، زەلکاوەکەش فراوانتر و گەر بگاتە ئاستی پێناسە و ناسنامە و دابەشکردنی نێو نەتەوەکانی ژێر دەست، دەبێت هۆی زەلکاوێکی مێژووی کە دەربازبوون لێی دژوارتر دەبێ بۆ ستەمکار و دەستوپێوەندییەکانیشی.

کاتێک کە لە ئاراندا دەسەڵاتداران، کورد و تورک و بەلووچ و ئایین و توێژەکانی غەیرە پیاو و غەیرەفارس و غەیرەشیعەی ملکەچی ویلایەتی فەقیهی بە ئەویتر و غەیرە ناو دەبەن و بە شایانی سەرکوتی دەزانن و خوێن و ماڵ و ژیان و لەشیان حەڵاڵ دەکەن بۆ هاوپیاڵەکانیان، پیاوی فارس یا پیاوی پێڕەوی ویلایەتی فەقیهی دونیایەک چێژ و سامان و دەسەڵاتداری دەبینێ کە دەتوانێ تێر چێژیان لێ وەرگرێ و قامچی بەدەست دادەگژێتە سەر هەموو ئەوانەی کە ویلایەتی فەقیه بە سووکیان پێناسە دەکا.

ئەم پێناسەیە نەک تەنیا ویلایەتی فەقیهییە بەڵکوو ڕێژیمی پاڵەویش هەمان پێناسەی هەبوو و بیرکردنەوەی ئێرانشەهریش هەمان پێناسەی هەیە؛ تەنیا جیاوازیی ئەوەیە کە ڕەنگە ئەوان ژن وەکوو ئامرازێ بۆ شاردنەوە و بەشاراوەیی چێژوەرگرتن چاوی لێ نەکەن بەڵکوو ژن وەکوو ئامرازێک بۆ بەکاڵاکردن و هێنانە سەر ویتیرین ببینن! جیاوازییەکەیان تەنیا لە شێوازی بەکاڵاکردنی ژندا بێ! ئەم ڕوانینە کۆلۆنیاڵیستیە، قازانجی کاتیی بۆ کۆلۆنیالیست و هاوپیاڵەکانی هەیە، بەڵام لە درێژماوەدا ئەوانیش دەخاتە نێو دۆخی بەهەدەردانی سەرمایە و ژیان و وزەوە و لەڕاستیدا کۆلۆنیاڵیزم وەکوو چاڵێکی لێ دێ کە ستەمکار و ستەملێکراو پێکەوە هەڵدەلووشێ و بەرەو خواریان دەبا.

لە دەورانێکەوە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت خەڵکانی ئێران لەگەڵ مۆدێرنیزمی ئورووپاییدا ئاشنا بوون و بە تامەزرۆییە چاوی لێ دەکەن و لە مەشرووتە بەم لاوە هەوڵی بۆ دەدەن کە پێی بگەن تاکوو ئێستە چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی سیاسییان بەڕێوە بردووە و چەند جۆر حکوومەتیان تاقی کردۆتەوە، بەڵام چوونەوە نێو چاڵی وەیلی کۆلۆنیاڵیزم لەجێی خۆی بووە! هەموو هەوڵەکانیان تەنیا پەلەقاژە بووە و دووبارە چوونەتەوە خانەی سیفری تۆتالیتاریزم و سەرکوتکاری و ئازارچێشتن!

لە ئێراندا پێش لە هەموو وڵاتەکانی ناوچە شۆڕشی مەشرووتە هاتە ئاراوە و ویستیان ژیانی مۆدێرن بژین. لە ئێراندا پێش لە کۆرەی باشوور و تەنانەت ژاپۆنیش ویستیان بەرەو دونیای گەشەکردوو هەنگاو بنێن، بەڵام ئێستە و لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا لە ڕیزی وڵاتانی وەکوو سۆمالی و بۆرکینافاسۆدایە! هەرجارە و هەوڵ و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە ناکامی ماوەتەوە و دووبارە ستەمکارێکی دیکە و ملهوڕێکی دیکە هاتۆتەوە سەرکار، چوونکە تێ نەگەیشتوون کە لە چاڵی وەیلی کۆلۆنیاڵیزمی نێوخۆییدا گیریان کردوە!

کۆلۆنیاڵیزم وای لێ دەکا کە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان دۆخی ئاورتە لە وڵات حاکم بکا! هەروەک ئەوکات ڕەزاشا هێرشی کردە سەر نەتەوەکان یان حەمەڕەزاشا هروژمی بۆ سەر کۆماری کوردستان و ئازەربایجان برد یا خومەینی حوکمی جیهادی بە دژی کوردستان دەر کرد. دۆخی ئاورتە یانی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی و دواتریش خنکاندنی ئازادی! دۆخی ئاورتە یانی وردە وردە هەرچی سامان و داهاتی وڵاتە هەزینەی هێزی نیزامی و سەرکوتکار بکرێ تاکوو مەترسیی ڕاپەڕینی نەتەوە چەوساوەکانی پێ سەرکوت بکرێ! دۆخی ئاورتە یانی سوکایەکتیرکردن بە کەرامەتی مرۆڤەکانی نێو نەتەوە چەوساوەکان ئاسایی بکرێتەوە و دواتر خودی سووکایەتی بە کەرامەتی هەموو مرۆڤێ دەبێ بە باو و لە قۆناخی دواتردا سەرەڕۆ و ملهوڕی حاکم بە سانایی سووکایەتی بە کەرامەتی تەنانەت هاوپیاڵەکانیشی دەکا! وای لێ دێ حەمەڕەزا شا دەڵێ هەر کەس حیزبی ڕەستاخیزی قبووڵ نییە لە ئێران بچێتە دەر و خومەینی بە مونتەزیری دەڵێ سادەلەوح و خامنەیش بە ڕەفسەنجانی دەڵێ بەسیرەتی نییە!

ئەمە ئەو دەور و خولانەوە لە نێو بازنەدایە کە بە چاڵی کۆلۆنیالیزمی ناوی دەبەین و وای لێ دەکا دەسەڵاتی ملهوڕی کۆلۆنیالیستی لە ئێران بەردەوام پەنا بباتە بەر زلهێزێکی دەرەکی تاکوو چەک و دەزگای داپڵۆسینی پێ بدا و دەسەڵاتەکەی پێ ڕابگرێ! دەسەڵاتی ڕەزاخان بە چەک و ڕاوێژکاری ئینگلیسی بەپێوە بوو و دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا بە چاوشینەکانی ئامریکا و دەسەڵاتی خامنەییش بە چەک و ئیتلاعاتی پۆتینەوە لە ڕووسیە گرێ دراوە، دەنا بەرگەی شەوێک ناکا!

شۆڕشی ژینا لەم سەد ڕۆژەدا تەنیا ڕاپەڕینێک نەبوو کە خەڵک لە دەسەڵاتداران وەزاڵە هاتبن و دروشمی گۆڕینی دەسەڵاتدار بدەن، بەڵکوو شۆڕشێکە لە بیر و هزردا کە دەیەوێ بازنەی داخراوی کۆلۆنیاڵیزم بشکێنێ و ئێران لە چاڵی نەگبەتی دەربێنێ.

لە نێو هزر و بیری خەڵکی ناوەندنشیندا وایان جێ خستبوو کە بەلووچ قاچاقچی و تیرۆریستە و تورک نەزانە و کورد

کێوییە و عەرەب پێ پەتییە. بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، تاران چاوی لە کورد و بەلووچ و تورک و عەرەب و ... هتدیە تاکوو هاوشانی وی بێتە مەیدان و نەک هاوشان بەڵکوو بە پێشەنگی خۆی چاوی لێ بکا! ئەو کوردەی کە بە کێوییان دەزانی، ئێستە بۆتە پێشەنگیان و بە تامەزرۆییەوە چاو لە ئێرادەی شۆڕشگێڕیی دەکەن. لە تاران دروشم دەدەن گەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان! ژن کە وەکوو ئامرازێک بۆ چێژوەرگرتن و شاردنەوە دەیانبینی، ئێستا بۆتە ڕێبەری شۆڕش و خۆپیشاندان! کۆلۆنیالیست کە فەرهەنگی مەرگ و بەقەول شەهادەتی پێ شانازی بوو و دەیەویست هەموو کات خەڵک ئامادەبن گیانیان لێ بستێنرێ تاکوو وەلیی فەقیە و هاوپیاڵەکانی بمێنن، ئێستە دروشمی ژیانی بە دژ دەدەن! ئەمانە نیشانەکان و سەرەتاکانی شۆڕشێکی قووڵترن کە زۆر گۆڕانی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ.

شۆڕشی ژینا بەڕێوەیە تاکوو وەکوو گەردەلوولێک، کۆلۆنیالزم تێکەوە بپێچێ و نەتەوەکان بە فارس و کورد و تورک و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن و هەمووانەوە لە چاڵی نەگبەتیی کۆلۆنیاڵیزم دەربێنێ و بەرابەریی نێو نەتەوەکان بکاتە بناخەی پێکەوەژیان. مرۆڤەکان وەکوو مرۆڤی هاوتا و یەکسان ببینن و ژن و پیاو یەکسان بن نەک ژن کاڵایەک بێ بۆ شاردنەوە یان بۆ ویتیرن!

شۆڕشی ژینا گەر لە داڕووخانی کۆلۆنیاڵیزمدا سەرکەوتوو بێ، دەبێتە سەرباشقەیەک بۆ ناوچەکەش و وڵاتانیتریش دەگرێتەوە و دەتوانێ دەسپێکی کۆتاییی ناسەقامگیریی هەتاهەتایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٤ی جانێویری ٢٠٢٣

# بۆ دانی وەکالەت، کەس ناچێتەوە نۆفل لۆشاتۆ!!



**سمائل شەرەفی**

ئەوەی ئەمڕۆ لە فەزای دەرەوەی وڵاتدا دەگوزەرێ لە گەڵ ئەوەیکە بە ڕواڵەت ناخۆش و جێی نیگەرانییە، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویست و بە قازانجی داهاتووی ئێران و چارەنووسی نەتەوەکانی ئەم وڵاتەیە.

ڕاستە کە نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران خاڵی هاوبەشی هەر هەموو ئازادیخوازانە، بەڵام نابێ هەدەفی ئێمە تەنیا و تەنیا ڕوخانی ئەم نیزامە بێت. بەڵکوو ئامانجی هەرە ئەساسیی ئێمە جۆری دەسەڵاتی دوای ئەم نیزامە و دەستەبەربوونی مافەکانمانە. بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە - پێش لەوەی کە دەزانین چیمان ناوێ - دەبێ بزانین چیمان دەوێ.

کوڕی شای پێشوو زۆر کاری چاکی کرد کە ڕاشکاوانە باس لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات و لەو بارەوە دەبێ سپاسی سەداقەت و ڕاستگۆیی بکەین کە چۆن لە ئێرانی داهاتوو دەڕوانێ و بۆچوونی بۆ پرسی ماف و داخوازیی نەتەوەکان چییە!!

ئەو ڕێفراندۆمە مەجازییەی(دانی وەکالەت) کە ڕەزا پەهلەوی وەڕێی خست دیسان لە نەوعی خۆیدا بە قازانجی شۆڕشەکە بوو. چونکی هەم خەڵکی جۆراوجۆر هاتن قسەی خۆیان کرد و هەم جەنابیشیان بۆیان دەردەکەوێ کە قەوارەی جێگە و پێگەی خۆیان و تێفکرینیان لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا چەندە.

بە خۆشییەوە نە خەڵکی ئێرانی ئێستا خەڵکی ئێرانی شۆڕشی ٥٧ی هەتاویین کە بە بێ ئاگاداری لە نێوەڕۆکی ڕێفراندۆمی

"آری یا نە"ی کۆماری ئیسلامی دەنگ بدەن و، نە هێز و لایەنە سیاسییەکان ئەو ڕەوت و کەسایەتیانەن کە بۆ ڕۆیشتنە نۆفل لۆشاتۆ و "بیعیت"دان بە خومەینی، کێبەرکێیان بێت و ملی خۆیانی بۆ بشکێنن.

ئەوەی ئێمەی کورد لەم قۆناغەدا لە سەرشانمانە؛ جیا لە پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی خۆمان و داکۆکیی ڕاشکاوانەی بە جەسارەتەوە لە ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی خۆمان، هەوڵ بدەین بە دیالۆگ لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران (تورک، بەلوچ، فارس، تورکمەن و گیلەک و...) هاوکات لە گەڵ هەوڵدان بۆ لابردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، باس لە نێوەرۆکی دەسەڵاتی سیاسیی داهاتووی ئێران و ماف و ئازادییەکانی خۆمان بکەین و لە مەترسیی ئەفکاری تەوایەتخوازیی و فاشیزم غافڵ نەبین.

لە کۆتاییدا:

ئەوەی ئەمڕۆژانە بۆتە فکر و زکری ڕۆژانەمان ئەوەیە کە چۆن بکرێ سایەی کۆماری ئیسلای لە سەر خۆیان لابەرین و پەڵەڕەشی هەوڕێکی تاقیکراوە نەیەتەوە جێی!!! بە قەولی زیباکەلام، "ما چگونە ما شدیم."

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٣

## چۆن بزانین ئاخۆ ئێمە شاهیدی شۆڕشێکین لە ئێران؟




**واشینگتۆن پۆست - چارلز کوزمەن - وەرگێڕان: کەماڵ حەسەن پوور**

دوای تێپەڕ بوونی چەند حەوتوو بە سەر نارەزایەتییەکانی ئێراندا، ئێرانییەکان لە پرسیارە مەزنەکە دەگەڕێن: ئاخۆ کۆماری ئیسلامی خەریکە بڕووخێ؟ هێندێک پسپۆڕ پێیان وایە ئەوە تەنیا پرسی کاتە، بەڵام بە گوێرەی هەموو مودێلە تیۆریکییەکانی ئێمە و هەواڵەکانی بڵاو بۆوە لە کاتی ڕووداوەکاندا، وەڵامە ڕاستەکە ئەوەیە کە هیچ کەس نازانێ. شۆڕشەکان لە بنەڕەتدا پێشبینی ناکرێن.

خۆپیشاندەران لە ئێران، پاش کوژرانی ژنێکی لاو بە نێوی مەهسا ئەمینی دوای دەستبەسەر کران لە لایەن پۆلیسەوە لەبەر دانەپۆشینی قژی بە شێوەی شیاو (داپۆشینی قژی سەر بۆ ژنانی ئێرانی زۆرەملییە)، لە مانگی سێپتەمبەرەوە بە بەربڵاوی خۆپیشاندانیان کردووە. لە سەرەتای دێسەمبەر، مانگرتن وەک دەربڕینی هاوپشتی بوونە هۆی داخرانی دووکانەکان لە هێندێک شار، لە ناویاندا لە بازاڕی ناوەندیی تاران کە شوێنێکی سیمبۆلیکە.

ڕەنگبێ بیر کردنەوە لەوە دژوار بێ کە چۆن خۆپیشاندەرانی بێ چەک، بە بێ لەبەر چاو گرتنی ڕێژەی زۆری ئەوان، دەوانن دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژیک و بە قورسی میلیتاریزە کراو، بڕووخێنن. بەڵام ئەوە دەقاودەق ئەو شتەیە کە هەموو کەس لە ئێران بیری لێ دەکەنەوە. ئەوان دەزانن کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی لە ئاکامی سەناریۆیەکی ئەوتۆدا هاتە سەر کار.

## شۆڕشەکان پێشبینی ناکرێن

بە هەمان شێوە، لە ناوەڕاستی ١٩٧٨ خۆپیشاندانەکان دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران وێنەدەچوو سەرکەوتن وەدەست بێننن. وەک لە کتێبی "شۆڕشی نامومکینی ئێران"، کە بە گوێرەی گێڕانەوەکان، لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان و بەڵگەکانی دەوڵەتانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان نووسراوە، خۆپیشاندەران چەند مانگ بوو لە سەرانسەری وڵات ڕژابوونە سەر شەقامەکان، بەڵام هێندێک لە خۆپیشاندانەکان گەلێک مەزن بوون.

پاشان مانگرتنەکان دەستیان پێ کرد. هێزە ئەمنیەتییەکان قەرار بوو خەڵکی شوێنێکی کار بگەڕێننەوە سەر کارەکەیان، بەڵام کاتێک هێزەکان بەرەو شوێنێکی دیکە چوون، شوێنی پێشتر دەستی بە مانگرتن دەکردەوە. تەنانەت بە چوارەمین سوپای مەزنی دنیا، ڕێژیمی پاشایەتی ئێران بە پێی پێویست هێزی ئەمنیەتیی نەبوو تا هەموان بە شێوەی هاوکات پێمل بکات.

کۆمەڵناسان دۆخێکی هاوشێوەیان هەیە: نارەزایەتی بەربڵاو وەک ڕا کردنی بە کۆمەڵی مشتەریانی بانکێکە بۆ دەرهێنانی دراوەکانیان. هیچ بانکێک هێندە دراوی داندراوی نییە تا ڕێژەیەکی زۆر مشتەری کە دەیانهەوێ هاوکات دراوەکانیان دەربێنن ڕازی بکات. بە هەمان شێوە، هیچ دەوڵەتێک هێندە هێزی سەرکوتکەری نییە بتوانێ سەرهەڵدانێکی جەماوەریی سەرکوت بکات. تەنانەت ئەگەر هێزە ئەمنیەتییەکان هەزاران کەس بکوژن یان دەستبەسەر بکەن، لە کۆتاییدا دەسەڵاتی دەوڵەت بەوە بەندە کە قەناعەت بە باقی دانیشتووان بێنێ لە دەربڕینی نارەزایەتیدا بەشدار نەبن.

محەممەد ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران، لە ئۆکتۆبری ١٩٧٨ لەوە تێگەیشت. ئەو لە وتووێژێکدا گوتی، "تۆ ناتوانی خەڵکی گەڕەکێک سەرکوت بکەی و چاوەڕوان بی خەڵکی گەڕەکەکەی دیکە بە باشی ڕەفتار بکات". باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئێران لە ڕاپۆرتێکدا نووسی، بۆ یەکەم جار لایەنگرانی شا "بیر لە شتێک دەکەنەوە کە بۆ بیر لێ کردنەوە نەدەبوو" واتە "ڕەنگبێ وا باش بێ بیر لە بژاردەی ئەوتۆ بکەینەوە کە قەت تا ئێستا بە پەیوەندیدارمان نەزانیون."

ملوێنان ئێرانی لە خۆپیشاندانی جەماوەری و مانگرتنی گشتیدا بەشدار بوون، ڕەنگبێ مەزنترین ڕێژەی بەشداریی دانیشتووان لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە کە دنیا تا ئەو کاتی دیتبوونی. شا لە جانیوەری ١٩٧٩ لە ئێران ڕایکرد و ڕوحوڵڵا خومەینی، ڕێبەری سیمبۆلیکی بەرهەڵستکاران، لە تاراوگە گەڕایەوە.

لەگەڵ: ئەوەشدا، داهاتووی ئێران ناڕوون بوو. نووسەری وتاری ڕۆژنامەیەک باسی هەستی قووڵی نادڵنیایی کرد کە لە تایبەتمەندییەکانی ساتەوەختەکانی شۆڕشە: "لە تاران، باسوخواسەکان لە دەوری ئەوە خول دەخۆن: شۆڕشەکە، کە گەیشتۆتە نیوە ڕێ، چۆن هەڵسوکەوت دەگەڵ هێزی بنەڕەتی دەوڵەت بکات؟"

تەنانەت خومەینیش، کە بە ئارامییەوە دڵنیا بوو خودا خوزیاری شۆڕش لە ئێران بووە، ڕۆژێک پێش بەدەستوەە گرتنی دەسەڵات لە فێبریوەری ١٩٧٩، دانی پێدانا کە نەیدەزانی کەنگێ و چۆن ئەوە دەقەومێ."

## ئێران جارێکی دیکە لە نادڵنیاییەکی قووڵدایە

لە ٢٠٢٢، ئێرانییەکان جارێکی دیکە نازانن قەرارە چ ڕوو بدا، یان کەنگێ. ئاگرێکی مەزن لە ئۆکتۆبر لە بەندیخانەی ئێڤین، بەندیخانەیەکی دڕندانە لە تاران کە ڕێژەیەکی زۆر زیندانیی سیاسی تێدان، کەوتەوە. ئەو ئاگرە بە ئانقەست لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە نرایەوە تا دەستی بەسەر داگرن یان زیندانییەکان ڕابکەن؟ ئاخۆ ئەوە کاری کاربەدەستان بوو تا زیندانییەکان بکوژن و ئۆپۆزیسیۆن چاوترسێن بکەن؟ ڕێژەیەکی کەم لەوانەی قسەم لەگەڵیان کردووە بڕوایان بە ئیدیعای کاربەدەستانە، واتە زیندانییە ئاساییەکان لە کاتی شەڕ دەگەڵ پاسەوانانی بەندیخانە، ئاگرەکەیان نایەوە. و کەسیش نازانێ ئەوە ڕووداوێکی تاقانەیە یان قووڵتر بوونەوەی ناکۆکی.

سەرلێشێواوی دیاردەیەکی تایبەتمەندی ساتەوەختی شۆڕشە، بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە ئاخۆ ڕووداوەکان دەبنە هۆی شۆڕشێکی ڕاستەقینە. خەڵک هەڵسوکەتی نەریتی دەخەنە ژێر پرسیار و، لە ناکاو هەڵسوکەوتی نوێ دەبنە باو. دۆخەکە لە حەوتوو بۆ حەوتوو و ڕۆژ بۆ ڕۆژ دەتوانێ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ.

زانستوانانی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕی دیکە ناتوانن پێمان بڵێن دۆخی شۆڕشی هەنووکەیی چی بەسەر دێ، چونکە ئێرانییەکان بۆخۆیان نازانن چی بکەن. بەڵام، بە بەڵگە سەلمێندراوە کە زۆرجار، دوای ڕوودانیان، پسپۆڕان وا دەنوێنن کە شۆڕشەکان دەکرا پێشبینی بکرێن. ئێمە لە شی کردنەوەی ڕووداوەکان دوای زانیاریی لەسەر ئاکامەکەیان، باشترین.

## پسپۆڕان ڕەنگە چی بڵێن

بێتوو ناڕەزایەتییەکان کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن یان ببنە هۆی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە دەوڵەتدا، پسپۆڕان ئاماژە بە

سەرکوتی هەڵبژاردنی خاوەن کێبڕکێ دەکەن، کە بۆ کانالیزە کردنی نارەزایەتییەکان بۆ سیاسەتی پارلەمانی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەوان دەڵێن، ڕاستیش دەکەن، ئێرانییەکان لە توندوتیژیی هێزە ئەمنیەتییەکان تووڕە بوون و لە گەندەڵیی دەوڵەتێک نەفرەتیان هەیە کە دەڵێ یەزدان ئیلهامدەریانە.

لە هەمان کاتدا، ئابووری ئێران بە هۆی خراپ بەڕێوە بردن، ئاسەوارەکانی پەتای کۆرۆنا و گەمارۆ درێژ مەوداکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، تێکڕماوە. جیلی نوێ، سەرەڕای پەروەردە بوون لە سیستەمی فێر کردن و پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا، هاوڕای ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدار نییە. و هاتنە سەرکاری خودی کۆمارەکە بە هۆی سەرهەڵدانی جەماوەریی، ڕێچکە دانەرە. بەڵام، بێتوو نارەزایەتییەکان نەبنە هۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یان ئاڵوگۆڕی بەرچاو، پسپۆڕان دیسان وا دەنوێنن کە ئاکامەکەی چاوەڕوانکراو بووە. هیچ خومەینییەک بۆ بوون بە ڕێبەری سیمبۆلیک بۆ جووڵانەوەی هەنووکەیی بوونی نییە. کۆماری ئیسلامی ئەزموونی زۆری لە سیس کردنی جووڵانەوەی نارەزایەتیدا هەیە. لە ناویاندا نارەزایەتییە جەماوەرییەکەی وەکو جووڵانەوەی سەوز لە ٢٠٠٩.

دژواریی ئابووری ڕەنگبێ خەڵک ناچار بکات دەست لە نارەزایەتی هەڵگرن و بگەڕێنەوە سەر کار. مانگرتنەکان تا ئێستا کاریگەرییان لەسەر داهاتی دەوڵەت لە هەنارده کردنی نەوتدا نەبووە. ئێران ئەوەندە هاوبەشی بیانی هەن تا خۆی لە تەریک کەوتنەوەی تەواو ببوێرێ. و هێزە ئەمنیەتییەکان وێدەچێ بە دەوڵەت وەفادار بن.

بە گوێرەی ئامار، شۆڕشەکان دەگمەنن، تەنانەت لە وڵاتانی کە وێدەچێ دۆخەکە بۆ شۆڕش "پێگەیشتوو" بێ، کەوابوو گرەو لە سەر شکست زۆر جار دڵنیا کەرەوەیە. وردە وردە، نارەزایەتییەکان لە کەفوکوڵ دەکەون و تووڕەیی جەماوەریی دەبنە بیرەوەرییەکی مێژوویی.

بەڵام، شتی دەگمەنیش ڕوو دەدەن. تەنیا ١٠٠ ڕۆژ پێش ڕاکردنی شا بۆ تاراوگە لە ١٩٧٨، ئاژانسی هەواڵگریی بەرگریی [وڵاتە یەکگرتوەکان] پێشبینی کرد کە "ناوبراو لە ماوەی دەیەی داهاتوودا لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە." ئێرانییەکان دەزانن ئەو پێشبینییە چی بەسەر هات.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیری ٢٠٢٣

# ڕەگە مێژووییەکانی "شۆڕشی ژینا" (ژن، ژیان، ئازادی)




**ئەردەڵان فەرەجی**

بەدوای ڕووخـانی دەسـەڵاتی سـەفەوییەکان کە لـوتکەی دەسـەڵاتی ئیسلامی سیاسـی بـوو لە ئێـران و بە دوای ئەوانیش قاجارەکان وەک بڵێی پێیان لە ئاوی گەورەکانیان ڕێخستبێ بە هەمان ئاراستەی دەوڵەتداری بە تایبەتی لە پرسی ژناندا ڕۆیشتن. سەردەمی وێکهاتنەوەی جوغرافیای ئیمپراتوریی ئێران دەستی پێ کرد و هەر ساڵە و لەتێک لە ئێران جیا دەکراوە. لەو سەردەمدا دوو هێزی گەورەی سەربازی لە جیهاندا ئامادە بوون؛ ڕووسیە و بریتانیا.

لە کۆتاییەکانی قاجار و شۆڕشی مەشرووتە نەک لە سەر خواستی مۆدێرن بوون، بەڵام بۆ مەرجدارکردنی پاشایەتی و دانی دەسەڵاتی زۆرتر بە دوو توێژی بازاڕی (تاجر) و مەلاکان هەوڵێک لەو ئاراستەیەدا درابوو.

"ڕەزاخانی میرپەنج" پاش تێکشکانی تاج و تەختی قاجارەکان ویستی هەیمەنەی مێژوویی ئێران ببووژێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو بەهێز بێت. پرسیاری کرد چۆن دەتوانین وەک ڕوسییە و بریتانیا بەهێز بین. پێیان گوت ئەوان مۆدێرنن. گوتی ئێمەش دەبێت مۆدێرن بین. چۆن مۆدێرن دەبین؟ ئێرانێک کە خەڵکەکەی ناسنامەیان نەبوو، چۆن دەیتوانی سەرژمێری بکات بۆ ئەوەی ئەو کوڕانەی کە دەگەنە تەمەنی ١٨ ساڵی بیانبات بۆ سەربازی؟ ئەی ئەوە ئەرتەشێکی گەورەشی پێک هێنا

لە کوڕانی سەروو ۱۸ ساڵ، خۆ ئەوانە هەریەکە و لە ناوچەیەکەوە هاتوون و لە زمانی یەک تێ ناگەن، دەبێ زمانی ڕەسمی بسەپێنێ. ئەو ئەرتەشە فراوانە کە لێکیش حاڵی دەبن، بەڵام نەتوانێ بە ڕێگایەک و بە کەرستەیەک بەخێرایی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەیان ڕابگوازێت، بە کەڵکی چی دێن؟ دەبێ ڕێگەی ئاسن دروست بکات. ئەی ئەگەر هەموو پیاوانی گەنج لە عەسکەری و خزمەتی دەوڵەتدا بن، ئەی کێ کارەکانی دیکە ڕاپەڕێنێ؟ دەبێ ژنانیش بێنە نێو بازاڕی کارەوە. دەی ژنی ژنانیش دەبێت گورج و گۆڵ بن، بەو عەبا و چارشێوانە کاری دەوڵەتی ڕاناپەڕێ، دەبێت جلوبەرگی گونجاو لە بەر بکەن. چۆن دەتوانێت سنوور بکێشێت بەڵام هیچ بستە خاکێک سەند و بەڵگەی نەبوو؟ و مەڕدار و عەشایر بە جەوی ئاو و هەوا گەرمێن و کوێستانیان دەکرد و....

بۆیە پێویست بوو دەست بۆ هەندێک گۆڕانکاری و داهێنان بکات. دەوڵەت (دام و دەزگای حکومەت) دامەزرێنێت (دەوڵەت نەتەوەی دامەزراند لە سەر ڕێڕەوی کەماڵ مستەفا ئەتاتورکی تورکیا). خەڵک خوێندەوار بکات، ئەرتەش دامەزرێنێت، پڕچەک و ڕاهێنراویان بکات و بتوانێ بەخێرایی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک کە پێویستە ڕایان بگوازێت.

دامەزراندنی ڕێگەی ئاسن، نیشتەجێکردنی عەشایر، سەپاندنی زمانی ڕەسمی، کەشفی حیجاب، تەقسیمی ئەرازی، دەرکردنی ناسنامە، سەنەد و بەڵگە دروست کرد بۆ مڵک و زەوی و... کۆمەڵێک لەو کارانە بوون کە ڕەزاخان و دواتر کوڕەکەی حەمەڕەزا شا بەڕێوەیان برد.

کەواتە خواستی مۆدێڕن یان بە قسەی ئەوان پێشکەوتوو کردنی ئێران لە بەر هەنگاونان بەرەو ئازادی و کورتکردنەوەی دەسەڵاتی سەڵتەنەت و بنیاتنانی دێمۆکراسی نەبوو، خواستێکی هێژمۆنی خوازی عەسکەری و سەربازی بوو کە لە سەردەمی حەمە ڕەزاشاش تا ڕادەیەک بەوە گەیشت و لەوانە دەکرێت ئاماژە بە دەست بە سەراگرتنی ئەڵوەن و ڕێکەوتننامەی ئەلجەزاییر و بوون بە ژاندارمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێکهێنانی ئەرتەشێک بەهێز بەرهەمی ئەو داهێنانەی پەهلەوی بوو. بەڵام هەموو ئەو سەرکەوتننانە ڕەق و عەسکەری و سەربازی بوون. هەندێک ڕەونەقی ئابووری دەستی پێکرد کە زۆرتر ڕووە و ناوەند و شارە مەرکەزییەکانی ئێران بوو کە لە ڕانینێکی عەسکەرتاری و سەربازییەوە سەرچاوەی دەگرت.

لە پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەوەی وا دواتر بە ناوی شۆڕشی سپی یان ئینقلابی شاە و مەردوم ناوبانگی دەکرد، حەمەڕەزا شا لەوە تێگەیی کە سێ لەمپەری گەورە و بەربەستی بنەڕەتی لە بەردەم پرۆژەکەی دایە کە بریتی بوون لە؛ وەرزێران یان جوتیاران، مەلاکان و ژنان. بۆیە کۆمەڵێک پلانی بۆ پووچەڵکردنەوەی ڕۆڵی ئەوان لە بەردەم بە مودێڕن کردنی ئێران بگرێت.

گوندنشین و وەرزێـران؛ لەوانە کە لە سـەرەوە ئامـاژەی پـێ درا تەقسیمی ئەرازی یـان دابەشکردنی زەوی و زاری ئاغـا و دەرەبەگەکان بە سەر ڕەشاییەکان بوو. لە ساڵی ١٣٤١ دا سەروو ٨٥% خەڵکی ئێران نیشـەجێی گونـدەکان بـوون و کەرتێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێرانیان پێک دەهێنا و هەر خۆی حەشیمەتەکەش بە لەبەرچاوگرتنی بـاری تێـڕوانین و پابەنـد بوونیـان بە سـونەت و داب و نەریـک یەک لە لەمپـرە هەرە گەورەکـانی بەردەم مۆدێرنیزاسیۆن ئێـران بـوون. گوندنشـین و وەرزێـران بە پێی تایبەتمەندی ژیانی گوندی زۆر محافزەکارن. کەمتر داهێنان و نوێگەرین و زۆرتر لە سەر ڕێچکەی بـاب و باپیرانیـان دەڕۆن. بۆ وێنە بۆ هەزاران ساڵ شێوەی کشتوکاڵ و هەڵگرتنەوەی بەروبووم کشت و کاڵییەکان، هەڵگرتن و کەڵـک وەرگـرتن لێیـان یەک جۆر و یەک شێواز بـووە. مۆدێرنیتە نـوێگەری و نـوێگەرایی لەگەڵ خـۆی دەهێنـا و ئەوان ئامـادەی قبـووڵی ئەو نوێگەری و داهێنانە نەبوون.

بە دابەشکردنی زەوی و زار بە سەر ڕەشاییەک دەبوو پاش چەند ساڵ و مەرگی ڕەشاییەکە ئەو زەوییە بە سەر منداڵەکانیـدا دابەش ببووایە، ڕوونە ئەو بڕە زەوییانە و دابەشکردنی بە سەر نەوەی دووەمی ڕەشاییەکان، کیفایەت ناکات و ناتوانن پێـی بژین. هەربۆیە لە سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوییەوە ئێران شاهیدی گەورەتـرین کـۆچی گونـد و لادێییەکـان بـوو بەرەو شـارەکان کە زوربەی هەرەزۆری ئەو گونـدییانەی کۆچیـان دەکـرد بـۆ شـارەکان لە گەڕەکە هەژارنشـین و حەلەبـی ئابادەکـان نیشتەجێ دەبوون. کەواتە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی تەقسیمی ئەرازی زەبرێکی جەرگبڕ لە پەیکەری گوندنشین و جوتیـاران درا و ئەمڕۆکە بە پێی ئامارەکان تەنیا لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ لە سەتی خەڵکی ئێـران نیشـتەجێی گونـدەکانن و بە کـردەوە ئەو چینە و عاملییەتیان وەک لەمپەرێک لە سەر ڕێی مۆدێڕنیتەی ئێران نەماون.

مەلاکان؛ لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە لە ئێران کە ئـایین خـرایە نێـو بـازنەی سیاسـەت و حوکمڕانییەوە مەلاکـان بەرەبەرە بــوون بە خــاوەنی پێگەیەکــی بەهێــزی کــۆمەڵایەتی، ئــابووری و فەرهەنگــی، دواجــاریش سیاســی. لە ســەردەمی پــێش سەفەوییەکان سێ ڕێگا بۆ داهات و دابینکردنی خەرجی دەوڵەت و حوکمڕانی هەبوون؛

١- ڕێگەی هاورێشم
٢- شەڕ و لەشکرکێشی بۆ وڵاتـانی دیکە و تـاڵان و تـاراجی سەروەت و سامانی وڵاتە داگیرکراوەکە و
٣- بـاج و خەراج.

بەڵام لە سەردەمی سەفەوییە بە هۆی لاوازیی سپا ئەو ئیمپراتۆڕییە نەیـدەتوانی لە ڕێگەی شـەڕ و لەشکرکێشی بـۆ وڵاتـانی دیکە بۆ نموونە وەک "نـادر قـولی ئەفشـار" (نادرشـا) بـۆ هیندوسـتان بتـوانێ خەزێـنەکەی پـڕ بکـات و تەنـانەت لە ڕەقیبـی

ئـاوچەیی و هاوسنووری خۆی واتە عوسمانییەکان لە شـەڕی چالـدێران شکسـتێکی گەورەی بەرکەوت. ڕێگەی هاوریشمیش بە تەنیا ئەوندەی داهات نەبوو کە بتوانی خەرجی زۆری ئیمپراتـۆرییەکی وەک سـەفەوییەکان دابین بکـات، بـۆیە سـەفەوییەکان بڕیاریان دا باج و خەراج لە سەر خەڵکی وەرزێر و جوتیار زیاد بکەن.

بە پێـی شـەریعەتی ئیسلامی ئەو زەوی و مڵـک و مـاڵانەی کە وەقفـی مـزگەوت بکـرێن، مەعـافن لە دانـی بـاج. شـازادەکانی سـەفەوییش کە خـاوەن زەوی و مڵـک و مـاڵێکی زۆر بـوون بـۆ دەور لێـدانەوەی ئەو بڕیـارەی دەسـەڵات و نەدانـی بـاج بە ئیمپراتـۆری، زەوی و مڵـک و مەزراکانیـان وەقفـی مـزگەوت کـرد. مەلاکـانیش کە خـاوەنی مزگەوتەکـان بـوون و بە هـۆی خوێنـدەواری نیـوە و نیوەچڵیـان، بـوون بە هەیئەتـی ئەمانەتـداری ئەو زەویـیە وەقـف کـراوانە. سـاڵ هـات و سـاڵ ڕۆیـی، سـەفەوییەکان ڕووخـان و لە دەسـەڵاتدا نەمـان، بەڵام مڵـک و مەزراکانیـان مـان کە وەقفـی مـزگەوت بـوون. مەلاکـانیش بـۆ پاراستنی ئەو مڵک و ماڵانە کوڕەکانی خۆیان دەکرد بە مەلا و پاش مەرگیان دەبوون بە جێگرەوەی باوکیان.

**بە دوو هۆکار مەلاکان پێگەی سیاسی و ئابوورییان لە سەردەمی قاجارەکان بەهێزتر بوویەوە؛**

١- (شاکانی قاجار بۆ وەرگرتنی شەرعییەت و ڕەوایی خودایی خۆیان ناچار بوون ئەم ئێعترافە لە مەلاکـان وەربگـرن و بـۆیە بـاجی زۆریـان دەدا بە مەلاکـان، ئەمە لە کاتێکـدا بـوو کە سـەفەوییەکان خۆیـان بە سـەید و نەوادەی پێغەمبەری ئیسـلام دەزانی و بە پێویستیان نەدەزانی ئەم ڕەواییە لە کەس وەربگرن.

٢- (مەلاکـان کە بە کـردەوە پـاش ڕووخـانی سـەفەوییەکان ببـوون بە خـاوەنی ئەسڵی زەوی و مڵـک و مـاڵە وەقفکراوەکـانی شازادان سەفەویی و لە باری ئابوورییەوە زۆر بەهێز و کاریگەر بوون.

ئەو پێگە بەهێزەی مەلاکـان وای کردبـوو کە وەک دەوڵەتـی سێبەر لە سـەردەمی قـاجارەکـان وێرانـی بـازاڕ و بازرگانەکـان زۆرجاران یەکلاییکەرەوەی پرسە گرنگەکانی حوکمڕانی قـاجارەکان بن.

ژنـان؛ ژنـانیش بەهـۆی زوڵـم و چەوسـاندنەوەی مێژوویـی و لە ژێـر کـاریگەریی کولتـووری تەبلیغکـراوی مەلاکـان و ژیـان لە گونـدەکان بەربەسـت و لەمپەرێکـی گەورەی بەردەم مۆدێرنیتە بـوون. ژنـان ببـوون بە ئـامرازی دەسـتی پیـاوان و مەلاکـان بـۆ کۆنترۆڵکردنی جیلی نوێ. دایکـان دژی هەر جۆرە ئـازادی و نـوێگەرییەکی کچ و کوڕەکانیـان لەژێـر سێبەری عەیـبە و عـار، دەوەستانەوە و بۆ هەزاران ساڵ جیلێکی لەقـاڵبدراو بە پێی کولتووری کۆنیان پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکردەوە.

ڕەزا شا و دواتریش حەمەڕەزا شا چوونە شەڕی ئەم سێ تەیف و توێژە یان لانی کەم ئەنجامەکەی وا دەرچوو. هەریەک لەوان بە شێوازێک؛ سیاسەتی تەقسیمی ئەرازی بوو بە مایەی لەبەینچوونی توێژی گوندنشینان و کۆچیان بۆ شارەکان. کەشفی حیجاب و هێنانە پێشەوەی ژنان لە کاروباری دەوڵەتداری و پەروەردە و خوێندەوارکردنیان (سپای دانش و سپای بێهداشت و...) بۆ پاڵ پێوەنانیان بەرەوە ڕەچاوکردنی لایف ستایلی مۆدێڕن و لەکارخستنی تایبەتمەندی لەمپەربوونیان و دواجار هاوکاری بۆ بردنی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو مۆدێرنیتە و سێهەمیش مەلاکان لە ڕێگەی دەرهێنانی ڕەگی موخالفەتیان لەگەڵ دەسەڵات و مۆدێرنیتە، کە زۆر جار بە تەماحوەبەرنان و هاندان بوو.

دیارە دەستبردنی شا بۆ ئەو ئیسڵاحاتە بێ نەیار و کێشە نەبوو. لە دەستپێکی مەشرووتە و لە پرۆسەی ئیسلاحاتی پەهلەوی کۆمەڵگەی ئێران بوو بە دوو بەشەوە؛ بەشێکی کۆنسێرواتیو، سوننەتی و ئیرتیجاعی و بەشێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێڕن.

شای ئێران کە بەهێزبوونی ئێرانی لە مۆدێڕن بوونی مۆدێلی خۆی دەزانی بەبێ گوێدان و بینینی بەشەکەی دیکە تەنیا ئەو بەشەی لە کۆمەڵگەی ئێرانی بینی و بە تایبەتی لە دوای ساڵەکانی ١٣٤٦ەوە کەوتە ئینکار و تەحقیری بەشەکەی دیکە، سەرەنجام بەو هۆیە و کۆمەڵێک هۆی جیهانی و ناوچەیی هەر ئەو بەشە پاشقولیان دا و ڕووخاندیان.

## ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی شەخسی خومەینی کە نوێنەری بەشی دواکەوتوو و سوننەتیی کۆمەڵگەی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی بوو، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە کردنی ئێران بە ئۆمولقوڕای ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیمامی زەمان و زیندووکردنەوەی ئیسلامی نابی محەممەدی.

لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سەردەمی پاش ئیسڵاحات، هەوڵ درا جارێکی دیکە مەسەلەی تەقسیمی ئەرازی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام سەری نەگرت و بۆی جێبەجێ نەبوو. کۆمەڵگەی ئێران بەرەو شاریبوون چوو و پێشیشی پێ نەدەگیرا.

بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی (دینی ڕەسمی) و پێویستی تەربییەت و پەروەردەکردنی مەلا و ئاخوند و سەرەنجام بەرهەمهێنانی توێژی فرەوفراوانی مەلا و کۆلکە مەلا، مەلا و پیاوی ئایینی ئەو پێگە بەهێزە مەعنەوی و کۆمەڵایەتییەی

لە دەست دا. لە زانستی ئابووریدا باسێک هەیە لەسەر ئەوەی کە هەتا داواکاری زۆر و خستنەڕووی کاڵایەک کەمتر بێت، نرخ دەچێتە سەرەوە، بە پێچەوانە تا خستنەڕووی کاڵایەک زۆر و داواکاری لە سەر ئەو کاڵایە کەم بێت، نرخ دادەبەزێت. لە پرسی مەلا و پیاوی ئایینیش بە هۆی بەرهەمهێنان و خستنەڕووی زۆر و داواکاری کەمی کۆمەڵگە لە سەر مەلا، بەرە بەرە قەدر و حورمەت و پێگەی مەعنەوییە کۆمەڵایەتییەکەیان بێهێز و لاواز و کەم بەها بوو. ئەمڕۆکە کەس ئەو ڕێز و حورمەتەی کە ٤٣ ساڵ لەمەوبەر بۆ مەلا و پیاوانی ئایینی هەیان بوو، لە مەلا و پیاوانی ئایینی نانێ.

عەمەلکرد و شێوە هەڵسووکەوتی کۆماری ئیسلامی بۆ پەراوێز خستن و سنووردارکردنی چالاکی ژنان بۆ کۆنترۆڵی ژنان (حیجابی ئیجباری، سەپاندنی یاساکانی شەریعەت بە سەر ژنان بۆ هەموو پرسەکان هەر لە پشک بردن لە میراتی باوک، گەڵاڵە و یاساکانی پشتگیری لە خێزان کە تەواو لە بەرژەوەندی پیاوان و زەرەری ژناندا بوو، نەهێشتنیان بۆ چوون بۆ یاریگا، مەنعی دووچەرخەسواری و.... ) و دواجار کۆنترۆڵی هەموو کۆمەڵگای ئێران، یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ چەقاندنی کۆمەڵگەی ئێران لە سوننەت و دواکەوتووی و ئێرتجاعدا. هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدایە کە تەنیا لە بواری ژناندا گۆڕانکاری گەورە بەرچاو دەکرێت؛ بۆ وێنە؛ ژمارەی ژنانی ئێران ٤٢ میلیۆن کەسە، کە ڕێژەی بەشداری لە پرۆسەی ئابووری ئێران بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی برنامە و بودجەی کۆماری ئیسلامی ١٣،٣% بەڵام بۆ پیاوان ٨٦،٧%ە، (نزیکەی ٧ هێندە). لە بەرامبەردا ڕێژەی بێکاری ژنان ١٦% ڕاگەیەنراوە لە بەرامبەردا ڕێژەی پیاوان ٧،٢% (دوو هێندەی پیاوان)ە. وردتر لەمبارەیەوە ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجانی نێوان ١٨ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ، ڕێژەی بێکاری پیاوان ١٣،٢% و لە بەرامبەردا ڕێژەی بێکاری ژنانی گەنج ٢٨،٣%ە (دوو هێندەی پیاوان). ئەمە لە حاڵێکدایە کە تەنیا بۆ وێنە لە ڕێژەی خوێندکارانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٩ بۆ ١٤٠٠ کە دوو میلیۆن و سەدوچوار هەزار کەس بووە (٢،١٠٤،٠٠٠) کچان یەک میلیۆن و شەست و سێ هەزار (١،٠٦٣،٠٠٠) کەس بوون واتە بیست هەزار خوێندکاری کچ زۆرتر بوون.

لە کەس شاراوە نییە کە ئەم هەڵاواردن و ئاپارتایدە جینسییە ڕیشە لە ئیدۆلۆژی ئیسلامی دایە کە ژن بە نیوەی پیاو پێناسە دەکات و دەبێت ئەم نابەرابەرییەش لە هەموو بوارێکدا ڕەنگ بداتەوە.

بە کورتی کۆماری ئیسلامی لە سەر شانی ژنان سوار بوو و بۆ ئەوەی بتوانێت وەک هێزێکی کۆنسێرڤاتیف بمێنێتەوە پێویست بووە کە ژنان سەرکوتکراوە و دەستەمۆ بهێڵێتەوە.

هەموو هەوڵی کۆماری ئیسلامی ڕاگرتنی کۆمەڵگەی ئێران وەک کۆمەڵگایەکی سونەت و ئێرتیجاعییە کە بتوانێت بە پێی شەریعەتی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێت، چونکا دەزانێت لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوودا ناتوانێ

بژیت.

لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک باس کردن لە دینی ڕەسمی سووک و سوواو دەبێت، دەستێوەردان لە شێوە پۆشش و دیاریکردنی لایف ستایل بۆ خەڵک ڕێگەپێنەدراو دەبێت، ئەمانە کۆڵەکەی دەسەڵاتی ئیسلامییە.

دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئێران بە دوو بەرەی سونەتی و مۆدێرن و ئەمڕۆیی دەمێک ساڵە لە ئێران دەستی پێ کردووە. لەمڕۆدا بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێران بەو ڕەوتە مێژووییەی کە پێیدا تێپەڕیوە پابەندی بەهاکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی دواکەوتوو هەوڵی سەرکوت و دەمکوتکردنی دەدات. کۆماری ئیسلامی بە هەموو دام و دەزگاکانیەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە حکومەتی ئەو کەمینەیەی کۆمەڵگای ئێران بێت کە پابەندی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی نابی محەممەدی و باقی ئەو خەڵکانەی دیکە کە لەو بازنەیەدا جێیان نابێتەوە، بە مولحید و نۆکەری بێگانە و پەست وەسف دەکات. هەموو کات ویستوویەتی شێوە ژیان و کولتووری بەشی سونەتی کۆمەڵگا بەرجەستە و باش جیلوە بدات و لە هەمانکات دا مۆدێرن بوون و ئەمڕۆیی بە خراپ و نەباش پێناسە بکات.

بەریەککەوتنی دوو کولتووری سونەتی و مۆدێرن بە بێ قبووڵی بەشی کولتووری مۆدێرن درەنگ یان زوو لە پرسێکدا دەتەقییەوە. دیارە مەسەلەی ئابووری و دۆخی خراپی ژیانیش سەرباری هەموو دەردان بۆ خەڵکی ئێران پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆ ئیرادەی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە.

"هاڵفۆرد مەکیندێر" زیندەوەرناس، ستراتیژیست و باوکی ژێئۆپۆلۆتیکی جیهان تیئۆرییەکی هەیە دەربارەی شارە وشکانی و شارە ئاوییەکان. دیارە مەکیندێر زۆرتر بە تیئۆری "دڵی زەوی" دەناسرێت.

ئەو باوەڕی وابوو بە هۆی ئاسانیی دەستاودەستبوونی کاڵا و قسە بە هۆی بوونی کەشتی و بەلەم لە ڕێگەی ئاوەوە، ئەگەر بازرگانێک بەدحیسابی یان کردەیەکی خراپ و خەشێکی بنواندبایە زۆر زوو هەواڵەکەی دەگەیشتە شارەکانی دیکە و بۆیە بۆ خۆ دوورگرتن لەو ناوزڕاوییە هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە ڕاستگۆ و دروست کردار بن، لە بەرامبەر شارە وشکانییەکان بەهۆی گەمارۆ درانیان بە کێو و دەشت و دۆڵەکان دەنگ و هەواڵ گەیشتن بۆ شارەکانی تر ئەستەمتر بوو. (جیاوازیی شارە ئاوی و وشکەکان زۆرترن) بۆیە بازرگانەکان بە کەیفی خۆیان خەشیان دەکرد و حاکمان زوڵم و زۆر و دەنگیش بە کەس نەدەگەیشت. ئەوەی لە ئێستادا دۆخی شارە وشکانییەکانی گۆڕاوە ئاسانی دەستاودەست کردنی هەواڵ و زانیارییە لە ڕێگەی میدیا و سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بە پێوەری تیئۆرییەکەی مەکیندر ئێران لە ڕیزی شارە

وشکانییەکان ئەژمار دەکرێت. ئەمڕۆکەش بوونی میدیا و سۆشیال میدیا ڕۆڵی گەورەی بووە لە لەقاودانی جینایەتی و زۆڵم و زۆرەکانی حاکمانی ئیسلامی ئەو وڵاتە.
بە ڕای بیرمەندان و زانایان گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤایەتی و درەوشاوەترین دیاری سەردەمی مۆدێرنیتە بریتییە لە؛ "ڕێکخراو بوون، سازماندەهی و حیزب و حیزبایەتی."

ئەگەرچی مێژووی حیزبایەتی لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر، بەڵام بەهۆی بوونی ئیستبدادی سیاسی و بوونی هۆگرییەکی زۆری زۆرینەی دانیشتووانی ئێران بە ئایین و لەوانە ئایینی ئیسلام، زەرورەت و پێویستی ڕێکخراوبوون نەک لە فۆرمی حیزب و جەریانی سیاسی بەڵکوو زۆرتر لە مزگەوت و مەلا و لە هەندێک شوێنیش سەرۆکی عێل و عەشایر بووە. ئەوەی لە ئێران زۆر جیاوازترە بووە (ئەگەرچی ئەویش هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە) "کوردستان"ە.

کوردستان بەشی هەرە ڕێکخراو بوونی کۆمەڵگەی ئێرانە. حیزبایەتی لە کوردستان خاوەن ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێزە خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی هۆز و عێل و عەشیرە لە فۆرمی مۆدێرنی ڕێکخراودا بۆ ئامانجەکانی خۆیان تێکۆشاون.
حیزبایەتی لە نیزام و سیستمە دیکتاتۆرەکان هەموو کات پڕتێچوو بووە، بەڵام خەڵکی کوردستان بەوپەڕی وشیاری و لەخۆبردووییەوە لە پێناو ماف و داخوازییەکانی خۆیان کاری ڕێکخراوەیی و حیزبییان هەڵبژاردووە.

لە کوردستان بوونی حیزب کولتوورێکی پێشکەوتووی لە کۆمەڵگەدا جێ خستووە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دوو حیزبی خاوەن پێگەی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن، کە ئەگەر تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان ئەندامیان نەبن و کاری ڕێکخراوەییان لەگەڵ نەکەن، بەڵام بۆ زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگەی کوردستان مەرجع و سەرچاوەی بڕیارن.

لە ڕەگە مێژووییەکەی "شۆڕشی ژینا" و جەوهەرەکەی کە بریتییە لە "ژن، ژیان، ئازادی" ناکرێت ڕۆڵی حیزبی کۆمەڵە لەبەرچاو نەگیرێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرکێکی دروستی لە کۆمەڵگەی ژنان وەرگرت و ژنانیش بە هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیان، ئەو فۆڕمە ڕێکخراوەییەیان بۆ چالاکی و تێکۆشانی خۆیان هەڵبژارد، لەبەرچاو نەگیرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٦ی جانێوێری ٢٠٢٣

# شۆڕشی ژینا تەنیا سەرکەوتن دەناسێت



**شێخ جەماڵ**

ژینا ئەمینی کچێکی ٢٢ ساڵانی کوردی سەقزی بوو کە بە دەستی گەشتی ئیرشاد بە غەریبی لە تاران شەهید کرا، سنووری یەک ملیارد تویتی تێپەڕاند و بۆ بە ترێندی جیهانی. کوشتنی ژینا کچە ژیکەڵەکەی کورد بووە هۆکاری دەستپێکردنی ڕاپەڕینێک کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا کەموێنە بوو.

ئەم بزووتنەوە ئەو وەرچەرخان و دەرفەتە بوو کە هەموو داخوازییە کەڵەکەبووەکان تەقیەوە و بەشێکی زۆر لە جەماوەر لە گەڵ خۆیدا هاوڕا دەکات، بزووتنەوەیەکی کە نە بەتەنیا فیمنیستی بوو، نە کرێکاری و نە داخوازیی جورێکیتری ژیان و نە نەتەوایەتی و..... کە لە ڕاستیدا کۆی گشتیی هەموویان بوو. بزووتنەوەی ژینا هاوکات ڕەگەزی، هەوڵدان بۆ ژیانێکی نوێ، ئازادیخوازی، عەداڵەتخوازی، خوێندکاری، نەتەوەیی، ئایینی، زمانی، دیاسپۆرایی، فدرالیخوازی، بەها تاکەکەسییەکان، پیشەیی، سێکولار، ڕاسانی هەموو نەدیتراوەکانی چوار دهە، پەراوێزەکانی شار و وڵاتی ئێران، فیلترینگەکان، بێ ڕووسەری و حیجابەکان، و.... بوو. بزووتنەوەی موبایل بەدەستەکان بوو، لە سەقز و لەسەر مەزاری ژیناوە دەستی پێ کرد بڵێسەی سەند و لە کورتترین کاتدا ئێران و جیهانی لە خۆ گرت بەجۆرێ کە دەتوانین بڵێین هاوتای لە جیهانیشدا تاکوو ئیستا نەبووە، ئیستا بە مانا گیدنزییەکەی هەموو سەرمایەکانی کۆمەڵگە سەریان هەڵداوە.

ئیستا ئیتر گەڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ هەلومەرجی پێش ژینا و دەسەڵاتیش بۆ ئەو بارودۆخە مومکین نییە، خەڵک ترسی ڕژاوە و ئەمە گەورەترین گەرەنتییە بۆ بەرەوپێشچوون، ئەڵبەت ئەوە داهاتووە پێمان دەڵێت دەسەڵات پاشەکشێ و ملکەچی خواستی خەڵک دەبێت یان نا؟ کە بە ڕوانین لە ڕابردوو نابێت!

ئەگەر ملکەجی خواستی خەڵک نەبێت ئینقلاب بەرەو پێش دەڕوات، خەڵک لە ئاستی سەرانسەریدا بۆ خۆی ڕێبەری درووست دەکات و بەرەو ئامانجەکانی هەنگاوی ئەهوەنتر دەنێت و ئەگەر ببێ بە دڵنیایەوە دەڕووخێت.

هەر ئەو جۆرەی کە ئاماژە کرا لە چەن ڕۆژدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا هەموو ئێرانی گرتەوە و باڵی هاویشت بەرەو جیهانیبوون، هەر چەندە لە سەرەتاکانی شۆڕشداین و هەوڵ دەدرێت بۆ دەربازبوون لە ئاستەنگەکان و چونە نێو دۆخی مانگرتنی گشتی و قەڵشی گەورە دروست بوون لەنێو دەسەڵات بە هۆکاری سەرکوتی بێڕەحمانەی خەڵک بەڵام ئیشتا مەترسی بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەکە لە ئاستی سەرەوە گەورەترین مەترسییە، هێزی ئەم شۆڕشە گەنجانمان بە کچ و کوڕی شۆڕشگێڕە کە لە سەر شەقام دژایەتیی هەموو نمادەکانی دەسەڵات دەکەن. قەیرانی ئابووریی سیاسی، ژینگەیی، ژئوپۆلوتیک، گەندەڵی و ناکارامەیی دەسەڵات و وڵامی توندی دەسڵات بە سەرکوتی توند ڕێگایەکی جگە لە درێژەدان بە ڕەوتەکە بۆ خەڵک نەهێشتوەتەوە.

پانتایی بزووتنەوەی ژینا گەورە و گەورەتر دەبێتەوە و توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواوی شار و شارۆچکە و گەورەشارەکان بگرێتەخۆ وە یەکگرتوویەکی بێوێنە لە شار و شاخ و دیاسپۆرا لە بەینی هەموو چین و توێژەکاندا پێک بهێنێت. هاتنە سەرشەقامی ژنان وەک دیاردەیەکی گەورە و موبارەک یەکێ تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە کە توانی جێگای شیاوی ژنی کورد و ئێرانی لە ئاستی جیهانیدا دیاری کات بە جۆرێ کە ژنان بوون بە کاراکتەری مەیدانی ئەسڵی، توانی دوای چل ساڵ تەنیایی کورد لە ئاستی سەرانسەریدا کورد بکاتە دەسپێشخەر و هەژمۆنی خوێ بە سەر بزوتنەوەکەدا بە جۆرێ پڕڕەنگ کاتەوە. کورد بە تێگەیشتن لە پێشنیاری ڕێبەرایەتیی سیاسی خۆی سەبارەت بە زەرووڕەتی ئیتحاد تا ڕووخانی دەسەڵات! لەگەڵ خەڵکی ئێران، توانی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و خەتای پتر لە ٨٠ ساڵ کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی خۆی و پشتیوانی قارەمانانەی خەڵک بە شێوازێکی ڕێکخراوەیی لەژێر هێژمۆنی و مودیرییەتی ژووری هاوکاری حیزب ڕۆژهەڵاتیەکاندا جیلوەیەکی جیاواز لە ئێران لە خۆی نیشان بدات، لە ڕاستیدا چەند جار کپ و بێدەنگبوونی ڕەوتەکە بە هیممەتی کورد هەستاوە و سوتەمەنی و قوربانییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بوون کە بە ڕاوەستاندنی بێوێنەیان لە بەرانبەر جەلادەکانی پەت و سێدارە ساچمە ئاژن، دیل و شەهید کران، گەورەترین مانگرتنە سەداسەدیەکانی ڕێک خست و هەزینەی دا.

جیا لە کوردستان ئەم شۆڕشە توانی لە ئاستی سەرانسەریدا و لە نەبوونی ئوپۆزیسیۆنێکی چالاکدا بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆی لیدری مەیدانی درووست بکات بەجۆرێ کە کەمتر بێسەریی پێوە دیار بێت، خۆ سازماندانی خەڵک لە مەحەلات و گەڕەکەکان جیاوازیی ماهەوی لەگەڵ هەموو تشکیلاتە ناسراوەکانی بووە و هەیە ئەڵبەت دەبێت بزانین کە نەبوونی ڕێبەرایەتی دەتوانێ مەترسییەک وەک بەهاری عەرەبی درووست بکات کە لە نەبوونی تەشکیلاتدا ئێخوانیییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەر ئەوجۆرە لێرەش دەتوانێت لە دەقەی نەوەددا هێزێکی نادیار کە بە ڕێکخراوەیە، دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵک بدزێت، کوڕی شا، شوڕای گوزار، موجاهدین و... کە ئیستا نەخشێکی ئەوتۆیان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا نییە دەتوانن بە یارمەتیی سیلبریتیەکان لە داهاتوودا مەترسی جیدی درووست بکەن، کورد و هاوپەیمانانی بۆ ئاستی سەرانسەری دەبێت هەوڵ بدەن کە توانایی و خەلاقییەتی بەکۆمەڵ جێنشینی ڕێبەری تاریف کەن. بە پێچەوانەی ڕای بەشێ لە لێکۆڵەران بارودۆخی ئیستا، ئینقلابی و شۆڕشی ژینا دەستپێکی ئێنقلابێکە بە تەواوی تایبەتمەندییەکانیەوە، هەر چەندە بەشێ لە خەڵک بێدەنگ بوون بەڵام لایەنگری و پشتیوانییان لە شۆڕش حاشا هەڵنەگرە، زۆرینەی ئینقلابەکانی ناوچە کە بووەتە هۆکاری گۆڕانکاری بەرچاو لە ١٥ تاکوو ٣٠ ڕۆژ درێژەی هەبوو بەڵام لە شۆڕشی ژینادا ئەوە پتر لە سەد ڕۆژە خەڵک لە سەر شەقامن، لە ڕۆژی یەکەمەوە درۆشمی و داواکاریی تایبەت بە خۆیان هەیە، بزووتنەوەی ژینا توانی کە پتر لە هەشت بزووتنەوەی کۆمەلایەتی ( گەنجان، ژینگەپارێزان، ژنان، عەدالەتخوازان، کرێکاران، مامۆستایانی قوتابخانە، خەڵکی دیاسپۆرا، بزوتنەوەی دانشجویی) چالاک بکات.

خەڵکی کورد و هەروەها ئێران زۆر کارەساتی ناخۆشتر لە شەهیدبوونی ژیانیان بەسەردا هاتووە، بەلام هیچکامیان نەیانتوانیوە هێزی بزوتنەوەی هاوشێوەی ژینا لەنێو جەماوەردا بە کەڵکوەرگرتن لە سۆشیال میدیا جگە لە کوردستان ڕێک بخات، دیارە لە درێژەی ڕەوتەکەدا بە زۆر هۆکار حەسانەوە و کەمڕەنگ بوونی خۆپیشاندانەکان ئاسایی و چاوەڕوان کراوە، بەڵام ئاستی داخوازییەکان و هەروەها توندوتیژی دەسەڵات لە سەرکوتدا دەتوانێ ببێتە سوتەمەنیی بزووتنەوەکە، ئێمە لە ئێراندا بە پێی ئامارە فەڕمییەکان ٣٨ میلیون گەنج و بیست میلیون وەنێوکەوتوو هەیە، ٣٨ میلیون گەنجی ئەم وڵاتە ماتۆڕی ئێنقلابن، هەر چەندە دەسەڵات ئەزموونی سەد ساڵ دەوڵەتداری، ئەزمونی شکستدانی نزیکەی بیست بزووتنەوەی سەرانسەری، ٨ ساڵ شەڕی ئێران و عێراق و دەستتێوەردانی لە کاروباری سووریە هەیە، و دڵنیام شکستی جمهووری ئێسلامی ئاسان نابێت بەڵام ئیرادەی خەڵک درووستکردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی وە دامەزراندنی وڵاتێکی لامەرکەزی فیدراڵی دیمۆکراتیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٦ی جانێوێری ٢٠٢٣

## کوردستان لە شۆڕشی ژینادا و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ئێران




**فەریبا محەممەدی**

دوای کوشتنی ژینا بە دەستی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی لە تاران، زۆر زوو خەڵکی شاری سەقز و سنە دەستیان کرد بە نارەزایەتیدەربرین و ڕۆژی ناشتنەکەشی بوو بە سەرەتایەک بۆ شۆڕشێکی بەهێز کە بەخێرایی هەموو کوردستان و دواتر ئێرانی گرتەوە. لابردنی لەچک و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هەر زۆر زوو لە سەقزەوە بۆ هەموو ئێران تەشەنەی کرد و پڕیشکی ئەم شۆڕشە سەرانسەری بۆوە. ئەوەی گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە کوردستان بوو بە ناوەندی هەڵگیرسانی شۆڕشێک کە هەموو قۆژبنێکی ئێرانی گرتەوە و بۆ یەکەمجار ئاخێزیک بەم قەوارەیە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕوو بدا.

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کوردستان لە دۆخێکی ستەملێکراوەوە ببێتە ناوەندێکی گرنگ کە لەوێ گۆڕانی مێژووی ئێران دەس پێ بکات، یان بووە هۆی ئەوەی کوردستان بە شێوازێکی تازە بکەوێتە نێو چوارچێوەی جۆغرافیای سیاسی ئێران و تەنانەت دەکرێ لە باری نێونەتەوەییشەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ پێگە و جێگەی کورد بکرێت.

شۆڕشی ژینا کە ئێستا لە چوارەمین مانگی خۆیدایە ڕەهەندێکی گرینگی ئەوەیە فرەچەشنی و فرەئەتنیکی و نەتەوەیی

ڕەنگی داوەتەوە لە ڕووداوەکاندا. بەتایبەت دەور و ڕۆڵی ژنان و کچانی تازەپێگەیشتوو و بوێریی ئەوان لە بەشداری و بەرانبەرکێ لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم و هەروەها ڕێژەی بەشداریی لاوان و مێرمندالان لە هەموو شارەکان نیشان دەدا کە نەوەی نوێ بە پێشانگایەتیی ژنانەوە خوازیاری گۆڕانن. لە هەمانکاتیش خوێندکاران وەک هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەو بوون و جارێکیتر سەلماندیان کە دەتوانن دەوری سەرەکییان هەبێ لەم شۆڕشە بۆ لە گۆڕنانی کۆماری ئیسلامی. لە سەدەی ڕابردوو خوێندکاران لە زۆربەی شۆڕشە گرینگەکانی جیهان دەوری گرینگیان گێڕاوە و لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا بوون.

لە لایەکیترەوە کوردستان و بەلووچستان دوو ناوچە و نەتەوەی سەرەکی لەم شۆڕشە بوون کە تا ئێستاش بەردەوامن و زیاترین قوربانییان داوە. هاوسۆزی و هاودەنگیی ئەوان بۆ یەکتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دوو نەتەوە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەرەو ڕووی زیاترین چەوساندنەوە و بێمافی بوونەتەوە. ڕەنگە لە باری ڕوانین بۆ خەبات و بەرخودان جیاوازییان هەبێ، بەڵام خاڵی هاوبەشیشیان کەم نییە و دەتوانن ببنە هۆی کۆدەنگی لەنێوان نەتەوەکانی دیکە. بەڵام ئەوەیکە زیاتر لێرە مەبەستە خودی کوردستان و خواست و داواکارییەکانی ئەوان و داهاتوویانە.

شۆڕشی ژینا هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد کوردستانی کردووەتە مێحوری سەرەکیی ڕووداوەکە و هێژموونیی خواست و دروشمی کوردی پێوە دیارە. بۆیە کورد وەک تەنیا نەتەوەیەک کە هەر لە سەرەتاوە "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوتووە و لەدژی خەباتی کردووە و بەتەنیاش مایەوە تا شۆڕشی ژینا، ئەمڕۆ دەتوانێ ڕێبەریی ئەم شۆڕشە لەئەستۆ بگرێ. کورد خاوەن حیزب و ڕێکخراوی سیاسییە کە هەم مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە خەبات دژی داگیرکارانی کوردستان و هەم لەم ماوەیەدا سەلماندوویەتی دەتوانێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەماهەنگ و یەکدەنگ بن و پەیوەندییەکی نەپچڕاو لەنێوانیاندا هەیە. مانگرتنە سەرتاسەرییەکان لەسەر داوای حیزبەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن و ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە.

لێرەدا پێم باشە ئاماژەیەک بکەم بە وتەیەک و دواتر دێمەوە سەر بابەتەکە. دەیڤید ڕۆمانۆ، نووسەری کتێبی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد دەڵێ: "خەسڵەتی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە شۆڕشی کورد زیاتر بە پێی ڕەخسانی دەرفەتی سیاسی سەری هەڵداوە. بە درێژایی سەدەی ڕابردوو هەرکات هەلێک ڕەخسابێ، بزاڤی کورد لە ئێران سەری هەڵداوە." من بۆ خۆم کاتێ چاو بە مێژووی ئەم بەشەی کوردستان دەخشێنم، بە جۆرێک ئەم قسەیەم پێ ڕاستە. بەڵام مەبەستم ئەوە بوو کە ئەمجارە واتا شۆڕشی ژینا پێچەوانەی ئەم قسەیە و ئەوە کورد بە دروستی خۆی دەرفەتی ڕەخساند و گواستیەوە بۆ سەرتاسەری ئێرانیش. بۆیە شۆڕشی ژینا خاوەن ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییەیە لەگەڵ

ناڕەزایەتی و ئاخێزەکانی دیکە لە کوردستان و ئێرانیش.

ئەوەی هەتاکوو ئێستا توێژەران و چالاکانی سیاسی و شرۆڤەکاران ئاماژەی پێ دەدەن ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا قۆناغێکی گرینگی بۆ تێپەربوون لە کۆماری ئیسلامی بڕیوە و ناگەڕێتەوە دواوە و بۆیە ئەم شۆڕشە ئەگەرچی هەوراز و نشێوی دەبێ، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن مسۆگەر دەکات. هەربۆیە هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی بێگومان دەرفەتێکی زێڕین بۆ نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسیی خۆی دەخوڵقێنێت. هەر ئەمەش وا دەکا کە کورد بە ئامادەبییەکی زیاتر و بەرچاوڕوشنی هەنگاو بنێ و خواستەکانی خۆی فۆرمولە بکات و پێشکەشی هەموو لایەنەکانی دیکە لە ئێرانی بکات. بۆیە کورد دەتوانێ و پۆتانسیەلی ئەوەشی هەیە کە ئەم هەوڵە بدات و بە بنەماوەرگرتنی پرەنسیپی مافی یەکسانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ گشت نەتەوەکانی نێو جۆغرافیای ئێران لەپێناو هاوئاهەنگی و سازکردنی بەرەیەکی هاوکاری.

**بەڵام پرسیار ئەوەیە کورد لەم کاتەدا چیی دەوێ و چۆن دەتوانێ خۆی فۆرمولە بکات؟**
**ئایا فێدرالیزم کە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان داوای دەکەن ئیمکانی هەیە؟ ئەگەر نەبوو دەبێ چی بکەن؟**

بێگومان ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە بۆ هەر تاکێکی کورد دێتە ئاراوە و دەتوانێ ئاڵۆزیی فیکریش لەگەڵ خۆی بێنێ. بۆیە لە ڕوانگەی منەوە ئەزموونی کورد چ لەم بەشەی کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێمان دەڵێت کە ئەوە تەنیا ئیرادە و یەکدەنگیی خۆمانە دەتوانێ لە خواست و هیواکانمان نزیکمان بکاتەوە. لە ناوچەیەکی ئاڵۆز وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کورد لە چەقی ئەم ئاڵۆزییەشدایە بەدیهاتنی مافەکانمان کارێکی ئاسان نییە. پڕوپاگەندەی نەیاران و دوژمنانی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە حەساسیەتێکی زۆر لەمەڕ پرسی کورد هەیە. بەڵام ئەمجارە شۆڕشی ژینا ئەو دەرفەتەی بۆمان خوڵقاندووە تا توانایی و ئیرادەی کورد زیاتر خۆی دەربخات و جێی سەرنج بێ، بە مەرجێ کورد و ڕێبەری کورد بزانێ کەڵکی لێ وەربگرێت.

سەروەریی سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەو خاڵە گرینگەیە کە دەبێ لە سەری بوەستین و هێڵی سوورمان بێ. لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەچەشن لە دوای کۆماری ئیسلامی کە ئاڵترناتیڤێکی بەهێزی ڕادیکاڵ نابینندرێ، بێگومان ئاستەنگی زۆر هەیە بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ئەم وڵاتە و گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی ڕەوای خۆیان. هەروەک بەڕێز دوکتۆر بۆرهان یاسین دەڵێ کورد نابێ هەوڵ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بدات کە دواتر داوای مافەکانی خۆی لێ بکات. ئەم وتە بەنرخە لەوەوە دێت کە کورد لە عێراقدا هەوڵ و تەقەلای زۆری دا دوای ڕووخانی سەدام بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دواتر ئەو دەوڵەتە بەشێکیتر لە خاکی کوردستانی لە هەرێم جیا کردەوە و بەردەوام ناکۆکی هەیە لە نێوان هەرێم و ناوەندا. کە وا

بوو کورد و هێزی سیاسی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی تا پێداگری لە سەر مافەکانی خۆی بۆ سەروەریی سیاسی بکات و لەو سۆنگەیەوە هەوڵ بۆ دێمۆکراتیزەکردنی ئێرانی داهاتوو بدات نەک ئەوەی مافەکانی خۆی بکاتە قوربانیی ئێرانی دێموکراتیک.

سەروەریی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی چارەی خۆیان بە دەستی نەتەوەی کورد ئەو هێڵە سوورەیە کە دەبێ لەم هەلە و لەم شۆڕشە بیکات بە بنەما و خواستی سەرەکی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٦ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## مستەفا قازیزادە: بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا سەرکەوتنێکی دیپلۆماتیکە بە تایبەتی بۆ حیزبە کوردستانییەکان



وتووێژ: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

بڕیارنامەی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ناساندنی سپای تێرۆریستیی پاسداران بڕیارێکە کە سەرنجی کۆڕەکانی سیاسەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەگەر ئەو ڕێکخراوە وەک یەکەم ڕێکخراوی نیزامی کە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە بڕیاری خومەینی دامەزرا؛

لەلایەن ئورووپاوە وەک تێرۆریست بناسرێت ئیقدامێکی گونجاوە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا. لەو پێوەندییەدا ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" وتووێژێکی لەگەڵ "مستەفا قازیزادە" جێگری بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان کردووە.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: ئامریکا ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە سەردەمی سەرکۆماریی دانڵد ترامپدا، سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانی خستە لیستەی تێرۆرە و ئێستاش پارلەمانی ئورووپا بڕیارنامەکەی پەسند کردووە، ئەو هەڵوێستە دژی ڕێژیمی ئێران لەبەر چییە؟

**مستەفا قازیزادە**: با پێشتر بڵێم کە ئەو بڕیارە نە هی یەکیەتیی ئورووپایە، بەڵکوو پارلمانی ئوروپایە کە بە زۆرینەی دەنگ پەسندی کرد. زۆر لە پارلمانەکانی وڵاتانی ئورووپایی و هەروەها پارلمانی ئورووپا لە چەند مانگی شۆڕشی ژینا بۆیان دەرکەوت کە جەماوەری گەلانی ئێران، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان ناوێ و ئەو ڕێژیمە هیچ مەشروعییەتی لە نێوخۆ نەماوە. زۆربەی وڵاتانی ئورووپا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو ڕێژیمە هیچ داهاتووی نییە و دەبێ پشتیوانیی گەلانی ئێران بۆ وەدیهێنانی ئازادی ودێموکراسی بکەن.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: ئەگەر وڵاتانی ئورووپایی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێنن ڕێژیمی ئێران دەچێتە چ قۆناغێک لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟

**مستەفا قازیزادە**: دیارە ئەو بڕیارەی پارلمانی ئورووپا دەبێ لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتانی ئەندامەوە پەسند بکرێ و بۆ عەمەلیکردنی کار بکەن. سپای پاسداران وەک دەزگای سەرکوت و تێرۆر لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەوێتە ژێر گەمارۆ؛ ڕێژیمی ئێران ئەو ئۆرگانە سەرکوتکەرەی لاواز دەبێ، بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیم هەر لە ئێستاوە هەڕەشە لە وڵاتانی ئورووپا دەکەن کە ئەوەش زیاتر تەریکبوونەوەی ئەو ڕێژیمەی بە دواوە دەبێ.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: کاریگەریی بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە وەک تێرۆریست چ قازانجێکی بۆ حیزبە دژبەرەکانی ئێران و بەتایبەتی کورد دەبێت؟

**مستەفا قازیزادە**: سپای پاسداران ئۆرگانی سەرەکیی سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە ئێران بەگشتی و کوشتار و بڕینی نەتەوەی کورد بەتایبەتی بووە و هەیە. مووشەکباران و هێرش بۆ سەر ئەحزابی کورد هەر کاری ئەوان

بوو. ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە مانای ئەوە دەبێ کە ئەو سپایە بخرێتە ژێر گەمارۆ. ئەوەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئەو ڕێکخراوە و ئیتر ناتوانێ وەک پێشوو درێژە بە هێرشە بێسنوورەکانی خۆی بۆ سەر کورد بدا.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە: ئورووپا ڕایگەیاندووە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا و پشتیوانی لە خەڵکی ئێران، سپای پاسداران وەک تێرۆریست دەناسێنێت؛ شۆڕشی ژینا چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕۆژاوا داناوە کە ئەوان ئاوا گرینگی بە شۆڕشی ژینا دەدەن؟**

**مستەفا قازیزادە**: پرۆسەی ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە درێژخایەنە و دەبێ تەواوی وڵاتانی ئەندام بڕیاری ئەرێنی پێ بدەن، بۆیە ئەو پرسە پێی دەچێ.

شۆڕشی ژینا هێندە لەپڕ، چاوەڕواننەکراو و بەهێز و بە بەشداریی جەماوەری خەڵک دەستی پێ کرد کە ڕۆژاوا چاوەڕێی ئەو دیاردەیەی نەدەکرد. هەر سەرکۆماری ئامریکا جۆ بایدن گوتی کە ئەو لەو مەسەلەیە سەری سووڕ ماوە و چاوەڕێی ئەو شتەی لە ئێران نەدەکرد. سیاسەتوانانی ڕۆژاوا دەبینن کە ئەو شۆڕشە جەماوەرییە بناغەی دەسەڵاتی مەلاکانی ڕاتڵەکاند و ڕێژیم ئیتر لەنێو جەماوەری خەڵک و تەنانەت نەتەوەکانی ئێران هیچ دەسەڵاتی نەماوە. ئەوان دوو ڕێگایان لەبەرە: یان بە پێوەندیی دیپلۆماتیکی فەرمیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم درێژە بدەن وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، یان ببنە پشتیوانی ئەو شۆڕشە کە داهاتووی وڵات دیاری دەکا؛ وا دیارە سیاسەتوانانی ئورووپا بژاردەی دووهەم دەگرنە بەر.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە: بەشێکی دیکەی هەڵوێستی ئورووپا بۆ هاوکاریی ئێران بە ڕووسیە لە شەڕی ئۆکرایندا دەگەڕێتەوە؛ مەترسییەکانی ئێران بۆ ئورووپا لە شەڕی ئۆکرایندا چییە؟**

**مستەفا قازیزادە**: شەڕی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین تەواوی تەعادوڵاتی نێونەتەوەیی لە ئورووپا و ڕۆژاوا تێک دا. ڕووسیە بە کردەوە نیشانی دا کە ئامادەیە کە هێرش بکاتە سەر وڵاتانێک کە پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ ئورووپا هەیە. ئێستا وڵاتانی باڵتیک و سکاندیناوی وەک لیتوانی و سوید ترسی هەڕەشە لەلایەن ڕووسیەیان لێنیشتووە. ئێران دیارە لەو شەڕە ڕاستەوخۆیەدا بەشداریی کردووە؛ پێدانی پەهپاد، مووشەک و تەنانەت ناردنی هێزی نیزامی لەژێر عەبای ڕاوێژکاریی نیزامی، دژایەتیی ڕووسیە لە دژی ئورووپا بەهێزتر دەکات و مەترسیی دواڕۆژ کە ڕووسیە هێرش بکاتە سەر وڵاتانی دیکەشی بەهێز کردووە. ئێران لە گۆڕەپانی ئەو ململانێیەدا بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سوڵح و هێمنی لە ئورووپا.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: ئایا سپای پاسداران لە تۆڵەی ئەو هەڵوێستەی ئورووپا ئەگەری هەیە هێرش بکاتە سەر دامەزراوە و بەرژەوەندییەکانی ئورووپا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؟

**مستەفا قازیزادە**: سپای پاسداران هەروا دانانیشێ و چاوەڕوانی هەڵسوکەوتەکان ببێ. خۆیان دەزانن کە بە تێرۆریست ناساندنی ئەوان و کەوتنە ژێر ئابلۆقەی گەمارۆکان، زۆر زەربەی کاریگەریان لێ دەدا. بۆیە بێشک هەوڵ دەدەن کە تۆڵە بکەنەوە و پیلانی هێرش و زەبر وەشاندن لە ئورووپا لە دەرەوە و لە نێوخۆی ئورووپا دادەڕێژن. ڕێژیم بە درێژایی ئەو دەیان ساڵە تۆڕێکی تێرۆریستیی لە ئورووپا تەنیوەتەوە کە هەر کات خۆی لە مەترسی ببینێ وەجوڵەیان دەخا.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: لە دوای ئەو بڕیارەی ئورووپا، گەمارۆی ئابووریی زیاتریش دەخرێتە سەر ئێران، دۆخی ئابووریی ئێران بەو گەمارۆیانە چی لێ بەسەر دێت؟

**مستەفا قازیزادە**: تا ئێستا باس لە خستنی گەمارۆی ئابووری دەکرێ بۆ سەر ئۆرگانەکانی تێرۆر و سەرکوتی ڕێژیم وەک بنەماڵەی خامنەیی، ئیبراهیم ڕەئیسی، سپای پاسداران، هێزی ئینتیزامی لە گەورەشارەکان، بەسیج و تەنانەت ئەو ٢٠٠ و چەند ئەندامەی پارلمانی ئێران کە داوای حوکمی ئێعدامیان بۆ خۆپیشاندەران کردبوو. ئەوە بە مانای ژێر گەمارۆخستنی ئابووریی ئێران نییە. ئابووریی ئێران پێش ئەو گەمارۆیانەش هەر شپرێو بوو و هیچ پێوەندیی بەو مەسەلەیە نییە. داهاتی ئێران لەژێر دەستی مەلاکان نە بۆ خەڵکی ئێران بەڵکو بۆ تەیارکردنی نیزامی و پشتیوانیی هێزەکانی لایەنگری لە نێوخۆ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت ئێستا شەڕی ئۆکراین دەکرێ. بەشێکی گەورە لەو پووڵانەش لەلایەن بنەماڵەکانی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە دەدزرێ و بۆ دەرەوەی وڵات ڕادەگوێزرێ. شپرێویی ئابووریی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ناکارامەیی کاربەدەستان کە هیچ شارەزاییان لە بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەی مۆدێرنی ئێستا نییە کە هیچ، بەڵکوو وڵات لەسەر قەوارەی بیری بەر لە ١٤٠٠ ساڵ پێش بەڕێوە دەبەن.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: ئەو بڕیارنامەیەی ئورووپا دژی سپای پاسداران چ قازانجێکی بۆ حیزبە کوردستانییەکان هەیە؟

**مستەفا قازیزادە**: ئەو بڕیارە بە گشتی سەرکەوتنێکی دیپلۆماتیکە بەتایبەتی بۆ حیزبە کوردستانییەکان. حیزبە کوردستانییەکان ئەو شەپۆلەی تازەی خەباتیان بە ڕاگەیاندنی سێ مانگرتنی سەرانسەری دەست پێکرد و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەرەوپیری بانگەوازی کوردەوە هاتن. پێشڕەوبوونی کورد

ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە هێزە سیاسییەکانی کورد لەو خەباتەدا بەرحەق بوون و هێزی سەرەکیشن لە داهاتووی ئێراندا، ئەوان لە گۆڕەپانی خەباتدا ماونەتەوە و بەردەوامن.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: حیزبەکان دەبێ هەنگاوی دواتریان دژی ڕێژیمی تاران لە سیاسەتی خۆیان لە ئورووپادا چی بێت؟

**مستەفا قازیزادە**: هێزە سیاسییەکانی کورد دەبێ وێڕای نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ چەند خاڵی گرینگ کار بکەن:

١- بەردەوام بن لە سەر قانیعکردنی ئورووپا بۆ ناساندن و پێشگرتن لە جموجۆڵی دەستوپێوەندییەکان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم.

٢- زۆرکردنەوەی گوشارە دیپلۆماتیکەکان وەک دەرکردنی نوێنەرانی ڕێژیم لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

٣- داخستنی سەفارەتەکانی ئێران کە بنکەی کاروباری تێرۆریستی ئەو ڕێژیمەن.

٤- سەلماندنی ئەو ڕاستییە بە ئورووپا کە وڵاتی ئێران فرەنەتەوەییە و داهاتووی سیاسیی ئێران تەنیا لە چوارچێوەی سیستمی فێدراڵیدا دەستەبەر دەکرێ و ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا تەنیا بەو شێوە دەستەبەر دەکرێ.

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**: ڕای خۆتان بڵێن:

**مستەفا قازیزادە**: ئێستا بۆ هەموو ئازادیخوازان لە ئێران دەرکەوتووە کە کورد نەخشی سەرەکیی لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسیی داهاتووی ئێراندا هەیە. با دروشمی "کوردستان چشم و چراغ ایران"مان لە سەرەتای شۆڕشی ژینا لەبیر نەچێ. هەر بەو پێیەش دەبێ کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تر لە دەسەڵاتی سیاسیی داڕۆژدا بەشدار بێ. کورد دەبێ لەو ڕەوتەدا کار بکا. هەر چەشنە خۆ بواردنێک لەو مەسەلەیەدا لەلایەن هێزەکانی دیکەی سیاسیی ئێرانەوە هەڵەیەکی گەورە دەبێ. ئەوە ئەرکی سەر شانی لایەن و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانە کە بە ناسینی ئەو فاکتە گرینگە بۆ دامەزراندن و بەربەستکردنی دێموکراسی هەنگاو هەڵێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٦ی جانێوێری ٢٠٢٣

# من گەمژە نیم!
# بریکاریشم پێویست نییە!



گۆران ئەمیری

لە ماوەی مانگی رابردوودا، دوای پێکهاتنی ئیئتیلافێکی بەپەلە و سازدانی چەندین کۆنفڕانس و هاوبەندی و دمەزەردکردنەوەی حیزبی "ئێرانی نوین" هەروەها دوای بەدوای وەڕێخستنی هەشتەکی "رەزا پەهلەوی بریکاری منە پرسی پاشایەتی یان کۆماریخوازی بۆ داهاتووی ئێران، شڵەژان و دڵەڕاوکەییەکی زۆری خەڵکی ئێران و کوردستانی لێکەوتەوە وجارێکی دیکە لە فەزای مەجازی و مێدیاکانی دەرەوەی وڵات چڕتر هاتە ئاراوە. ئاگادارن لە ماوەی نزیک بە ٥ مانگی ڕابردو شۆڕشی" ژن ژیان ئازادی" نەتەنیا لە چوارچێوەی جوغرافیای کوردستان و ئێراندا قەتیس نەکرا، بەڵکە توانی سنووری زۆربەی وڵاتانی جیهان ببەزێنێ و "ژن ژیان ئازادی" ببێتە سەرتیتری زۆربەی ڕۆژنامە و مێدیاکانی ئەمریکا وئەروپا، دەوڵەتە زلهێزەکان بهێنێتە سەر هێل و بە شێوازێکی نوێ و هەراو سرنجی گەلێک پارڵەمان و پارڵەمانتار و ئازادیخوازانی و هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ و هونەرمەندان و نووسەران لەسەرانسەری جیهان ڕابکێشێ. بێگومان بەشێکی هەرەزۆری ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی خوێن و قوربانی و بەرخۆدانی بێپسانەوەی گەلی کورد و حیزبە کوردییەکان لە ماوە چەندین دەهەی ڕابردوو، دژ بە ستەمکاران بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بووە، کە پێویستە بە ڕێز و پێزانینەوە چاوی لێبکرێ. بە پشتبەستن بەم سەرکەوتنە مەزنە ئەحزاب یان نوێنەرانی بژاردەی کورد لە کاتی دانیشتن و گفتوگۆ و هەر

هاوپەیمانێکدا بە باوەر بەخۆ بوون بۆ پاراستن و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد پێداگر بن و نوێنەرایەتی ویستی گەلی کورد بکەن.

ئەوەی ئێستا دەبیندرێ رەوتی پاشاگەردانی دوای نزیکەی نیو سەدە بە تەرِ فەندی جۆراجۆر بەنێوی دیفاع لە "تەواویەتی ئەرزی"خەریکە زەمان بگەرِێنێتەوە دواوە و بمانهێنێتەوە سەر خاڵی سیفر .هەرچەندە ئاغای رەزا پەهلەوی لە زۆر دیدار و وتووێژدا رِایگەیاندوە لە داهاتووی ئێراندا بە رِواڵەت چاوی لە هیچ پلە وپایەێکی حکومی نییە بەڵام لە ژێر باندۆری لایەنگرانی رەوتی پاشاگەردانی بە هێنانە گۆرِی دەستەواژەی "من بە رزا پهلوی وکالت میدهم"دووبەرەکێکی قورسی خستە رِیزی یەکگرتووی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بە شێک لە لایەنگرانی رِەوتی پاشایەتی کە لە کۆنە ساواکی و دار و دەستەی مشەخۆری حکومەتی پەهلەوی پێکهاتوون، سەرمەستی گەرِانەوە بۆ دەستەڵاتی کۆن و گەرِاندنەوەی گەنج و خەزێنەکانی لە دەستچووی رِابردوون. سەرەرِای ئەو شکەستە ئیفتیزاحەی کە لە ساڵی ٥٧ هەتاوی بەسەریان هات ئێستاش بەپێوەری کۆنی دەپێون و خەڵک بە رِەعییەت و خۆیان بە وەکیل الرعایا هەڵدەسەنگێن. هەر لەسەر ئەم بنەمایە خەڵک بە محجور و گەمژە دەقەبڵێنن و داوا دەکەن کە ئاغای رەزا پەهلەوی وەک وەکیلولرِوعای بناسێندری.

لە رِووی یاساییەوە منداڵان و کەسانی گێل و گەمژە، کە چاکە و خەراپەی خۆیان لێکناکەنەوە وەک محجور پێناسە دەکرێن. لەهەلومەرجی ئەتۆدا یاسا* بریکار *یان وەکیلیان بۆ دیاری دەکات. لێ بەباوەرِی من لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەی پێویستی بە وەکیل بێ رەوتی پاشاخوازانن نەک خەڵکی ئێران.

لە مەرجەکانی رِەزا پەهلەوی و پاشاگەردانەکان بۆ پێکهێنانی هاوپێمانێکی گشتگیر دەردەکەوێ سەرەرِای ئەوپەرِی بێدەستەڵاتیان خۆیان بۆ داسەپاندنی دیکتاتۆرێکی نوێ ئامادە دەکەن و بەرنامەی حاشا کردن لە ناسنامەی نەتەوەکانی ناو جغرافیای ئێران رِێکدەخەن.

شیعاری "یەک ئاڵا، یەک زمان، ئێران و ئێرانی"یان وەک ستراتێژی سیاسی بۆ رەوتی پاشایەتی دیاری کردوە و ئامادەن لە پێناو پاراستنی تەواویەتی ئەرزی، هەموو نەتەوەکانی نا فارس سەلاخی بکەن. ئاشکراکردنی ئەو شێوە بیرکردنەوە و بانگەشەی "رِەزا پەهلەوی بریکاری منە" بە قەست یان بە ناقەست دووبەرەکێکی قوڵیان خستۆتە ناو رِیزەکانی دژبەرانی حکومەتی خوێنمژی ئاخوندی و لەئاکامدا بەقازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو بوو.

لەڕاستیدا کورد دەبێ بیکا بەهێڵی سوور کە هێچ کەس بۆی نەبێ بچێتە نـاو هیچ هاوبەندیەکەوە کە جیاوازییەکـان بەهێند نەگیرێ و حاشا لە ناسنامەی نەتەوەکانی ناو جوغرافیای بە ناو ئێران بکات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێویری ٢٠٢٣

---

## لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامیەوە تا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی!



هاشم ڕۆستەمی

بـۆ ئەوەی بە وردی بـزانین کە شۆڕشی ژن، ژیـان، ئـازادی کە بە دوای کوشـتنی ژینا(مەهسـا) ئەمینـی دەسـتی پـێ کـردوە، هۆکارەکانی چین، پێویستە ئاوڕێک وە ڕابردوو بدەینەوە. دیـارە ئەوە ڕاستە کە مەرگی ژینـا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز کە لە تارانی پـایتەختی ئێـران بە دەسـتی هێزەکـانی گەشـتی ئێرشـاد دەسـتگیر کـرا و دواتـر لە ژێـر شکەنجەدا کوشتیان، بوو بە هۆی هەوێنی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە تەقینەوەی نـاڕەزایەتی پەنگخـواردووی دەیـان ساڵە بوو کە گەلانی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە لە سینگی خۆیاندا ڕایان گرتبوو و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیـاتر قـورسایی لە سـەر دەکردن.

ساڵی ١٩٧٩ گەلانی ئێران بە تەمای دابین کردنی ژیانێکی باشتر و ئارامتر و دابین کردنی سیستمێکی گونجاوتر، دژی دەسەڵاتی پاشایەتی، ئەوکات شۆڕشیان کرد و کۆتاییان بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێراندا هێنا. بەڵام مخابن بە هۆکاری جۆراجۆر، ئەو کات پیاوانی ئایینی (ئایەتوڵڵاکان) بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی بە دروشمی "نەشەرقی، نەغەربی"، توانیان دەسەڵاتی ئێران بە دەستەوە بگرن و لە ڕێفراندۆمێکی فەرماییشی دا حکومەتێکی دینی بە سەر ئێراندا بسەپێنن. جێگەی ئاماژەیە کە هەر ئەو کات گەلی کورد لە ژێر ڕێنوێنی، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا لەو بە ناو ڕێفراندۆمەدا بەشداری نەکرد و دەنگی بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا.

بۆ ئەوەی زانیارییەکی وردترمان لە سەر ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی هەبێت، ئەگەر بە کورتییش بێت، پێویستە لە چەند بواردا سیاسەت و تاکتیەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین. دیارە ڕەفتارەکانی ئەو سیستمە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا فرە ڕەهەند بوون، بەڵام بە شێوەی گشتی دەتوانین لەم چەند خاڵەدا پۆلێن بەندییان بکەین و دواتر هەر بەشە بە جیا بخەینە بەرباس.

١- دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نێوخۆییەکانی
٢- سیاسەتی ناوچەیی و هەوڵدان بۆ ناردنە دەرەوەی "شۆڕش"
٣- سیاسەتە نێونەتەویەکانی ڕێژیم و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی
٤- شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، کاردانەوەی کۆمەڵایەتی دژی سیاسەتی چەوتی ٤٣ ساڵەی ڕێژیم

## کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نێوخۆییەکانی

هەر لەگەڵ پەسند کردنی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاماژەکانی گەڕانەوە بۆ دەورانی سەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوتن. چوونکە هەر لە قانوونی ئەساسیدا کە بۆ بەڕێوەبەریی وڵات، ڕێکخرابوو، زۆر خاڵی ناکۆک لە گەڵ بارو دۆخی ئێران و سیستمی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هەن کە هەر لە سەرەتاوە گەلانی ئێران پێی ڕازی نەبوون و بە شێوەی جۆراوجۆرلە دژی وەستانەوە. ئەوە جگە لەوەی کە بەشی هەرەزۆری ئەو خاڵ و برگانەی کە بە شێوەیەک باسی عەداڵەت و لابردنی جیاوازی و مافی قەومەکانی تێدایە، بە هیچ شێوەیەک تا ئێستاش بەڕێوە نە چوونە. لە نێو ئەو خاڵە ناکۆک و دژ بە مافەکانی مرۆڤەدا،

دەتوانین چەند نموونەیەک باس بکەین:

- لە گەڵ ئەوەیدا ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە شەش نەتەوەی سەرەکی، فارس، ئازەری، کورد، بەلوچ، عەرەب و تورکمەن پێکهاتووە، کەچی هەر لە سەرەتای فەسڵی یەکی قانوونی ئەساسیدا حاشا لەم واقعیەتە کراوە و هەموو گەلانی ئێران بە میللەتی ئێران پێناسە کراون. هەر لە ژێر ئەم سیاسەتی تەک میللەت بوونەدا مافی گەلانی غەیرە فارس لە بواری نەتەوەییەوە بە تەواوی پێشێل کراوە و ئەوەش بۆتە هۆی کێشەیەکی قووڵ لە نێوان دەستەڵاتدارانی وڵات و گەلانی ئێراندا کە هەوڵ دەدەن مافی نەتەوییان دابین بکرێت.

- دیاری کردنی کەسێک وەک وەلی فەقیە بە دەستەلاتی بێ سنوورەوە یەکێک لەو دیاردە سەیرانەیە کە ئەوە دەیان ساڵە لە کۆماری ئیسلامیدا جێی گرتووە. دوای مردنی ئایەتوڵلە خومەینی، ئایەتوڵڵا خامنەیی وەک ڕێبەری نیزام و وەلی فەقیە دیاری کرا. ئەو شەخسە دەستەڵاتێکی ڕەهای هەیە. تەنانەت سەرۆک کۆماریش لە دوای هەڵبژاردن، تا لە لایان ڕێبەری نیزامەوە تەئید نەکرێت، ناتوانێت دەست بە کار بێت. ئەوە جگە لەوەی کە بۆ خۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی وڵاتە و سەرجەم دام و دەستگاکانی دیکەی وەک پارلامان ، شوڕای نیگابان و مەجلیسی خوبرەگان و ... دەبێ لە فیلتەری بەیتی ڕێبەریی نیزامدا تێپەر ببن. لە ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسیدا بە روونی باسی ئەو دەستەڵاتە زۆرانەی ڕێبەری نیزام کراوە.

- بە پێی قانوونی ئەساسیی سەرۆک کۆمار دەبێ پیاو بێت، لە نێو پیاوانیشدا دەبێ شیعە مەزهەب بێت، لە نێو شیعە مەزهەبەکانیشدا دەبێ بڕوای بە شیعەی دوازدە ئیمامی هەبێت. قانوونی ئەساسی ئەسڵی ١١٥.

بە پێی ئەم ئەسڵە، هیچ ژنێک بۆی نیە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریی کاندید بکات. چوونکە لەو ئەسڵەدا هاتووە کە سەرۆک کۆمار دەبێ پیاو بێت. لە نێو دوو لقی ناسراوی موسوڵمانانیشدا کە بریتین لە شیعە و سووننە، سووننەکان ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینراوە. بەم پێیە بەشێکی هەر زۆری خەڵکی کورد لە ئێراندا کە زیاتر لە دە میلیۆن کەسە و زۆرینەشی سووننە مەزهەبە، هەر وەها بلوچەکان و تورکەمەنەکانیش هەروەک سووونە مەزهەبەکانی کورد، لە مافی خۆکاندید کردن بۆ سەرۆک کۆماری مەحروم کراون. جگە لەوەش لە ئێراندا چەند ئایینزای غەیرە موسلمانیش هەن کە مافی کاندید بوون بۆ سەرۆک کۆمارییان لێ زەوت کراوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەیەن کە بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی دوای تێپەڕین لە فیلتەری بەیتی ڕێبەریی نیزام و بوون بە سەرۆک کۆمار، دوای دەورەیەک یا دەورەی دووهەم، کەوتوونەتە بەرغەزەبی ئایەتوڵڵا خامنەیی و خراونەتە دەرەوەی بازنەی دەستەڵاتی سەرەکی نیزام. نەک هەر ئەوە بەڵکو هێندێکیان لە ماڵی خۆیاندا زیندانی کراون،

یا هەر نەبێ دەرکەوتن لە مێدیا و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتیان لێ مەنع کراوە.

بۆ جێگر کردن و دامەزراندنی دەستەڵاتێکی تاک لایەنە، لە کوردستانی ئێران و بلوچستان و شوێنەکانی دیکەش، تەنانەت ئیزنیان نەداوە کە کوردێک یا بلوچێک تەنانەت لە پۆستی ئوستانداریشدا بەرپرسایەتی هەبێت، جا چ بگات بە سەرۆک کۆماری!

- هەر چەند لە ئەسڵی ١٥ و ١٩ قانوونی ئەساسیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان باس لە خوێندن بە زمانی زگماکی تێدایە، بەلام ئەوە ٤٣ ساڵ تێدەپەڕێت و هەر گیز ئەو نیزامە ئیزنی نەدا کە ئەو ئەسڵانە بەڕیوەبچن و تا ئێستاش منداڵانی کورد، ئازەری، بەلوچ، تورکمەن، عەرەب لە سەرەتای چوونە مەکتەبەوە ناچار دەکرێن کە بە زمانی فارسی بخوێنن و خوێندنی زمانی دایکیان لێ مەنع کراوە. لەوەش خەراپتر ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی زۆر توند ئازار و ئەشکەنجەی ئەو کەسانەیان داوە کە خۆبەخشانە لە شار و گوندەکاندا هەوڵی پەرەپێدان بە زمانی دایکی خۆیان داوە و لە سەر ئەرک و ماندوو بوونی خۆیان دەرسیان بە منداڵانی خوازیاری فێربوونی زمانی دایکی گووتووە. زارا محمدی یەکێک لەو ئافرەتە کوردانەیە کە تەنیا بە تاوانی دەرس گوتن بە منداڵانی کورد حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە.

- ڕەنگە قبوڵ کردنی ئەوە کە ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی بەلوچ نەک هەر لە خوێندن بە زمانی دایکیان مەحروم کراون، بەڵکو خاوەنی شناسنامەش نین و بەم شێوەیە لە هەموو مافەکانی شارۆمەندی بێ بەش دەبن، کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام مخابن ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە کە گەلانی ئێران لە ژێر حوکم و دەستەڵاتی ئایەتوڵلاکاندا تێیدا دەژین.

کۆماری ئیسلامی بۆ جێخستنی ئەو سیاسەتانەی خۆی و تواندنەوەی "غەیرە" خودیەکان، لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئابووری، کلتوری، فەرهەنگی و ... کەڵکی خەراپی وەرگرتووە. لە پەنا ئەوانیشدا مافیایەکی بەهێزی چەکداری و تیرۆریستی لە ژێر ناوی سوپای پاسداران و بەسیج دا، ڕێک خستووە کە هەموو داخوازیەکانی گەلانی ئێران لە لایان ئەو سوپایەوە بە سەرکوت و کوشتار وەڵام دەدرێنەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێو خۆییدا پێویستە ئاماژە بە وەش بکەین کە لە ئێراندا هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کە ڕاستەوخۆ لە خزمەت ئامانجەکانی نیزامدا نەبێت، مافی چالاکیی نیە. هەموو جۆرەکانی ئازادی تاک، کۆ و ئیتنیکی بەربەست کراون. مەڕاسیمی جێژن و شادی بە تەواوی مەمنوعن. لە قوتابخانە و زانکۆکانیش پێوەندی کۆمەڵایەتی کچان وکوڕان قەدەغەیە. بە شێوەی گشتی، ژنان لە شێوەی دەبەر کردنی جلک و بەرگیشیان دا ئازاد نین.

لە ئاکامی ئەو سیاسەتانەی ڕێژیم، لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا شەپۆلێکی بەرین لە کەسانی بە توانا و کار لێهاتوو وڵاتیان بە جی هێشتووە و لە وڵاتانی تر بوونەتە پەنابەر، شەپۆلێک کە لە ئێراندا بە هەڵاتنی مێشکەکان بە ناوبانگە (فرار مغزها). هەروەها بەشێکی زۆر لەوکەسانەی کە خۆیان ڕاگرتووە و ڕێگەی هەندەرانیان نەگرتۆتەبەر و هەوڵیانداوە لە نێو خۆدا بمێننەوە و کار بۆ ئاڵ و گۆر بکەن، مخابن یا بە ئیعدام کردن، یا بە تیرۆر لە نێو بردراون، ئەوە جگە لەوە کە زیندانەکانیش لەم جۆرە کەسانە جمەیان دێت. ئەمە لە ئێراندا ئێستا چەمکێکی ئاشنایە کە دەڵێن زیندانەکانیش بوونەتە زانکۆ، چوونکە کەم نین ئەو مامۆستایانەی کە بەشی زۆری تەمەنیان لە زیندانادا تێپەر کردوە. ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیم لە زیندانەکاندا ئەوەندە دڕندانە و نائینسانیە کە مرۆڤ لە باس کردنیشی خۆی دەبوێرێ. تەجاوەزی جینسی بە ژنان و کچان وەک ڕێکارێکی فشار بۆ ئیعتراف وەرگرتن بۆتە ڕەواڵێکی ئاسایی(باس لە تەجاوز بە کورانیش دەکرێت). وەرگرتنەوەی پارەی فیشەک لە بنەماڵەی کەسی ئیعدام کراو، وێناچێ جگە لە ناو نیزامی کۆماری ئیسلامی، لەهیچ جێگایەکی دیکەی جیهاندا بوونی هەبێت.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، بۆ ئەوەی بیروڕای گەلانی ئێران بە لاڕێدا ببات و دەرفەتی بیر کردنەویان لە بەرتەسک بکاتەوە، هەم بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ عێراق درێژە پێدا،هەم لە دژی ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، شەڕێکی نابەرامبەری وەڕی خست، شەڕێک کە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. لەم شەڕانەدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو جۆرە چەکێکی سوک و قورس، تەنانەت لە موشەکی بالستیک و درۆنی بۆمبهاوێژیش کەڵکی وەرگرتووە. ئاخرین نمونەکانی ئەم پەلامارانە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بوو کە هەم بە موشەک و هەم بە درۆنی بۆمبهاوێژ هێرشی کردە سەر کەمپ و بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکە کە لە کوردستانی عیراق جێگیرن. لەو هێرشانەدا کە قوتابخانە و بیمارستان و شوێنی ژیانی ژن و منداڵانیش پارێزراو نەبوون، ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد گیانیان بەخت کرد.

سەرجەم لە جەرگەی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران کە تەنیا داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و هیچی تر، زیاتر لە پەنجا هەزار نەفەر خەڵکی ئاسایی کوژراون و زیاتر لە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وکۆمەڵە و هێزەکانی دیکەی کوردستان گیانیان بەخت کردوە.

بێجگە لەوانە ژمارەیەکی زۆریش لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئیعدام کراون، هەروەها لە چەندین ساڵی رابردوودا، هەزاران کۆڵبەری کورد لە شارو گوندە سەرسنووریەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی سوپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژراون و لە نێویاندا سەدان کەسی دەرچووی زانکۆیان تێدایە کە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، ئیزنی کار کردنیان پێ

ئەدراوە، هەر بۆیە بۆ بژیوی ژیانیان بە ناعیلاجی کۆڵبەری بوەتە "شوغڵ" و بەسەریان داسەپاوە. شوغڵێک کە بە هیچ پێوەرێکی زانستی بە شوغڵ حیساب ناکرێت و تەنیا لە ژێر سیبەری حوکمی ئەو نیزامەدا بوونی هەیە.

## سیاسەتی ناوچەیی رژیم و هەوڵدان بۆ ناردنە دەرەوەی "شۆڕش"(ئاژاوە)

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، رژێم بە مەبەستی بەرفراوان کردنی دەستەڵاتی خۆی و دەست گرتن بە سەر ناوچە دەوڵەمەندەکانی بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی و بیرۆکەی بونیادنانی ئیمپراتوریەتێکی ئیسلامی، بە ناوی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بەردەوام لە پیلانگێڕیدا بووە. بۆ ماوەیەک کۆماری ئیسلامی توانیبووی بە کردەوە دەستەڵاتی چەند حکومەتی ناوچەکە بێنێتە ژێر حوکمی خۆی. کۆماری ئیسلامی بە هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئەوەی پێی دەگوترێ هیلالی شیعە، لە چەند وڵاتی ناوچەکەدا هەم ئاژاوەی نێو خۆیی وەڕێ خستبوو هەم لەو وڵاتانەش دەیان گروپی چەکداری لە کەسانی توندئاژووی مەزهەبیی پێک هێناون کە لە شەڕە نێوخۆیەکانی ئەو وڵاتانەدا کەڵکیان لێ وەردەگرێت. ئەگەر چاوێک لە چەند ساڵی ڕابردووی، وڵاتەکانی یەمەن، لوبنان، فەلەستین، سوریە و عێراق بکەین، باشتر بۆمان دەردەکەوێت ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا خەڵکی ئەو وڵاتانەی لە ژێر ناوی مەزهەبی شیعە و سوننەدا بە گژ یەکدا کردوون و ئەو وڵاتانەی کردوونەتە گۆمی خوێن. لە حاڵێکدا کە گرانی و کەم داهاتی هەموو ئێرانی گرتۆتەوە، ڕژێم بودجەیەکی زەبەلاحی نهێنی بۆ پەرەپێدان بەو شەڕ و ناکۆکیانە و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە خۆی، تەرخان کردوە. پێش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستەڵات بە دەستەوە بگرێت، پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە و سوننە زۆر بە ئارامی لە پەنای یەکتر لەو وڵاتانەدا دەژیان، بەڵام بە هۆی دەستوەردانەکانی ئەو ڕژیمە لە کارو باری ئەو وڵاتانە و پرچەک کردنی کەسانی توندئاژۆی مەزهەبی شیعە و هاندانیان بە دژی ئەوانی دیکە، چەند ساڵێکە شەڕیکی سەخت لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی عێراق، سوریە، یەمەن، فەلەستین و چەندین شوێنی دیکە لە ئارادایە. ئێستا لە کەس شاراوە نیە کە لە چەند ساڵێ رابردوودا تەرمی سەدان فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران لە سوریەڕا هێندراونەتەوە بۆ ئێران.

کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو سیاسەتە فراوانخوازیەدا بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدایە کە گەلانی ناوچەکە لە دژی حکومەتی ئیسرائیل هان بدات. جگە لەوە چەندین جاریش ڕاستەوخۆ هەڕەشەی کردوە کە دەیهەوێت ئەو وڵاتە وێران بکات و لە سەر نەقشەی جوغرافیای جیهان بیسرنەوە. ئەوە جگە لەوەی کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەموو رۆژانی هەینی لە رێگەی ئایەتووڵاکانەوە هەوڵی داوە کە بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران دژی وڵاتانی غەربی بە گشتی و بە تایبەت دژی حکومەتی ئەمریکا هان بدات.

## سیاسەتە نێونەتەوەیەکانی ڕژیم و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی نەتۆمی

کۆماری ئیسلامی ئێران بەر لەوەی بە شێوەی ڕەسمی دەستەڵات بە دەستەوە بگرێت، بە هۆی "خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئایەتوڵڵا خومەینی" سەفارەتی ئەمریکایان لە تارانیان داگیر کرد و کاربەدەستەکانیشیان بە "گرۆگان"(بارمتە) گرتن. بەم چەشنە دەبینین کە هەر لە سەرەتای دەست بە کار بوونەوە "گرۆگان گیری" و کردەوەی ئاژاوە نانەوەیان کردە سەر لەوحەی سیاسەتەکانیان. هەر لەوکاتەوە تا ئێستاش کێشەیەکی بەردەوام لە بەینی کۆماری ئیسلامی وویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەیە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕاستای سیاسەتی فراوانخوازانەیدا چەندین ساڵ بە نهێنی و دوور لە دیدی چاوەدێرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، خەریکی هەوڵدان بۆ دەست خستنی چەکی ناوەکی بووە، تا سەرئەنجام ئەو هەوڵانەی لێ ئاشکرا بوون. ئێستا ئەوە چەندین ساڵە لەم بوارەدا هەم لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کێشەی هەیە و هەم لەگەڵ شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. کۆی ئەو کێشە نێونەتەوەییانەی کۆماری ئیسلامی سازی کردوون، بوونەتە هۆی گەمارۆیەکی سەختی ئابووری لە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران. بەڵام مخابن حکومەت قورسایی ئەسڵی گەمارۆکانی خستۆتە سەر شانی شارۆمەندانی ئێرانی.

لە بواری سیاسیشەوە هەر چەند ڕێـژیم ئیدعای نە شەرقی و نە غەربی دەکرد، بەلام زۆر زوو دەر کەوت کە کۆماری ئیسلامی لە گەڵ چین و ڕوسیە پێوەندی چڕ و پڕی هەیە و بەم شیوەیە خۆی لە بەرامبەر ئوروپا و ئەمریکادا دەبینێتەوە. زۆر جاران لە کۆبوونەوەکانی شوڕای ئەمنیەت دا چین و ڕوسیە بڕیارەکانی پێوەندیدار بە ئێرانیان وێتۆ کردوون.

ئەمساڵیش کە ڕوسیە شەڕی لە دژی ئۆکرانیا دەست پێ کردوە، کۆماری ئیسلامی بە ناردنی موشەک و درۆنی بۆمبهاوێژ، خەریکە بە کردەوە دەبێتە بەشێک لە شەڕەکە. لەم ماوەیەدا هەم ناتۆ و هەم ئەمریکا و هەم خودی ئۆکرانیاش چەند جار هوشدارییان بە سەرانی کۆماری ئیسلامی داوە، کەچی ئەوان لە سەر ئەو رەفتارەیان هەر سوورن.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج لە بواری نێو نەتەوەیدا ئەو تیرۆرانەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئوروپا و ولاتانی دیکەش ئەنجامی داون، ئەوە جگە لەو تەقینەوانەی کە لە زۆر شوێن دەستی ئەو ڕێژیمەیان پێوە دیارە. مخابن لە درێژەی سیاسەتی تیرۆریستانەی ئەو ڕێژیمەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک گەورەترین حیزبی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی

١٩٤٥ەوە بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوایەتیەکانی خەبات دەکات، زۆرترین زەربەی بەر کەوتووە. ساڵی ١٣٦٨ لە وڵاتی ئوتریش، لە ژێر ناوی وتوویژدا، کۆماری ئیسلامی، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بانگهێشت دەکەن، بەڵام لە جیاتی قسەکردن لە سەر رێگە چارەکان، بە داخەوە دوکتور قاسملوو و هاورێیاکانی هەر لەسەر مێزی بە ناو وتوویژ شەهید دەکەن. سێ ساڵ دواتر، واتە ساڵی ١٣٧١ ی هیجری لە کاتێکدا دوکتور شەرەفکەندی جێگرەوە دوکتور قاسملوو، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینتەرناشنال سوسیالیستدا لە وڵاتی ئاڵمان بوو، لە جەلەسەیەکدا کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی هێزەبەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوو، لە رێستورانی میکۆنووسدا لە لایان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە کرانە ئامانج و مخابن دوکتور شەرەفکەندی و دوو کەسی دیکەش شەهید بوون. جگە لەوانە لە وڵاتانی فرانسە، سوئید، داانمارک، بلژیک، تورکیە و عێراقیشدا بە سەدان کەس لە مخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە لایان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە کراونەتە ئامانج و شەهید کراون.

## شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، بەرهەمی سیاسەتی چەوتی ٤٣ ساڵەی ڕێژیم

لەم وتارەدا بە شێوەیەکی کورت ئاماژەمان بە بەشێک لە سیاسەتە چەوت و دژە مرۆڤانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد. ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوو دەدات ڕقێکی پەنگخواردوویە کە دەیان ساڵە گەلانی ئێران بە ناچاری لە سینگی خۆیاندا هەڵیان گرتووە. لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر هەوڵ دراوە کە بەڵکو ڕژیم واز لەو سیاسەتانەی بێنێت، بەڵام نەک هەر وازی نەهێناوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەم لە نێو خۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات پەرەی بە سیاسەتە چەوتەکانی داوە. لە بواری نێو نەتەوییدا ئەو حکومەتە ئەوەندە ئیعتباری ئێرانی هێناوەتە خوار، کە لە زۆر شوێن، ئێرانیەکان بە شەرمەوە پێناسەی ئێرانی بوونیان نیشان دەدا .لە نێو خۆی ئێرانیشدا "بازنەی خودیەکانی" بەڕادەیەک بەرتەسک بۆتەوە کە ئێستا خامنەیی دیکتاتۆر، جگە لە کەسە نیزەکەکانی بڕوای بە کەس نەماوە. دیارە هەر بەو ڕادەیە کۆمەڵانی خەڵکیش لە سەرانسەری ئێراندا لەو حکومەتە بێزارن. ئاکامی ئەو بێزاریەیە کە بۆتە شۆڕشێکی هەمە گیر و سەرتاسەری ئێرانی گرۆتەوە و ئامانجی ئەسڵیش ڕوخاندنی سیسمی کۆماری ئیسلامیە. چوونکە گەلانی ئێران دیانەوێ وەک هەموو گەلانی دیکەی بەختەوەری ئەم جیهانە، بە ئازادی و ئاسوودەیی بژین. دروشمی سەرەکی ئەم شۆڕشەش کە ژن، ژیان، ئازادیە دەرخەری ئەم ڕاستیە کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا نە ژن مافی هەبووە، نە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دابین بووە، نە هیچ ئازادییەکیش هەبووە. ئەم شۆڕشە دوای ٤٣ ساڵ لە دەستەڵاتی حکومەتێک کە بە شێوەی سەدەکانی ناوەڕاست دەستەڵاتداری دەکرد، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئاڵ و گۆڕێکی قوڵ و بنچینەیی لە ئێراندا بە رێوەیە کە نەک هەر ساختاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران دەگۆڕێت، بەڵکو لە سەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شوێن دانەر دەبێت. چوونکە ئەم شۆڕشە لە نەوعی خۆیدا وەک شۆڕشی فەڕانسە دەچێت کە نزیک دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا ڕووی دا. کاریگەریەکانی ئەم شۆڕشە لە سەرزۆر

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد دەکرێت بە کاریگەریەکانی شۆڕشی فەرانسە لە سەر کۆمەڵگەی جیهان بەگشتی و ئوروپا بە تایبەتی. بێ گومان دوای کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوچەکە بە تایبەت و جیهان بە گشتی نەفەسێکی ڕاحەت دەکێشن.

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیوێری ٢٠٢٣**

## لە شۆڕشی ژینادا هەڵوێستەیەک بۆ ڕامان و تێفکرینی مەعریفی

## (شۆڕشەکە بەردەوامە)



**سمایل شەرەفی**

دوای چوار مانگ لە بەردەوامبوونێکی ئازایانە، گەیاندنی پەیامێک پڕ لە دەستەبەرکردنی ئازادی، دەرکەوتنێکی مودێرنی جیهانپەسەند و ڕاوەستان بەرانبەر بە تەواویەتی نیزامێکی دیکتاتۆریی بێبەری لە هەموو باها و ئەرزشە ئینسانییەکان، بەخۆداچوونەوەیەکی مەعریفی بۆ شۆڕشی ژینا پێویست و حەیاتییە.

سەرەکیترینی درووشم و داخوازییەکانی شۆڕشی ژینا، "نەمانی کۆماری ئیسلامی و نەمانی دیکتاتۆرییەتی دەسەڵات" لە ئێرانە، بەڵام ڕووداو هەڵوێستەکانی پەراوێزی ئەم شۆڕشە دەریخست کە شۆرش پێویستی بە تێفکرینێکی دیکە هەیە. ئەویش ئەوەیە کە، "چەندە هەوڵ دەدات بۆ نەمانی ئەوەی کە نایهەوێ و لێی بێزارە، دەبێ زیاتر لەوە بیر لەوە بکاتەوە کە چی دەوێ و چۆنی دەوێ."

بۆیە بە باوەڕی من شۆڕشی ژینا پێویستی بەو تێفکرینە لە سیاسەت و مەعریفە هەیە کە ئەوەیان وڵامێکی درووست و ئەقڵانییە بۆ ئەو ڕەوت و لایەن و کەسانەی کە تێگەیشتنیان بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی پڕە لە فەرخە دیکتاتۆر و

پڕە لە نیەتی پەراوێزخستنەوەی سەرلەنوێی جۆراوجۆرییەکان و پڕن لە دژایەتیکردنی ژن و ژیان و ئازادی.

لە ئاکامی ئەم هەڵوێستە مەعریفییەی شۆرشی ژینادا پێش لە سەرکەوتن و نەمانی کۆماری ئیسلامی، دەبێ زەروورەتی پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ئێران بە ڕەسمی بناسێندرێ، دابەشکردنی دەسەڵات گەرەنتی بکرێ، دیکتاتۆری لە ژێر هەر ناو و قالبێکدا خەتی سووری بەسەردا بێت و نە تەنیا کوردستان، بەڵکوو تەواوی ئێران ببێتە شوێنی لە گۆڕنانی ئەقڵیەتی فاشیزم.

لە کۆتاییدا سپاس بۆ ئاغای ڕەزا پەهلەوی و لایەنگرانی کە بە دەربڕینی سادقانە و کەمپەینەکانیان لە سەر ڕوانگە و نیەتیان بۆ چۆنیەتی ئیدارەی داهاتووی ئێران و چارەنووسی پرسی نەتەوەکان، بوون بە بەشێک لەو هۆکارانەی کە تێفکرینی شۆڕشی ژینا لە چۆنیەتی کارکردن لە سەر کۆتاییهێنان بە ئەقڵیەتی تەواویەتخوازی و فاشیزم و دیکتاتۆری بێتە ئاراوە.

دەستخۆشی بۆ کەسایەتییە خوێندەوار و ئاکادیمییەکانی کوردستان کە بە دەربڕینە ئازایانە و پڕ لە "استدلال"ەکانیان یارمەتیان بەم قۆناغە لە ڕامان و تێفکرینی شۆڕشی ژینادا کرد.

لە ئێستادا شۆرشێ ژینا سەرقاڵی ئەم تێفکرینەیە و لە بەردەوامبوون دایە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# مستەفا مەولوودی: ڕاپەڕین و شۆڕش دژی کۆماری ئیسلامی کۆتایی نایەت هەتا ئەو ڕێژیمە دەڕوات و ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە



**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**دوای چوار مانگ لە شۆڕشی ژینا، دۆخی شۆڕش و ستاتوی کۆماری ئیسلامی چ گۆڕانێکیان بەخۆیانەوە بینیوە؟ ئێرانی فرەنەتەوەی دوای کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێ و نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە چ دەور و نەخشێکیان لە شۆڕشی ئێستا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم هەیە؟ دەسکەوتەکانی تا ئێستای شۆڕشی ژینا چین و چۆن دەتوانن ببنە هەوێن و دەسمایە بۆ دەسکەوتی زیاتر؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکەی پێوەندیدار بە ڕەوشی ئێستای ئێران و کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات لە بەڕێزیان وەردەگرین.**

**شەماڵ تەرغیبی:** وەک یەکەم پرسیار و کردنەوەی دەرگایەک بەڕووی وتووێژەکەمان با لە زمانی جەنابتەوە دید و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بزانین لە پێوەندی لەگەڵ کۆی شۆڕشی ژینا کە پاش شەهیدبوونی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد و لە ئێستا کە چوار مانگی خۆی تێپەڕاندووە.

**مستەفا مەولوودی:** هەڵسەنگاندنی حیزبی دێموکرات بۆ شۆڕشی ژینا ئەرێنییە. ئەگەر سەیری مێژووی هەڵوێستەکانی حیزب

و ڕەوتی ڕووداوەکان بکەین، ڕوانگەی حیزب زۆر بەڕوونی دیارە؛ بە تایبەت لەو چوار مانگەدا کە شۆڕشی ژینا لە ئارادایە، هەڵوێستی حیزبی دێموکرات دیارە: پشتیوانی لە خەبات و بەشداری لە تێکۆشان و مەحکوومکردنی کردەوەی نابەرپرسانە و جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو ئاستەکاندا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی خەباتی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەباتی خەڵکی کوردستان بووە بە تایبەتی، ئەو خەبات و تێکۆشانە بە ڕەوا دەزانێ و خۆیشی بە بەشێکی سەرەکی لە ڕەوتی جووڵانەوەکە دەزانێت. حیزبی دێموکرات لای وایە ئەو ئیرادەیەی لە خەڵکدا دروست بووە، ئەو ئازایەتییە بێوێنەیەی خەڵک لە خۆی نیشان داوە بەتایبەت ژنان و لاوان لەو چوار مانگەدا و بەردەوامیی تێکۆشان بە شێوەی جۆراوجۆر، ئەنجامەکەی دەبێتە تێکەوەپێچانی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی ویست و ئیرادەی خەڵکی ئێران بە گشتی.

**شەماڵ تەرغیبی**: **ئەگەر بمانەوێ دەستکەوتەکان و دەرفەتەکانی شۆڕشی ژینا تاکوو ئێستا پۆلێنبەندی بکەین، بە ڕای ئێوە دەستکەوتەکانمان چی بووە و ئەو دەرفەتانەی بە تایبەتی بۆ کورد خوڵقاون چین و کامانەن؟**

**مستەفا مەولوودی**: لە چوار مانگی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی ژینا، خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان و بەلووچستان بەتایبەتی تێچوویەکی زۆریان داوە؛ خەڵک شەهید و بریندار بوون و زیاتر لە بیست هەزار کەس ڕاپێچی بەندیخانەکانی ڕێژیم کراون و بەشێکیان چارەنووسیان دیار نییە.

**یەکەم**: ئەوە کە خەڵک ترسیان لە ڕێژیم و دەزگا سەرکووتکەرەکانی شکاوە، خۆی دەسکەوتێکی گرینگە.

**دووهەم**: پێوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆرباش لەنێو خەڵکی وڵات بە گشتی دروست بووە، ئەوەش دەسکەوتێکی باشە.

**سێهەم**: دەزانین لە کاتی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵک ئەگەر ویست و داخوازییشیان هەبووبێ یەکدەنگ و یەک دروشم نەبوون. بەڵام لەم چوار مانگەدا خەڵک یەکدەنگ هاوار دەکەن کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوات، ئەوەش دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ خەباتی خەڵکی ئێران.

**چوارەم**: ئەوە کە خەڵکی وڵات بە گشتی بەشداریی شۆڕشی ژینایان نەکرد، دەکرێ وەک کەمایەسی سەیر بکرێ؛ بەڵام خەڵک لەدژی ئەو ڕاپەڕینە نەوەستانەوە و پشتی ڕێژیمیان نەگرت. تەنانەت بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ خەڵک بوون و پشتیان لە ڕێژیم کرد؛ مۆرەکانی ڕێژیم بە شێوەی جۆراوجۆر هانی خەڵکیان دەدا بۆ پشتگیری ڕێژیم، بەڵام خەڵک بایەخیان بە چاوەڕوانییەکانی ڕێژیم نەدا و ئەوەش دەتوانین بە زەخیرە و پشتگیریی ڕاپەڕینی خەڵکی دابنێین لە داهاتووی ئێراندا.

**پێنجەم**: هاتنە مەیدانی ئێرانییەکان لە تاراوگە بە هەموو جیاوازییە فکری و سیاسییەکانیان کە پێوەندییەکی قووڵی خەباتکارانەی لەگەڵ خەڵکی وڵاتدا دروست کردووە؛ ئەوەش دەسکەوتێکی گەورە و زۆر شوێندانەریش بوو لەسەر ناساندنی ماهییەتی دژی گەلیی ڕێژیم بە خەڵکی دەرەوە و ڕاکێشانی سەرنجی دنیای دەرەوە و کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە جیهانییەکان بۆ شۆڕشی ژینا.

**شەشەم**: زۆر و کەم دەوڵەتانیش لەبەرانبەر سیاسەت و جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران وەدەنگ هاتوون و کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان مەحکووم کردووە و پشتگیریی تێکۆشانی خەڵکیان کردووە کە ئەوەش دەبێ بە دەسکەوت دابندرێ و لە داهاتوودا کاریگەریی زیاتریشی دەبێت. حەوتەم: هەرچەند دروشمی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات، دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و مافە سیاسییەکانە بۆ خەڵکی کوردستانە، بەڵام هێندێک کەس و لایەن کە زانیاریی دروستیان لەسەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی نەبووە، بە گومانەوە ڕوانیویانەتە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی حیزبەکان. ئەوجارە کە شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و لەو چوار مانگەدا هەموو وڵاتی گرتەوە، خوێندنەوەی نوێ و تەواو جیاوازی بۆ ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی لێ کەوتۆتەوە کە ئەمەش وەک دەسکەوت دەتوانێ لاپەڕەیەکی نوێ بێت لە خەباتی گشتیی خەڵکی ئێران و کوردستاندا. دەرفەتێکی زۆر باشی بۆ خەڵکی کوردستان پێکهێناوە لە پێوەندیی لەگەڵ پشتگیریی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان. ئەوانە هەموویان دەسکەوتی گەورەن و دەسمایەی پتر بۆ بەردەوامیی شۆڕشی گەلی کورد لە ئێرانن.

**شەماڵ تەرغیبی**: بەپێی ئەو دەستکەوتانەی ئێوە باستان کرد تەبیعەتەن کۆمەڵێک دەرفەتیش بۆ کورد دروست بووە. حیزبی دێموکرات بە پلەی یەکەم و دواتر ناوەندی هاوکاری تا ئێستا چی کردوە بۆ قۆستنەوەی ئەم هەل و دەرفەتانە؟ لە داهاتوودا ئەم دەرفەتانەی کە شۆڕشی ژینا وەدیی هێناوە بۆ کورد، حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری چۆنی کەڵک لێ وەردەگرن؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لەسەرهەستترین حیزب بووە لە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەباشی لە دەرفەتەکان کەڵکی وەرگرتووە. کاتێک ڕێژیم ڕێگای دیالۆگی بەستووە و هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان، خەڵک و تێکۆشەرانی دێموکرات ئازایانە لە بەرانبەر هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان ڕاوەستاون و بەرگرییان کردووە. لە هەر قۆناغ و بارودۆخێکدا کە لە نێوخۆی وڵاتدا دەرفەتێک دروست بووبێ و هەرچەندە دەرفەتەکەش سنووردار بووبێ، حیزبی دێموکرات کەڵکی لێ وەرگرتووە. پشتگیریی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانی کردووە و لە مەیدانی دیپلۆماسیدا حیزب پەیامبەر و دەنگی مافخوازی خەڵک بووە ڕوو بە دنیای دەرەوەدا. هەر دەنگ و هاوارێک کە باسی بەهێزکردن و یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

کردبێ، حیزب لەسەر خەت بووە و کاری بۆ کردووە و لەکوردستانیش بەردەوام لەسەر خەت بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ هاوکاری و هاوخەباتی و پێکهێنانی یەکیەتی لەنێو هێزەکان و تەنانەت کەسایەتییەکانیشدا. هەر لەسەر ئەو سیاسەتە حیزب یارمەتیی کردووە بۆ پێکهاتنی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ"، "شورای دێموکراسیخوازان" و تەنانەت لەو پێوەندییەدا لەگەڵ کەسایەتییەکانیش لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان قووەتێکی بەهێزتری هەبێ و لەگەڵ ئێرانییەکان بەهێز دەربکەوێ و لە ئێرانی داهاتوودا کورد بە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بگات.

**شەماڵ تەرغیبی**: بە سەرنجدان بە دۆخی پڕ کەندولەندی ڕەوتی دێموکراسی لە ئێران، تەواوەتیخوازیی ڕێژیم و تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە، کورد لە کوێی هاوکێشەکانی ئێستای ئێراندایە و کوردستان لە ئێرانی داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامیدا ستاتوی چۆن دەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە و حەشیمەتێکی زۆری تێدا نیشتەجێیە، پێکهاتەی جیاوازی تێدایە وەک (فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکەمەن و...)، جیاوازیی ئایینی و مەزهەبییش هەیە؛ یانی وڵاتێکی پڕ لە شەبەنگ و جۆراوجۆرییەکانە. بۆیە ئەوانەی کار دەکەن بۆ دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو، دەبێ ڕاستییەکانی مێژوو و ئێران بناسن و بیر لە دروستکردنی سیستەم و نیزامێکی دێموکراتیکی ناناوەندی (لامەرکەزی) بکەنەوە؛ نەک نیزامێکی ناوەندگەرا کە ئەزموونەکانی ڕابردوو نیشانی داوە نەیتوانیوە دێموکراسی تێدا جێگیر بکرێ و مافی پێکهاتەکان مسۆگەر بکات.

ئەگەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە سەیری مێژووی ئێران بکەین، خەڵکی ئەو وڵاتە بەشداری خەبات و تێکۆشانی سیاسی بوون بەڵام بەداخەوە تاقم یان گرووپێک دەستی بەسەر دەسکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێراندا گرتووە. ئەمجارە خەڵک بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕابردوو دەبێ هەر تەنیا بیر لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکەنەوە، بەڵکوو دەبێ بیر لە دروست کردنەوەی ئێرانێکی نوێ بکەنەوە و حکومەتێکی دێموکراتیکی تێدا دابمەزرێندرێ. ئەوەش نایەتە دی ئەگەر هەر وەک باس کرا ڕاستییەکانی مێژوویی و پێکهاتەی ئێران لەبەرچاو نەگیرێن. بەڵام بەنیسبەت پرسی کوردەوە.

هەمووان دەزانن خەڵکی کوردستان، گەلێکی خاوەن مافە لە ئێراندا، پانتاییەکی زۆر و گەورەی جوغرافیای ئێران پێوەندیی بەو گەلەوە هەیە؛ میللەتێکی ڕووناکبیر و نەتەوەیەکی تێکۆشەرە. لە تەواوی مێژووی ئێراندا گەلی کورد بۆ وەدەستخستنی مافەکانی لە تێکۆشاندا بووە و نەوەستاوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێران واقیعبینانە سیاسەتی کردووە. گوێ لە

قسەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بگرە و چاو لە سیاسەتی نووسراوی حیزبی دێموکرات بکە. گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەڕوونی ئەوەیە کە خەبات دەکەن لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا بۆ ئەوەی نیزامێکی دێموکراتیک بێتە ئاراوە و دێموکراسی تێیدا دەستەبەر بێ و کورد مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆی تێدا وەدەستبێنێ و مسۆگەری بکا. کە وایە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بە یەکەوە ئاسوودە و بەختەوەر بن، دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە ئێرانی داهاتوو وا دروست بکەنەوە، حکوومەتی ئێران حکوومەتی هەموو پێکهاتەکانی وڵات بێت. سروشتییە لە حاڵەتێکی وادا کورد بەشداری چالاکانە دەکا بۆ بنیاتنانی ئێرانی دێموکراتیک و خەڵکی خۆشبژیو؛ بەڵام ئەگەر بە هەر هۆیەک ئەوە نەیەتە دی، ، سروشتییە کورد کە بەدرێژایی مێژووی بۆ مافەکانی خۆی تێکۆشاوە و ڕووبارێک خوێنی داوە و ئەزموونی بەربەرەکانی لەگەڵ دوو ڕێژیمی ناوەندگەرای پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی هەیە، خەباتی خۆی درێژە پێ دەدا هەتا مافەکانی دەستەبەر دەبن.

**شەماڵ تەرغیبی**: **پێوەندیی نێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێستای ئێران چەند بەهێز و توکمە و شوێندانەرە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێران، لەسەر بەهێزیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی؟**

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەشێکی زۆری نەتەوە یان پێکهاتەکانی ئێران "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ"ی پێک هێناوە، لەبەر ئەوەی دەزانین خەڵکی ئێران یەک نەتەوە یان یەک میللەت نییە، بەڵکوو پێکهاتەی جیاوازن. ئەو وڵاتەش دەبێ وا پێناسە بکرێ کە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. نەتەوەکانیش مافی جیاوازیان هەیە، ویستی جیاوازیان هەیە، فەرهەنگ و کولتووری جیاوازیشیان هەیە؛ سروشتییە ئەرک و بەرپرسایەتی بۆ دروستکردن و پێڕاگەیشتن بەو وڵاتەش لە سەرشانی هەموویانە. ئەوەش تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەکرێ کە لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ئەو جۆراوجۆرییانە هەموویان جێگیر بکرێن. سروشتییە ئەرک و فەرمانیش بۆ هەموو پێکهاتەکان دەبێ دیاری بکرێت. چەند جارێک کە لە وڵاتی ئێران یاسای بنەڕەتی نووسراوە، چ لە زەمانی پەهلەویدا و چ لە کۆماری ئیسلامیدا، یاساکە نیزامی حاکم لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی زاڵ دایرشتووە. ئەگەر تا ڕادەیەک هێندێک خاڵی ئەرینی تێدا هاتبێت، بەڵام بە کردەوە نیزامی حاکم پێی پابەند نەبووە. هەر بۆیە وەک بەرێزت ئاماژەت پێدا هەموو پێکهاتەکان و نەتەوەکانی ئێران دەبێ بە یەکەوە هاوکار و هاوخەبات بن. مافی یەکتر بە فەرمی بناسن کە ئەوە دەتوانێ ئومێدمان پێ بدات بۆ نیزامێکی دێموکراتیک و سەقامگیر.

هەر ئێستاش دەرک بەوە دەکەین کە لەو چوار مانگەدا گۆڕانێکی باش دروست بووە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری خۆپێشاندانی ئێرانییەکان لە ستراسبۆرگی فەڕانسە بکەین، دەبیندرێ کە ئێرانییەکان بە ئاڵا و لۆگۆی جیاواز بەشداری خۆپێشاندانیان

کردووە بۆ یەک مەبەست واتە ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی و ئەوە پەیامێکی باشە کە دەسکەوتی شۆڕشی ژینا بووە.

**شەماڵ تەرغیبی**: لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئێمە یادی دووی ڕێبەندان و ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانمان بەرز ڕاگرت، یەکێک لەو نموودە بەرچاوانەی کە لە مێژوودا دەیخوێنینەوە و لە کۆماری کوردستانە بەرجەستە بووە تۆخکردنی پرسی ژنان و مەیداندان بەوان بووە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. پێتان وایە شۆڕشی ژینا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئیلهامی لە کۆماری کوردستان و بنەما فکری و کردەییەکانی شەخسی پێشەوا قازی وەرگرتووە؟

ئەگەر سەیری مێژوو و کولتووری کورد بکەین، دەبینین ژن لە کۆنەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشدا نەخشی هەبووە. لە دەورانی کۆماری کوردستاندا پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بە فەرمی ژنانی هێنایە نێو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لەو کاتەوە بەشداری ژن لە نێو ڕێکخراو و حیزب و تەنانەت هێزی نیزامی پێشمەرگەشدا نەخشی دیار و پڕ ڕەنگی هەبووە. لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕوونی هاتووە کە ژن لە کۆمەڵگەدا یەکسانە لەگەڵ پیاو و هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاودا دانەندراوە. لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبیشدا کە ماف و ئەرک بۆ ئەندام دیاری کراوە، جیاوازی دانەندراوە بەڵکوو بۆ ئەوەی بەشداری ژنان کاریگەرتر بێ، هێندێک ڕێکاری باش دیاری کراوە هەتا ژن ئاسانتر بتوانێ لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریی حیزبیدا جێگە بگرێ. شۆڕشی ژیناش گۆڕانێکی نەوعی لە نەخش و دەوری ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خەبات و تێکۆشانی بە ئێمە نیشان دا، بە ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خۆیان و نرخدان و تێچووی قورس شوێندانەرتر بوون. هەر ئەوەش وای کرد کە کۆمەڵگەی ئێران زیاتر بجووڵێ و دنیای دەرەوەش بە ئاگاداربوون لە خەبات و دەوری ژنان زۆرتر بایەخ و گرینگییان بە شۆڕشی ژینا دا و پشتگیریان کرد و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ئیدانە کرد. بۆیە ئەو گۆڕانە نەوعییە پێویستە لە هەموو بەشەکانی ژیاندا لە بنەماڵە، لەکۆمەڵگە و بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی بە خوێندنەوەی نوێ لە نەخش و دەوری ژن بڕوانێ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێکهێنانی نیزامی دێموکراتیک لە داهاتووی ئێراندا نەخشی ژن پڕ ڕەنگتر بکا. دڵنیام ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی لە هەموو بوارەکان لەو پۆتانسیێلە بەهێزەی ژن یارمەتی وەربگرێ، داهاتووی ڕوونتر لە پێش کۆمەڵگەی ئێران دایە. ئەگەریش ئەوە نەکرێ، سروشتییە ژنان لە خەبات بەردەوام دەبن تا جێگە و کاریگەری خۆیان لە بنەماڵە، کۆمەڵگە و بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر دەکەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: ئێوە وەک خۆتان چۆن دەڕواننە داهاتووی ئەم شۆڕشە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوە سێهەم جارە لە دەورانی شۆڕشی ژینادا ئەو پرسیارە لەمن دەکرێ. ئەوەی ڕاست بێت ئەمن زۆری پێ دڵخۆش و ئومیدەوارم. ئەوەش لەخۆڕا نییە.

**یەکەم**: ڕێژیمی ئێران وەک ڕێژیمێکی نابەرپرس بە گشتی بۆ خەڵکی ئێران ناسراوە، تەنانەت لە نێو دامودەزگاکانی ڕێژیمیشدا ئەوە هەستی پێ دەکرێ.

**دووهەم**: دەستوەردانی ڕێژیمی ئێران لە کاروباری حکومەتان و گەلانی دیکە زۆر ئاشکرایە، ئەوەش ناوچەکەی تەواو نائەمن کردووە. تەنانەت لەئێستادا ڕێژیمی ئێران بەرژەوەندی و ئاسایشی جیهانیشی بە شێوەیەک لە شێوەکان خستۆتە مەترسییەوە.

**سێهەم**: خەڵکی ئێران کە بە دژی ڕێژیمی ئێران ڕاپەڕیوە، دونیای دەرەوە بە گشتی پشتگیری خواستی خەڵک دەکات و جینایەتەکانی ڕێژیم مەحکووم دەکەن و بە شێوەی جۆراوجۆر پشتگیری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دەکەن و ئەوە لە نێو دەوڵەتانیش هەستی پێ دەکرێ و ئەوەش چالێنجی گەورەی بۆ ڕێژیم دروست کردوە.

**چوارەم**: کێشە و قەیران لە وڵاتی ئێران ئەوەندە زۆر و گشتگیرە، حکومەت لە توانایدا نییە چارەسەریان بکات؛ لەکۆتاییدا خەڵکی وڵاتی ئێران لێبڕاون تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە خەبات درێژە دەدەن.

**پێنجەم**: ئەوەی ڕۆژێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگی باڵ بەسەر خەباتی دیاری خەڵک دادەکێشێ بە هیچ شێوەیەک وەک مۆرەکانی ڕێژیم دەڵێن بە مانای تەواو بوونی شۆڕشەکە نییە. من پێمwایە شۆڕشی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کاتێک کۆتایی دێت کە ئەو ڕێژیمە کۆتایی پێ هاتبێ و لە ڕوانگەی خۆمەوە ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە.

**شەماڵ تەرغیبی**: کەواتە پێتان وایە ئیحتماڵی لە ئەزەر دەگرن کە سیناریۆیەک هاوشێوەی شۆڕشی ٥٧ جارێکی دیکە ڕوو بداتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: خەڵکی وڵاتی ئێران بە گشتی لە خەبات و تێکۆشانی نێوخۆیدا ئەزموونیان زۆرە؛ ئەگەر شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە نموونە بێنینەوە، بە یەک ڕۆژ خەڵک نەهاتە سەرشەقام وهەتا کارەکە تەواو بکات؛ بەڵکوو ساڵی ١٣٥٦ لە قوم خەڵک هاتە سەرشەقام و ناڕەزایەتی دروست بوو و وابزانم سێ کەس کوژران و لە چلەی ئەوان لە تەورێز دیسان خەڵک هاتە سەر شەقام و ئەوە درێژەی هەبوو زیاتر لە نۆ هەتا دە مانگی کێشا تا شۆڕش سەرکەوت.

من پێموایە ئەو سێناریۆیە دەکرێ بۆ درێژەی خەباتی خەڵک ئەو جارەش دووپات بێتەوە و بە بەردەوامی خەڵک لە خەبات و تێکۆشاندا لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە وەلا دەنێین بەڵام هیوادارم سێناریۆی دووهەمیان ئەنجامی ئەو شۆڕشە وەک شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی بەسەر نەیەت و بە هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتێکی دێموکراتیکی خەڵکی کۆتایی بێت کە خەڵک تێیدا

بە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بگەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: کاک مستەفا لە کۆتاییدا ئەگەر سەرنج یان قسەیەکی نەگوتراوتان مابێت.

**مستەفا مەولوودی**: هیوادارم شۆڕشی ژینا هەرچی زووتر بە تێچووی کەمتر سەرکەوێ و گەلانی ئێران لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا بە یەکەوە بحەسێنەوە. من ئەو توانا و پوتانسێڵە لە ئێرانیاندا دەبینم کە بتوانن بە یەکەوە نیزامێکی دێموکراتیک بهێننە ئاراوە و پێوەندییەکی باش لەنێو خۆیاندا دروست بکەن و ئێرانی داهاتوو بۆ هەموو ئێرانییەک بکەن بە وڵاتێکی ئەمن و ئاسوودە و بە بەختەوەری تێیدا بژین.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# سەردەمی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەت لەئێران!



**ئاوڕدانەوەیەک لەڕاپەڕینی خەڵک و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆریەتێک لەئێراندا!**

**عبدولڕەحمان گەورکی**

**خەڵکی ئێران چوارەمین مانگی راپەڕینیان تێپەڕاند. کۆدەنگی بیروڕای گشتی ئەوەیە کەدەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینی بەرەو کۆتاییدایە! ئێستا لەڕێڕەوی بەرەوپێشەوەچوونی راپەڕینی گەل، مشتومڕی گەرمی رۆژ لەسەر پرسی «ئەڵتەرناتیڤ»ی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتە. بەڵام سەرباری ئەم پێشکەوتنە گرنگە، هێشتا هەندێک شت ماون بۆ باسکردن و بیرکردنەوەو بڕیاردان. چونکە قۆناغی دووەم، واتە «ئەڵتەرناتیڤ»، کاتێک دێتە ئاراوەو وەڵام وەردەگرێتەوە کە «کەلێنەکان» پڕکرابێتنەوە لەپەیوەندی لەگەڵ رووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریداو هەموو رێگاکان بەسەر گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆرییەت داخرابن.**

**دەسەڵاتی دیکتاتۆریی مەزهەبیی ویلایەتی فەقیهی بەو کارنامە رەشەی هەیەتی لەهەمبەر مافەکانی خەڵکی ئێران، نەک هەر بەئاسانی مل بە «ڕووخاندن» نادات، بەڵکو دەستبەرداری هیچ پیلانگێڕییەک نابێت بۆ مانەوەی لەدەسەڵات. هەوڵدەدات بە «دەمامک»ی جیاوازەوە و بەفێڵ و هەڕەشەکردن بەر بەڕاپەڕینی گەل بگرێت کەهەنگاو بەرەوپێشەوە نەنێت**

و نەچێتە قۆناغی دووەمەوە.

«ریفۆرمخوازی» و داتاشینی «ئۆپۆزسیۆن» دەمامکگەلێکن کەئێستایشی لەگەڵدا بێت دەسەڵاتی دیکتاتۆر بەکاریدەهێنێت دژ بەخەڵکی ئێران و نەیارانی دەسەڵات. یەکێکیان لە «ناوەوەی دەسەڵات» و ئەویتریان لە «دەرەوەی دەسەڵات». دەسەڵاتی دیکتاتۆر جگە لەسەرکوتکردن و کوشتار لەناوخۆی ئێران، هەوڵدەدات کەش و هەواکە تەمومژاوی بکات و «سەر» و «جەستە» لێک جیابکاتەوەو هێزە رەسەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە سەرچاوەی سەرەکیی بۆ «ئەڵتەرناتیڤی دیموکراتی»، بەشەیتان بکات و سیمای راستەقینەیان بشێوێنێت و جێگەو پێگەیان پێ لەق بکات و بیانخاتە پەراوێزەوە!

لەراپەرینی جەماوەری ساڵی ٢٠١٧دا دەمامکی «ریفۆرمخوازی» لەسەر رووخساری دەسەڵاتی دیکتاتۆر لابراو دیکتاتۆر ناچار بوو «ئیبراهیم رەئیسی» بخاتەسەر کورسی سەرۆکایەتیی کۆمار. لەراپەرینی جەماوەری ساڵی ٢٠١٩دا دەمامکێکی دیکە لەسەر رووخساری دیکتاتۆر لادراو لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە، (بەدیلی دەستکرد)ی زلهێزە دەرەکییەکان، کەخۆی وەک «نەیاری دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینی»دەردەخست، بەتایبەت پاشماوەکانی دەسەڵاتی رووخێندراوی حەمەرەزاشای دیکتاتۆر... ریسوا کرا. چونکە بەپێی زۆرێک زانیاریی حاشاهەڵنەگر، ئەو دوو جۆرە دیکتاتۆرییە هاوبیرو هاوکردارن لەسەر پێشێلکردنی ئازادییەکان و پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی ئێران و لەئەنجامدا بەتاڵانبردن و کوشتارکردنی خەڵک. ئەزموونێکی پڕ لەئازارە کەئێستا خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی مەزهەبیی بڕووخێنن، دەبێ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پێشوو لەزبڵدانی مێژوودا بهێڵنەوەو هاوتەریب لەگەڵ شەڕی دژ بەدەسەڵاتی دیکتاتۆریی مەزهەبی، نەهێڵن پاشماوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پێشوو بێن بەهانای دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینییەوە!

هەردوو رەوتی دیکتاتۆری وا خۆیان نیشاندەدەن کە خەڵک دەبێت یەکێک لەدوو بژاردەیە قبووڵ بکەن: «دیکتاتۆریی پاشایەتی» یان «دیکتاتۆریی ئایینی». بۆ ئەم مەبەستە بەهەموو جۆرە فێڵ و دەمامکێکەوە دیمەنەکە هێندە ناڕوون دەکەن کە بەشێواندنی بەهاو کولتووورە رەسەنەکانی گەل، دەیانەوێت پرۆسەی راپەڕین «خاو» بکەنەوەو ئەگەریش بتوانن راپەڕین بە»لارێدا» بەرن و «کپ»ی بکەن و دووبارە خەڵکی ئێران بێبەش بکەن لەگەیشتن بەدەسەڵاتێکی نیشتمانی و جەماوەری و دیموکراتی. هەربۆیە بەئەزموون سەلمێنراوە کە رەوتە دیکتاتۆرییەکان هەمیشە تەواوکەرو یارمەتیدەری یەکتر بوون و لەلایەن رەوتە کۆلۆنیالیزمەکانیشەوە پشتیوانی و بەهێز کراون!

هەرچەندە لەسەرەتای مانگی پێنجی راپەڕینی جەماوەریدا، دیمەنی راستەقینەی راپەڕینی خەڵکی ئێران لەهەموو کاتێک زیاتر «شەفاف»ترو دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی گۆشەگیرتر، هێزە هەلپەرستەکان ریسواکراون، بەڵام دۆخی سیاسی هێشتا

«ناسەقامگیر»ەو پڕە لەشەپۆلی جۆراوجۆری پلان و بەرنامە کە «شوێن پێ»ی دیکتاتۆرییەت لەبەردەمیاندا هەستی پێدەکرێت.

گومانی تێدا نییە کەئاسۆ روونترە لەوەی ئێستا دەبینرێت لەئێران. ئەو هێزانەی «هەڵقوڵاوی گەل» و «دڵسۆزی گەل» نین، نامێنن. رەنگە هێشتا هەندێک دیمەنی سەرنجڕاکێش و هەندێکجاریش گاڵتەجاڕانەتر لەئارادا بن کە رووی نەدابێت. بەڵام ئەوەی لەکۆتاییدا دەمێنێتەوە، هێزی رەسەن و جەماوەری و دیموکراتییە. خەڵکی ئێران بڕیاری شۆڕشی داوە لەکۆمەڵگادا دژ بەدیکتاتۆرییەت و ئەمکارەش دەکەن و ناکشێنەوە. هێزی کورتبین و کورتخایەن و بێ رەگ و ریشە لەمەیدانەکە دووردەخرێنەوە! چونکە سەردەم، سەردەمی یەکلاییبوونەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکانەو زۆریش خێرایەو بێگومان راستییەکان رەحم بههیچ هێزو لایەنێک ناکات!

بەڕاستی ئایا دەکرێت بانگەوازی خەڵک بکرێت بۆ رووخاندنی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار، بەبێ «نکۆڵیکردن لەدیکتاتۆریەتێک لەڕابردوودا»؟ ئایا دەکرێت ئیدیعای سەرکردایەتی سیاسی راپەڕین بکرێت بەبێ هەبوونی «رێکخستن» و «دەزگای رێبەرایەتیکردنی راپەڕینی جەماوەری» و بەبێ «ئامادەبوون لەگۆڕەپانی راپەڕین» دا؟ ئایا دەکرێت بەبێ ئەوانە راپەڕین بپارێزێت لەپیلان و هێرش و هەڕەشەی دیکتاتۆرییەت؟ یان ئایا دەکرێت بانگەوازی خەڵک بکرێت بۆ رووخاندنی دیکتاتۆر بەبێ ئەوەی خۆت دەستەویەخەی دیکتاتۆرییەت نەبیت؟

نەخێر، هەرکەس و هەر لایەنێک کە لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە و تاسەر ئێسک دژ بەدیکتاتۆرییەت نەبێت لە رابردوو و ئێستاو داهاتوودا، ناتوانێت هەڵقوڵاوی گەل و لەخزمەت گەلدا بێت. سەردەمی هەلپەرستی کۆتایی هاتووە و دۆخەکە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ دواوە. رەوتی «بێ ریشە» و «هەلپەرستی» و «دیکتاتۆردۆستی»، کە بەئیدیعاو دروشمی جۆراوجۆرەوە، گۆڕەپانی راپەڕێن و شۆڕش نادیارو تەمومژاوی دەکەن بەسوودی دیکتاتۆرییەت، نەک هەر برینە قووڵەکانی خەڵکی ئێران سارێژ ناکەن، بەڵکو دەبنە بەشێک لەبرین و ئازارەکان خەڵکی ئێران!

لەکاتێکدا خوێنی خەڵک لەسەر شەقامەکانی ئێران دەچۆڕێت و دەڕژێت، داتاشینی ئەڵتەرناتیڤ، درووشمی لادەرانە، کردنەوەی میدیاو بەکارهێنانیان لەدژی «ئەڵتەرناتیڤی جەماوەری و دیموکراتی» جگە لەخزمەتی دیکتاتۆرییەت هیچی تر نەبوون و هیچی تریش نین. دیکتاتۆری دەسەڵاتداری ئێران بۆ مانەوەی لەدەسەڵات و پێشگرتن لەڕووخاندن، بەهاندان و هەڕەشەکردن و شێواندنی راستییەکان و سانسۆر لەدژی راپەڕینی گەل، هەوڵی راکێشانی خەڵکان دەدات بۆ ئەوەی دژی موقاوەمەتی رەسەنی خەڵکی ئێران هەڵوێست لەخۆیان نیشان بدەن. لەفێڵەکانی دیکتاتۆری دەسەڵاتدارو کرێگرتەکانی

دیکتـاتۆر ئەوەیە کە لەژێـر نـاوی «ئۆپۆزسیۆن!»، «ڕاپەڕینـی گەل بـێ سـەرکردایەتی»، «ڕاپەڕینکـاران بەتونـدوتیژ» بنوێنێت و داواکارییەکـانی پێشـووی خەڵـک لەجێـی «خواست و ویسـتی سـەرەکیی گەل» (واتـا ڕووخانـدنی دیکتـاتۆرییەت) دابنێـت و بەمجـۆرە ڕێگـری بکـات لەڕووخانـدنی دەسـەڵات و گەیشـتنی خەڵـک بەدەسـەڵاتێکی نیشـتمانی و جەمـاوەری و دیموکراتی.

بەخۆشییەوە خەڵکی ئێران ئێستا وریـان و بەپێچەوانەی ڕاپەڕینـی دژە پاشایەتی سـاڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)، زۆر بـاش دەزانـن (چییـان دەوێت) و بـۆچی ئامـادەنین گۆڕەپـانی ڕاپەڕیـن بەجێبهێڵن. ڕاپەڕینـی جەمـاوەری کاتێـک بەرز دەبێتەوە بـۆ ئاستی شۆڕش کە (بەدیلی ڕەواو جێ متمانە و دیموکراتی)، جێی ئەم دەسەڵاتە دیکتـاتۆرە بگرێتەوە. ئەگینـا هەروەک ڕاپەڕینـی دژە پاشـایەتیی سـاڵی ١٣٥٧، کەسـێکی وەک (خـومەینی) قـوت دەکـرێتەوە کە بەدزینـی دەسـتکەوتەکانی ڕاپەڕینـی گەل، دیکتاتۆرییەتێکی خراپتر بەسەر ئێران و خەڵکی ئێراندا بسەپێنێت.

خەڵکی ئێران خوازیاری ئازادی و دیموکراسی، وەدیهـاتنی مـافی شـارومەندی و شارستانییەت، بەدیهێنـانی مافەکـانی ژنـان و مـافی یەکسـانی ژنـان و پیـاوان، مـافە نەتەوەییەکـان، مـافی ئـایین و ئایینزاکـان، جیـابوونەوەی دیـن و ئـایین لەدەوڵەت (سکۆلاریزم) ، فرەچەشنی (پلۆرالیزم) و پێکەوەژیانی ئاشتیانەن لەنـاوەوەو دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و هەروەهـا ئاشتی لەگەڵ وڵاتـان و بەتـایبەت وڵاتـانی دراوسێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

---

## ئورووپا پێویستیی بە ستراتیژییەکی نوێ لە هەمبەر ئێران هەیە




و: کەماڵ حەسەنپوور

ساڵی نوێ لە ئێران وەک چۆن ئەوەی پێشوو کۆتایی هات، دەستی پێ کرد: بە ئێعدام. ٢٠٢٣ قەرارە لە ٢٠٢٢ دەرئەنجامانەتر بێ، کە هەر ئێستا بناغەی کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە هەژان. کاتی ئەوە هاتووە ئورووپا لە وەڵامدا ڕەوتی خۆی بگۆڕێ.

دوو پیاو کە لە دادگاییەکی ساختەدا بە کوشتنی ئەندامێکی بەسیج لە کاتی خۆپیشاندانەکانی کەرەج لە نزیک تاران -دوو مانگ پێشتر- تاوانبار کرابوون، لە ٧ی جانیوەری ٢٠٢٣ هەڵواسران. محەممەد مەهدی کەرەمی و محەممەد حوسێنی، قارەمانێکی کاراتە و ڕاهێنەرێکی خۆبەخشی منداڵان، هەردوو، بوونە هاوچارەنووسی موحسین شکاری و مەجید ڕەزا ڕەهنەوەرد، کە لە دێسەمبەری ٢٠٢٢ بە تاوانی هاوشێوە هەڵواسرابوون.

ئامانجی کوشتنی تۆڵەئەستێنانەی ڕێگاپێدراو لەلایەن دەوڵەتەوە ڕوونە: چاوترسێنکردنی نارازییان بۆ ملکەچی و، ئەگەرچی خۆپیشاندانەکان بەهۆی سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیم کەمیان کردووە، ناکرێ کات بۆ دواوە بگەڕێندرێتەوە. ئەوەی نارووونە ئەوەیە کە ئاخۆ وڵات ئاڵوگۆڕی ئەرێنی ئەزموون دەکات کە خەڵک هاواریان دەکرد و گیانیان بۆ دەبەخشی، یان

تەنانەت نارەزایەتی زۆرتر ڕوو دەدەن؟

سێ هەواڵی چەند ڕۆژی ڕابردوو پێشان دەدەن چ شتێک هەر ئێستا لە ئێران گۆڕاوە و بۆچی ئەوە پەیوەندیی بە ئورووپا و باقی دنیاوە هەیە.

**یەکەم**. لە ڕێبەری گەورە عەلی خامنەییەوە گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی ژنان نابێ لەبەر دانەپۆشینی قژ، بەو شێوەیە کە بڕیارەکانی ئایینی و یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەخوازن، پەراوێز بخرێن. ئەوە تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێبەرانی ئێران چەندە لە خەڵکی خۆیان دابڕاون: پاش چوار مانگ سەرهەڵدان کە هۆیەکەی کوشتنی مەهسا - ژینا - ئەمینی لەبەر ئەوەی ئێستا خامنەیی بە "حیجابی لاواز" ناوی دەبا، ئەو ددانپێدانانە دڵخوازە. بەڵام خۆپیشاندەران دەمێکە لە پرسی کۆدی جلوبەرگ و هەڵاواردنی لێبڕاوانەی ژنان تێپەڕ بوون و داوای ئازادییە بنەڕەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ دەکەن. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەوانە بەو چاکسازییانە دەستەبەر نابن کە دەمێکە لە کۆماری ئیسلامیدا حاشایان لێ دەکرێ، بەڵکوو تەنیا بە گۆڕینی سیستەم. دەڵێی خامنەیی ویستوویەتی ئەو ڕاسییە پشتڕاست بکاتەوە، بۆیە بناژۆخوازێکی دیکەی وەک فەرماندەی هێزی پۆلیسی وڵات دەستنیشان کردووە.

**دووهەم**. هەواڵی ئێعدامێکی دیکە بڵاو بۆتەوە، ئەمجارەیان هی جێگری پێشووی وەزیری بەرگری کە بە سیخوڕی بۆ دامودەزگای هەواڵگریی بریتانیا (MI6) تاوانبار کراوە. عەلیڕەزا ئەکبەری، کە هاووڵاتیی دووانەی ئێرانی-بریتانیایی هەبوو، لە ٢٠١٩ دەستبەسەر کرابوو، بەڵام ئەمجار بە سیخوڕی تاوانبار کرا و ماوەیەکی کورت دواتر ئێعدام کرا. لە کاتێکدا کە ئەوە بەتایبەتی گاڵتەجاڕانە دێتە بەرچاو کە ئێستا ڕێژیم خەڵکی خۆی دەکوژێ، حوکمە چاوەڕوان نەکراوەکە ڕەنگبێ ئاماژە بە شەڕی دەسەڵات لەنێو ئێلیتی دەسەڵاتداریش بێ. چەند کەس لە نێوخۆوە لەو چەند حەوتووی دواییدا دەلیلیان بۆ چاکسازیی نێوەرۆکدارتر بۆ چارەسەری نارەزایەتییەکانی خۆپیشاندەران هێناونەوە، لە نێویاندا سەرۆکی پێشووی پارلەمان، عەلی لاریجانی، جێگرەوەکەی باقر قالیباف و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی عەلی شەمخانی. لە ماوەی ژیانی کاریدا، ئەکبەری پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هەرسێکیان هەبووە، کەوابوو هێندێک چاودێر ئەو سزادانە وەک هەڕەشەیەکی بچووکی خشکەیی بۆ ئەو سێ کەسایەتییەی باڵادەستی خاوەندەسەڵات سەیر دەکەن.

لە کۆتاییدا، پشتیوانیی ئێران لە ڕووسیە دژی ئۆکراین وێدەچێ پێ بنێتە نێو برگەیەکی نوێوە، بێتوو هەواڵەکان لەمەڕ پلانی ناوەندی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، لە شاری تۆلیاتی لە خۆراوای ڕووسیە پشتڕاست بکرێتەوە. ئەوە

شەرمەزارییەکی بەرچاوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان وەک بەرپرسی سەرەکیی جێبەجێکردنی گەمارۆکان، کە ئەو درۆنە هێرشبەرانەی بەسەر شارەکانی ئوکرایندا دەبارێن، ڕێژەیەکی بەرچاو لە پارچەکانیان بەرهەمی کۆمپانیای ئەمریکایین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەگەرچی لە یەکەمین ساڵرۆژی شەڕی ئوکراین نزیک دەبینەوە و هێشتا کۆتایی جەنگەکە لە ئاسۆ دیار نییە، کۆتایی گەمارۆی چەکوچۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران، لە ئۆکتۆبری ۲۰۲۳، لەناکاو لە ئاسۆی سیاسەتوانان سەر هەڵدەدا. بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێککەوتنی ناوکی ۲۰۱۵ دا هاتووە، لە ئوکتۆبرەوە بەولاوە تاران هەمدیس ئیزنی هەناردەکردنی هاژەکی بالیستیکی کورتمەودای پێ دەدەرێ. بێتوو دۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەت، وێدەچێ مۆسکۆ یەکەم کڕیاری ئێران بێ.

لەو ڕوانگەیەوە، ئاکامی کێشمەکێشی نێوخۆیی ئێران و هەروەها هەڵوێستی ڕێژیم لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیە دەتوانێ ئاسەواری جیددیی بۆ سەر ئاکامی جەنگ لە ئوکراین هەبێ. ئاخۆ پێش کۆتاییهاتنی گەمارۆی نەتەوە یەکگرتووەکان، خۆراوا زەختی دەخرێتە سەر تا بۆ گەیشتن بە ئاکامی دڵخواز تانکی شەڕکەر بدا بە کییەڤ؟ بە پێچەوانە، ئاخۆ تا هاوین زەخت دەخرێتە سەر ئوکراینییەکان تا ڕەزامەندی بدەن ئاگربڕ بکرێ تا پێش بە پەرەئەستاندنی گرژییەکان بگیرێت؟ ئاخۆ ئیسرائیل بە دەوڵەتە دەستە ڕاستییە توندڕەوەکەی کە وەسوەسەی ئێرانی هەیە، لە کۆتاییدا مل دەدا و سیستەمی بەرگریی خەڵاتکراوی - گومبەزی ئاسنین - دەدا بە ئوکراین؟

گەشەکردنەکان بەو شێوەیەن، لە نێوخۆی ڕێژیم و هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشە نێونەتەوەییەکان، کە گۆڕەپانەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرفراوانتر دەگەڵ ئێران لە ئەمساڵدا دیاری دەکەن. ئەوان تەنیا بە گەشەکردنە بەردەوام، بەڵام نهێنییەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە زیاد دەبن، کە مەترسییەکەی بەرچاوی بڵاوکردنەوەی ناوکین کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هەر دێتوو کەمتر دەتوانێ چاودێریی بکات. لە کاتێکدا کە هەواڵەکان لەمەڕ سەرهەڵدان کەمتر دەبنە مانشێتی هەواڵدەرییەکان و تەنانەت ئێعدامەکانیش تەنیا دەبنە هۆی تووڕەیی کورتخایەن لە سەرانسەری دنیا، ئەم ڕووداوانەی ژێرەوە بۆ چاودێریکردن گرینگن.

دوای ساڵانێکی زۆر کە تەنیا جەخت لەسەر هەڕەشەی ناوکی لە لایەن ئێران دەکرایەوە، و ئێستا چەند مانگ هەوڵی ناهومێدانە بۆ وەڵامدانەوە هەم بە بوێریی ئەوانەی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ناڕەزایەتی دەردەبڕن و هەروەها سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیم، یەکیەتیی ئورووپا دەبێ لە کۆتاییدا ڕێبازێکی هەمەلایەنە بۆ ئێران و ناوچەکە بدۆزێتەوە.

ئاکامی ڕووداوەکان لە ئێران دەتوانن باش، خراپ یان ناشیرین بن. تەنیا شتێکی جێگای متمانە ئەوەیە کە ستراتێژیی دوێنێ بەکەڵک نایەت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٣ی زایینی

---

